# شانۆكار

گۆڤارێكی شانۆییه، شانۆی ئەزموونگەری كەركوك دەری دەكات

ژماره (٤) ی ٢٠٠٨

خاوەنی ئیمتیاز

تیپی شانۆی ئەزموونگەری

كەركوك

سەرنووسەر

نیهاد جامی

دەستەی نووسەران

كاردۆ

فریاد ئەحمەد

شكۆ عومەر

بەشدارانی ئەم ژمارەیە

شەماڵ عومەر

د. منصور نعمان

میدیا ڕەئوف بێگەرد

بشار علیوی

فاطمة الشيدي


shanokar@hotmail.com
shanokar@maktoob.com
nihad_jami@yahoo.com


تەواوی ژمارەكانی شانۆكار لەڕێگەی ئەم ئەدرەسەوە بخوێنەوە:

www.dengekan.com/shanokar.htm

# ماڵپەڕێکی شانۆیی
# پڕۆژەیەکی ئەزموونکاریتر بۆ توێژینەوەو گەڕان

بەڵێنێك کە بەخۆمانمان داوە ئەویش سووربوونە لەسەر تەواوی پڕۆژە ئەزموونکاریەکان لەهەردوو ئاستی تیۆریی و پراکتیکی لەبواری توێژینەوەی شانۆی ئەزموونگەری، خەونەکانمان پانتاییەکی فروانیان هەیە کەچی توانا داراییەکان و نەبوونی دەرفەت و بارودۆخە ترسناکەکەی شارەکەمان دەبێتە بەربەست بەلاّم نابێتە هۆی ئەوەی کارەکان بووەستیٚ، دوورکەوتنەوەی هەر شانۆکارێك لە بزووتنەوە شانۆییەکەمان بە زیانێکی گەورەی دەزانین بۆ سەر جەستەی شانۆکەمان، بەتایبەت ئەوانەی کاریگەریان لەسەر بزووتنەوەی شانۆی ئەزموونگەری هەیە، ئەو هاوڕێیانەی بارودۆخە ترسناکەکەی کەرکوك لەیەکی کردین یا ئەو ترسە دەروونیەی هەڕەشە لەبوونمان دەکات وای کردووە کارەکان جۆرێك سستی بەخۆیەوە ببینێت، بەتایبەت لەبواری پراکتیکیدا، ئەگەرچی ئێمە بۆ وەرگرتنی مۆڵەتی ڕەسمیش لەسەرەتای نیسانی ٢٠٠٨ تاکو ئێستا بودجەیەکمان نیە بۆ ئەوەی کارەکانمان ڕاپەڕێنین، هیوامان وایە لەگەڵ ئەو بەڵێنانەی پێمان دراوە ساڵی نویٚ بودجەیەکمان بۆ دەست نیشان بکرێت تاوەکو دەست بە کارە پراکتیکیەکانمان بکەینەوە، هەر لەسەرەتای ساڵی نوێش گۆڕانێك لە گۆڤارەکەمان ڕووی داوە بەمەبەستی بینینی شانۆکار وەك گۆڤارێکی ئەلکترۆنی کە بتوانین لەڕێگەی ئەنتەرنێتەوە بیخەینە بەردەستی شانۆکارانی کورد بۆ ئەوەی ببینە پردی پەڕینەوەی شانۆکاری کورد لەهەر شوێنێك بێت، بەهۆی نەبوونی توانایەك بۆ ماڵپەڕێکی سەربەخۆ لەئێستادا لەڕێگەی ئەم لینکەی ڕۆژنامەی ئەلکترۆنی دەنگەکان شانۆکار بلاّو دەبێتەوە، (www.dengekan.com/shanokar.htm) سوپاس وخۆشەویستی زۆرمان بۆ دەنگەکان کە بەتەنگ ئەو پڕۆژەیەی ئێمە هاتوون بۆئەوەی بەربەست نەکەوێتە پێش کارەکانمان، ئێمە جارێکیتر هەوڵی براوهاوڕێی ئازیزمان گۆران عەبدوللاّ بەرز سەیر دەکەین، لەوکاتەی تەواوی دام و دەزگاوناوەندە هونەریەکانی کوردستان خەمی شانۆیان بەخەمی خۆیان سەیر نەکردووە، ئەگەرچی بۆ داهاتوو هەوڵی بێووچان دەدەین بۆ کردنەوەی ماڵپەڕێکی شانۆیی تایبەت بە شانۆی ئەزموونگەری تاوەکو بەپێی ڕۆژەکان پڕۆژەی ماڵی شانۆ لەڕێگەی کەناڵەکانیەوە فراوان دەکەین، بەدوای دامەزراندنی تیپ و دەرچوونی گۆڤارەکە بوونی ماڵپەڕێکی شانۆیی بە کەناڵێکیتری جدی کارکردنمان دەزانین بۆیە لە ئێستادا بەجدی کار بۆ ئەو کەناڵە پڕ بایەخە دەکەین، ئومێد دەکەین چیتر نەبوونی بودجەیەك نەبێتە بەربەست لەپێش تواناکانی ئێمە، بەئومێدی ئەوەی ئیتر بتوانین شانۆکار لەوادەی خۆی دەربچێت، وەك چۆن لەیەك کاتدا لەسەر ئەنتەرنێت و لەسەر کاغەز بلاّو دەبێتەوە، ئەم ژمارەیەی ئێستاش کە دوو ژمارەیە پێشتر لەڕێگەی لاپەڕەی گۆڤارەکە لەنێت بلاّو بۆتەوەو لێرەدا لەبەرگێکدا چاپ کراوە، خوێنەران وشانۆکاران ئاگادار دەکەینەوە ژمارە (٦) مەلەفێك لەبارەی ئەزموونی یۆژینیۆ باربا بلاّو دەبێتەوە، هەروەها ژمارە (٧) مەلەفێك لە بارەی ئەزموونی شانۆی هەژاری گرۆتۆفسکی، بەئومێدی هاوکاری هەموو لایەکین، بۆ سەرخستنی ئەو پڕۆژەیە.

شانۆی ئەزموونگەری کەرکوك

# بونیادی وێنەیی و پێکهاتی شیعریی..
# لە پانتاییەکانی نوومایشتی شانۆییدا

شەماڵ عومەر



ئەگەر دەق ڕووبەرو پانتاییەکی سەربەخۆ بیٚ و دەسەڵاتی ووشە حوکمڕانی خۆی تێدا بکات، دیسانەوە ووشە جەمسەرێکی تر بێت بۆ بونیادنان و گەیاندنی گوتاری داهێنان، ئەوا لە بونیادی وێنەییدا زمانی گوتار پێکهاتەیەکی چڕو خەستی بینراوەو بارستە ئیمبراتۆری مەملەکەتی بۆشاییە. هەر ئەم بۆشاییەشە نرخی گەورە و سەخت بە بوونەوەرە ماددیەکانی پانتایی دەبەخشێت.

بۆشایی چڕ نرخی پێکهاتەی بینراو باڵاتر دەکات، تاریکی دەزوولە ڕەنگاڵەییەکان ڕەنگاڵەتر دەکات، سێبەر بەهای ئیستاتیکی بە هێل و بارستە دەبەخشێت، واتای نویٚ بە جەستە دەبەخشێت. نهێنی ئەفسووناویی پانتایەکانی شانۆ لەساتە هەرە ترسناکەکانی داهێناندا، بریتیە لە چۆنێتی ئاراستە کردن و داڕشتنەوەی بۆشایی، ئەمەش دیسانەوە لەبواری ئاراستەکردنی ڕەگەزە شانۆییەکانەوە دێتە دی. سەرەڕای ئەوەش کە هەندیٚ جار بۆشایی مەزنترین بارستەیە، هەروەك چۆن هەندێك جار بێدەنگی مەزنترین دەنگە. کێشەی داهێنان لەهەناوی ئەو پەیوەندیەدا خۆی حەشار داوە، کە دەرهێنەر دەبەستێتەوە بەو پانتاییە دەلالیەی کەهەردەم لەبارە بۆ سەرپێچی کردنە دژ بە ئاسایی و هەموو جۆرێتیەوە. پانتاییە دەلالیەکانیش پێکهاتنی ڕەگەزە جیاوازەکان و یەکگرتنیانە لەکردەیەکی بەیەکداچووی ئۆرگانی و ئیستاتیکیدا.

نومایشتی شانۆیی هەیکەلێکی بونیاتگەرییە وهەر بارستەیەك تیایدا هێمایەکی دەلالیە، سەرجەمی ئەو هێمایانەش جەستەی نمایش پێك دێنن، کردەی دەرهێنان لەم تێڕوانینەوە بەهای پێکهاتن و داڕشتنەوەی ئەو شکل و جەستانەیە لەیەکەیەکی وێنەیی ئاڵۆز وبینراودا کە بەپێی پێویست دەبێتە هۆی پێکهێنانی نومایشتی شانۆیی. لەم ناوەندەدا، پرسیار، پرسیاری خوڵقێنەری شارستانیەت خۆی مەلاس داوە، ئایا هێماکان دوور لە مەدلولاتەکانیان بەرجەستە دەبن و لەبۆشاییدا گەردوونێکیتر نادۆزنەوە؟ ئایا جەستە لەم گەردوونەدا بێلایەن و بێگوناهە؟ کە جەستە زیندوو بوو فەرمانەکانی ڕۆح بەڕێوە دەبات، کە جەستە بزوا ڕۆح پریشکی ئەبەدیەت دەپرژێنیٚ، هەر جەستەیە دەلالەتی ڕۆح ، ڕۆحی وێنە، ڕەنگ، هێل، جولە،

بەتەنها گرنگی نادرێت بە ڕەگەز یان بە گشت، بەڵکو گرنگی دەدرێتە سەرجەمی ئەو پەیوەندیە بەهێزانەی کە لەبۆشایدا درووست دەبێت، هەر بەو پێیەش کە گشتی هەر بونیادێکی نومایشت تەنیا ئەو سەرئەنجامەیە کەبەهۆی پەیوەندیەوە دەخوڵقێت.

گوتاری بۆشایی شیعریەتی خۆی لەوەدا بەدیار دەخات کە بەرەنجامی پڕۆسیسێکی ئاڵۆز و پێکهاتەییە تیایدا، هۆکار و ڕەگەزەکان موڵکیەتی خۆیان دەسەپێنن، کەواتە دامەزراندنی پێکهاتەی وێنەیی لەبۆشاییە سەختەکانەوە بونیادی شیعری بەدەست دەهێنێ و لەم نێوەندەدا جەستە یەکەمین هەنگاوی ئیستاتیکیانەی دەخەملێت. کە جەستەش هەنگاو بنێ، ئەوا گوتاری بۆشایی زەمەنە میتۆلۆژیەکەی دەکاتە مێژووی ئێستا و داهاتوو، ئەو مێژووەی کە "دەرهێنەرانی شانۆی کوردی" ڕووبەرێکیان لە پانتایی خەیاڵیاندا بۆ تەرخان نەکردووە، هەر ئەمەشە وای کردووە کە تێڕوانینی کاڵ و کرچ و ئاسایی ببێتە ئەبستیمی قۆناغەکە و پرسیارە گوریدەکان ببنە بەر قەرار ودژ بەهەناوی نەسرەوتی زەمەن بووەستنەوە.

بۆیە ووتاری باو بووەتە ووتاری دەسەڵات و لە پانتاییە تەسکەکانی پڕۆژەی شانۆی کوردیدا کەرنەڤاڵی بەرگریکردنی بۆ ساز بووە وهەوڵی بەگشتی کردنی دراوە. لەلایەکی دیکەشەوە دژ بەهەر جۆرە ووتارێکی نوێ وەستاونەتەوە کە لەساتێکدا هەوڵی خرۆشاندنی پرسیاری داهێنەرانەی دابێ یان ویستبێتی زەمینەیەك بۆ داهاتووی پڕۆژەکە برەخسێنێ کە خوڵقێنەری پرسیاری نوێ بێت.

گوتاری بۆشایی کودەتایە بەسەر زانراوو ویستراودا، هەڵتەکاندنی گوتاری باوە، ئەو گوتارە باوانەی کە مێژوویەکە بوونەتە مایەی جاڕس کردنی (کردەی بزاوتە) و دیسانەوە ئەبستیمی قۆناغەکەیان بە بازنەیی هێشتۆتەوە، ئەو ئەبستیمە بازنەییەی کە نابەخشێ و وەرناگرێت دەروازەی لەبەردەم جەستەدا کلۆم داوە.

بالاَ دەستی بۆشایی لەو ساتانەدایە کە دەبێتە بەرهەم و زادەی خەیاڵی دەرهێنەر، دەبێتە ئەو پانتاییانەی کە بۆشایی، دەکاتە جەمسەری یەکەمی هاوکێشە بالاَکەی گوتار، گوتاری نومایشت، کەواتە جەستەی نومایشت بونیادی وێنەیی و ڕۆحیش پێکهاتە شاعیریی و بینراوەکەی نومایشتە.

هەر لێرەوە ئەرکی گوتار لەژێر کەینونەی ووشەدا ئاڕاستە نابێت، بەڵکو هەڵوەشاندنی ووشەیە.. تەقاندنەوەیەتی.. کەرنەڤاڵی وێنەییە. هەر ئەمەشە بینەران لە هەڵچوونی ڕووکەش قووتار دەکات و بەرەو گەردوونێکی نوێ لەبۆشاییەکی نوێدا باڵیان پێ دەگرێت. بۆیە گوتاری بۆشایی ڕژێمێکە لە هێماکان و هەموو جەستەیەك کردارێکی دەلالی لەخۆوە دەگرێت، ئەم چالاکیە سیمیۆلۆژیەش لەو ڕژێمانەیە کە ئەرکی جەفەنگ و ئاماژەی جەستەی تیا بەدی دێت. ئەو ساتانەی گوتاری جەستەی تیا دەخوێنرێتەوە ئاماژە بۆ بونیادەکەی دەکرێت، مەسەلەکەش مادامەکی بونیادە، ئەوا سیستمێك لەخۆوە دەگرێت. دەست نیشان کردنی هەر سیستمێکیش ئاشکراکردنی ئەو بۆشاییە کە جەستە کاری تیا دەکات. لێرەوە خوێندنەوەی مەعریفی ئەرك پێکردنی ئەو پانتاییانەیە کە (بۆشایی و جەستە) جولە و سیستمی ناوەکی خۆیانی تیالا وەردەگرن. کەواتە یەکێك لەساتە هەرە گرنگەکانی (خوێندنەوە/ چارەسەرکردن) دیاریکردنی ئەو ڕەوت و جولەییە کە لەنێو بونیاددا کار دەکات، کەواتە

١- بونیادی وێنە بەتەنیا ئەو هەیکەل و نەخشە گشتیە نیە کەسەرجەمی ڕەگەزەکان دەبەستێتەوە، بەڵکو ئەو سیستەمەشە کە پێکهاتنی ناوەکی بونیادەکە دیاری دەکات

٢- ئەو پەیوەندیە ئاشکرایانەی بەستنەوەی ڕەگەزەکان (جولە/ ڕەنگ/ هێل/ سێبەر/ هتد) بەدی دەهێنن، کەمدەستن لەوەی بەتەنیا بمانگەیەنێتە سەرەنجام، بەڵکو شان بە شانی ئەمەش دۆزینەوەی ئەو ڕەوتەیە کە جولەی نێو بونیادەکەی تیا کار دەکات. ٣- لەگوتاری نمایشدا

جەستە لەبواریەوە خۆی ئاراستە دەکات و مانا و واتای نوێ وەردەگرێ و لەسەر ئاستە قووڵەکان خوێندنەوە بە جەستەیەکی تر و لە بۆشاییەکی تردا. ئا ئەمە ئەو



ئەنجام دەدات. خوێندنەوە بۆ بوون "پانتاییە سۆسیۆلۆژیەکان"خوێندنەوە بۆ ناوەوەی خۆی و بە ئاراستەی دەرەوەش. هەر لێرەدا ولەم پانتاییەدا زەمەنی میتۆلۆژی خانە ڕاستەقینەکانی خۆی دەپێکێ و لە مەملەکەتێکی بالاَ دەستا خەیالْ و خەونی ڕەنگاو ڕەنگ دەکاتە حوکمڕانی بۆشایی. هەر زەمەنی میتۆلۆژیە کە ڕەنگی نومایشت لە ئەویتر جودا دەکات،

خەونێك تیایدا لەخەونێکیتر ناچێت و مەملەکەتێکە چەندەها مەملەکەتیتر لەخۆیدا جێ دەکاتەوە و بەردەوامیش لەبونیاتنانی دەیەهای تردایە.

ئەبستیمی زەمەنی میتۆلۆژی ئەبستیمی گۆڕیدەیە، ئەو ساتانەن کە کردەی ڕووخاندن و لەقاندن و ڕامالًین دەکەنە بەرپرسیاری خۆیان، کەواتە هەر زەمەنی میتۆلۆژیەکە لەبۆشاییدا جەستە تێك دەشکێنێ و لەهەمان ساتدا لەبۆتەو ڕەوتێکی نوێدا بنیاتی دەنێتەوە، واتە "

هاوکێشە گۆڕیدە و سەختەیە وادەکات بەهەموو سەرقالْ بوویەکی شانۆیی نەووترێت دەرهێنەر و بەهەموو پیشان دانێکیش نەووترێت نومایشت. کەواتە بونیادی دەرهێنان پێکهێنانی بۆشاییە، دامەزراندنی جەستەیە.. خوێندنەوە و نووسینەوەی دەق و شوێن و کاتە. لەگوتاری بۆشاییدا جەستە چنراوێکە لەیەکەکانی سیمیۆلۆژی، ئەمەش دیسانەوە وا دەکات کە پەیوەندیەکان بە جۆرێکی تر دەرکەون. پەیوەندی دەرهێنەر بە "بۆشاییەوە بە بارستەوە بە دەقەوە" پەیوەندی ئەکتەر بە "دەرهێنەرەوە بە بینەرەوە بە دەقەوە" پەیوەندی نووسەر بە دەقەوە بە بۆشاییەوە بە دەرهێنەرەوە" باسکردن لەهەریەك لەم ڕیزکردنانە توێژینەوەی فراوانی دەوێت، کەواتە: "بونیادی بۆشایی ڕوویەکی تری شیعرە، بەلاّم شیعرێکە ڕۆح بەرجەستەیە و زەمەنیش دەبینرێت

# بیرۆکە لە دەقی درامیدا

د. منصور نعمان

ئەرستۆ لەکتێبە بەناوبانگەکەی (هونەری شیعر) بیرۆکەی بەیەکێ لەشەش ڕەگەزەکانی پێکهێنەری تراژیدیا داناوە، بەپلەی سێیەم دێت لەپاش هەردوو ڕەگەزی تانوپۆ (چنین) وکەسایەتی دێت، ئەرستۆ بەم شێوەیە پێناسەی بیرۆکە دەکات "توانای دەربڕینی ئەو شتانەی هەیە کە دەکرێ بگووترێ و گونجاوە" (١) یانی هیچ پەیوەندیەکی لەگەڵ کرۆکی بابەت و بارودۆخەکە نیە.

بەهەر حاڵ بیرۆکە لەگەڵ ڕەگەزەکانی تری دراما یەکانگیر دەبێ لە:- تان وپۆ (چنین) وکەسایەتی و دەیالۆگ و کەشی دەروونی گشتی، نووسەری درامی لەگۆشەی هۆشیاری خۆی و دیدی بۆ ژیان دایدەڕێژێ. باختین بەم شێوەیە پێناسەی بیرۆکە دەکات لەکاتێکدا ئەو کارەکانی ڕۆماننووسی ڕووسی دۆستۆفسکی شیدەکاتەوەو دەڵێ "بیرۆکە پوختەی هۆشیاری وبونیادنەری دەقە" (٢) چەندان جۆری تری ناولێنان هەیە بۆ بیرۆکە لەوانە "پرۆژە، بابەت، توێژینەوە، بیرۆکەی بنەڕەتی، بیرۆکەی ڕەگ و ڕیشە، ئامانج، مەبەست، هێزی پاڵنەر، پلان،گرێ، هەڵچوون، پرسیار" (٣). سەرنج دەدرێ کە تێکەڵی و پێکەڵیەك لەناو ووردی لەناولێنانی ڕاست و درووست بۆ بیرۆکە درووست دەبێ وناڕوونی وون بوونەکە دێتە بوون، لەناولێنانەکە هاتووە "بابەت ئەو بیرۆکەیە کە یەکیەتی بابەت دەداتە شانۆییەکە کە نووسەر ئامانجیەتی" (٤) ڕاستی ئەوەیە "ئەوەی شانۆگەری باسی دەکات ئەوە بابەتەکەیەتی یاتوێژینەوەکەیەتی، بەڵام مەبەستی خوازراو ئەوە بیرۆکەکەیەتی" (٥) بەهەرحاڵ هەندێ جۆری تری ناو هەیە لەوانە پێشەکی لۆژیك- تۆو بیرۆکەی دەسەڵاتدار، هەرچەندە ناوەکان زۆربن وجۆراوجۆر بن دەقی درامی لێی بێبەش نابێ، هەرچەندە نووسەر لەڕەگەزەکانیتر زیاتر گرنگی پێبدا، نووسەر لەبەها وگرنگی بیرۆکە وەردەگرێ ولەژێر کاریگەری بیرۆکە چەندین ڕستەو دەیالۆژ بونیاد دەنرێ.

بیرۆکەی سەرەکی دەیالۆگی گونجاو درووست دەکات لەتەك کەسایەتی و ڕووداو لەلایەکی دیکەوە، بۆیە بیرۆکە خۆراکی خۆی لەسەر چەند بیرۆچکەیەك درووست دەکا کە دیالۆگی کەسایەتیەکان لەکاتی ململانێیان و درووست بوونی پەیوەندیەکی نوێ لەبوارە گونجاوەکان بۆ بەرەو پێش بردنی ڕووداوەکان، تا دەگاتە بیرۆکەی سەرەکی دەق درووستی دەکات. بەم جۆرە ڕوانینێکی گشتگیر وفرەلایەن درووست دەبێ. نووسەر ئازادی ڕەهای هەیە بۆ داڕشتنی دەقەکەی بەشێوەیەکی ڕوون بیرۆکەی خۆی دەربڕێ. کەسایەتیەکان بونیاد دەنێ وڕێگەیان بۆخۆش دەکات تاکو هەڵوێستی خۆیان بەرامبەر بیرۆکەکە هەڵبژێرن جاهەر چۆنێك بێت، هاوڕابن یا دژە ڕابن، یاخود ڕاڕاو دوو دڵ بن و لەهەڵوێستی خۆیان جێگیر نەبن. دەنگی کەسایەتیەکان لەدەق و ململانێ و دژەڕای بەهێز وەك ڕەشەبا ڕەنگ دەداتەوە، بەڵام ململانێ هەر جۆرێك بێت هەڵوێستی نووسەر وەك بیرۆکە ناگۆڕێ. ئەگەر کوشت و بڕی بگاتە ترۆپك ئەوان نووسەر دەتوانێ ئەو بارە دەربڕێ لە دەیالۆگێك یا هەڵوێستێکی کاریگەر یانەخشە دەکێشێ بۆکۆتایی پاڵەوانەکان کە لەسەر بونیادێکی لۆژیکی درووست بوون، بۆیە دەکرێ بگۆڕێ.

ڕەنگە نووسەر بیرۆکەی خۆ بەڕوونی دەربخات و هیچ دوودڵیەك وناڕۆشنیەك لەدەقدا نەبێ. هەندێ جاریش نووسەر هەڵوێستی خۆی لە دەقدا بەتەماوی دادەڕێژێ وبیرۆکەکەی ئاشکرا نیە، بۆیە دەیالۆگەکان وا دادەڕێژێ کە ئاماژە بنوێنن ولێکدانەوەی تێدەخات، ئازادی بە خوێنەر دەبەخشێ کەخۆی دەق هەڵبسەنگێنێ، بۆیە داڕشتنی چاك بۆ دیالۆگ هەڵوێستی نووسەر ئاشکرا دەکات لەبیرۆکەی دەقی درامی ودواتر بۆ ئەو ژیانەی درامای لەسەر وێنا دەکات. بەو شێوەیەی باسکرا نووسەر خۆی دوورە پەرێز دەگرێ لەوەی کە بیرۆکە دەیالۆگ ئابلووقە بدات یان دیالۆگ بیرۆکە ئابلووقە بدات. لەباری یەکەم بیرۆکە زاڵ



دەبێتە سەر دیالۆگ بەشێوەیەکی ڕوون و ئاشکرا دیالۆگ دەردەخات. لەباری دووەم بیرۆکە ڕوون دەبێتەوە پاش تێڕامان لەدیالۆگ یاهەڵوێست کە بیرۆکە بەجوانی دەرنابڕن. بەو شێوەیەی کە دەیبینین دوورە لە بیرۆکە لەڕووکەشدا... هەرچەندە دەیالۆگەکان دابەش و پارچە پارچە بن ڕەنگکدانەوەی لەسەر دابەش بوون و پارچە پارچە بوونی بیرۆکە دەبێت، کە دیالۆگ لەخۆی دەگرێ و چڕی دەکاتەوەو بە ئاگایی و ووردی دایدەڕێژێتەوە قوڵایی هەستەوەرەکان پڕ دەکاتەوە لەوێنەی درامی کەهەندێ جار لەڕووکەشدا بەوورد وخاش کراوی ودوور لە تیشکی بیرۆکە دەیبینین.

چیخۆف نووسەری ڕووسی بەناوبانگ وشەیدای ووردەکاری هێمنانەو ڕەوان جۆراوجۆر دەگرێتە بەر بۆ قووڵ کردنەوەی هەست کردن بەگرژێتی لەهەڵوێستدا. لەشانۆگەری (لالۆ ڤانیا) دا چیخۆف هەڵوێستی ووردی لەیەك دیمەندا گەلاڵە دەکات، کاتێ ئەستڕۆف دەیەوێ بەیەکجاری ئۆغر بکات و وون بێت، ڤانیا هیچ ووشەیەکی بەدی نەکرد بۆ ووتن، بەهۆی گەرم و گوڕی و گرژیەتی هەڵوێستی، تەنیا ئەوە نەبێت کە ڕوو لەنەخشەی ئەفریقیا بکات کە لەسەر دیواری ژوورەکە هەڵواسراوە، سەیری کردو ووتی "لەو بڕوایەدام ئێستا ئەفریقیا زۆر گەرم و ترسناکە" گەواهیەکانی دیالۆگ لەچوار چێوەی بیرۆکە دەمانگەیەنێتە گەرمی واتا گرژی لەهەڵوێست، ئەفریقیا بەمانای وون بوون، ترسناك مانای وایە ترسناکی لەهەڵوێست وپتەوی کە ئەو وون بوونە بێ گەڕانەوە بێت، پاش ئەوەی هەستی بەدوور کەوتنەوە کرد. هەرچەندە دەیالۆگەکان بەهۆی چڕی وڕەوانبێژی لەباری ووردوخاش کردن وشکانەوەی ڕۆحی لەکەسایەتی ئەستڕۆف لەچوارچێوەی دەستەواژەکان کە پەیوەندی ئەندامی ڕاستەوخۆی نیە لەگەڵ هەڵوێست و دانوستانی دەیالۆگ، بەڵام بیرۆکەی کەسایەتی گەلاڵە دەکرێ لەهەڵوێست ونێردەی ڕاستی وکولانی ناوەوە هەستی پێ دەکرا لەپارچە پارچەکردنی دەیالۆگەکان. نووسەر لەگۆشە نیگاو تێڕوانینی بۆ جیهان وهەڵوێستی کەسایەتیەکان دیاری دەکات بەشێوەی مرۆڤی ئاسایی چارەنووسی خۆیان بەدەیالۆگی سادەو قوڵ بیرۆکەیان دەردەبڕن. لەسەرەتادا پرسەکانی نووسەر دەرناکەون، بەڵام



چەند پرسێکیتر دەربارەی چارەنووسی مرۆڤ لەهەست کردن بە پڕوپووچی ژیان دەردەکەون.

ئەگەر بێت و شانۆگەریی (کریۆلانس) وەربگرین کە لە نووسینی نووسەری بەناوبانگ شکسپیرە، نووسەر بابەتەکەی لە مێژوونووسی یۆنانی بلۆتارك وەرگرتووە، نووسەر لەگۆشە نیگای پێکدا دانی ناوەکی مرۆڤ بۆ بابەتەکە کە شارێك دەنوێنیّ و دواتر گەل دەگرێتەوە، بیرۆکەی خۆی داڕشتووە، توانیویەتی کەسایەتی کریۆلانس درووست بکات، لەکەسایەتی ئەوەوە شیکردنەوە بۆ سەردەمی خۆی دەکات. لەململانیّ و ڕووداوەکان لەچوارچێوەی دەیالۆگ و بیرۆکەی هەڵقوولاو وا لەبیرۆکەی خۆی دەکات کە بەردەوام بێت و پێدا بگرێت لەسەر تێڕوانینی خۆی سەبارەت بە ململانێی نێوان دەسەلاّت و شاری ژێر دەسەلاّت، کە گفتوگۆ و دەیالۆگ کە کەسایەتیەکان پارێزی دەکەن، بەم جۆرە کەسایەتیەکان دابەش دەبن کە دەربڕی نووسەرن بەهەردوو لایەنی هاوڕا و دژەڕا.

نووسەریش هەڵوێستە درامیەکانی کاریگەر دابڕێژیّ. کاتیّ بیرۆکە و لایەنەکانی ململانیّ بەجیاکاری ڕوون بن، بەم جۆرە دەیالۆگ وەك ڕەنگدانەوەیەکی ڕوونی بیرۆکە هات بۆ کەسایەتیە یەکانگیرەکان وپتەوەکان، لەپێناو چەسپاندنی ڕاستی بیرۆکە، نووسەر بیروڕاو بیرۆکەی کەسایەتیەکان بۆ خوێنەر بەجیّ دەهێلیّ و خۆی دوورە پەرێز دەگریّ لەبیروڕای کەسایەتیەکان. تاکو خۆیان هەڵوێستیان دیاری بکەن، هەرچەندە بیرۆکە و ململانێی کەسایەتیەکان ڕوون وئاشکرابن.، بەم جۆرە نووسەر بیرۆکەی خۆی دادەڕێژیّ، کە زیاتر دەربڕی بیرۆکە و تێڕوانینی ئەو جیهانە و لەهەمان کاتدا دەربڕی فەلسەفەی نووسەر لەتێك هەڵچوونی کەسایەتیەکان بەچارەنووس و تێکشکان و تەقینەوە جۆراو جۆرەکان، هەموو ئەمانە لەپێناو گەیاندنی بیرۆکە کە ڕێگای خۆی خۆش دەکات و لەنێو دەیالۆگ خۆی دەبینێتەوە، کە هەڵوێستی ڕەوان داخوازیەتی وبەرگری لیّ دەکات.

**وەرگێڕانی: سلێمان گەلالی**

سەرچاوەکان:


(١) ارسطوطاليس، فن الشعر، ترجمة شكري محمد عياد،القاهرة دار الكاتب العربي للطباعة والنشر، ١٩٦٧، ص٤٥

(٢) م.ب. باختين، قضايا الفن الابداعي عند دوستوفسكي، ترجمة جميل نصيف، بغداد: دار الشؤون الثقافية، ١٩٨٦، ص ١١٢

(٣) لاجوس اجرى، فن الكتابة المسرحية، ترجمة دريني خشبة، القاهرة مطابع دار العربي، د-تاريخ، ص٥٤

(٤) فرد ب. ميليت وجيرالدايدس بنتلي، فن المسرحية، ترجمة صدقي خطاب، بيروتن مطابع دار الكتب، ١٩٦٦، ص١٥٥

(٥) روجر بسفيلد الابن، فن الكاتب المسرحي، ترجمة دريني خشبة، القاهرة: مكتبة نهضة مصر، ١٩٦٤، ص ١٥٥

(٦) صبري حافظ، مسرح تيشخوف، بغداد: دار الحرية للطباعة، ١٩٧٣، ص١٢٣ ومابعدها

# سیمیۆلۆژیای شانۆناسی

نیهاد جامی

ئێمە بۆ ئەوەی ئاسۆو ڕەهەندەکانی سیمیۆلۆژیای شانۆناسی ڕوون بکەینەوە، کە ئەو نووسینە لەبەرەنجامی چ دەرەنجامێك بەوە گەیشتووە، سەرەتا پێویستمان بەوەیە ئەوە ڕوون بکەینەوە کە ئەوە نە میتۆدێکی سەربەخۆیەو نەتیۆرێکی شانۆییە ئێمە توێژینەوەی لەسەر بکەین، بەڵکو بەرەنجامی هەوڵی ئەزموونکاریانەی ئێمەیە لەشانۆدا، ئەوە پرۆسەی گەڕان وپشکنینمانە لەناو کولتوورە جیاوازەکان، ئیشکردن بوو لەسەر کۆمەڵناسی (سۆسیۆلۆژیا) گەیاندوومانیەتیە ئەو پشکنینە، کەناومان نا (سۆسیۆلۆژیای شانۆ)

ئەوەش بەدوای ئەوەی چوار هەوڵی ئەزموونکاریمان ئەنجامدا، ئەو چوار ئەزموونە بریتی بوون لە (یادەوەری دەنگ، ئۆدیبی زەردەشتی، حیکایەتی لم، ئەنتیگۆنای قەڵا) ئەو چوار ئەزموونە پرۆژەی پشکنین و گەڕان بوو لەنێوان ئاینی زەردەشتی و ئەفسانەی گریکی و کولتووری خۆرهەڵاتی، بۆیە دەتوانرێ هەر چوار ئەزموونەکە وەك پرۆژەیەکی کولتووری سەیر بکرێت، کە هەر بەشەی بەناوێك نمایش کراوە، دەنا هەریەك لەو ئەزموونانە پەیوەندیان بەوەی ترەوە هەیە، بەهەر چواریان پرۆژەی شانۆیەکی فرە کولتووری پێك دێنن، ئەوەش بۆ ئێمە لە دایکبوونی شانۆناسی بوو بەو مانایەی کە پێی گەیشتووین، نەك دەرەنجامی تیۆرێکی شانۆیی بێت، بەڵکو دەرەنجامی کارکردنی خۆمان بووە، بەهۆی ئەوەی لەدوا بەشی کتێبی (شانۆی پۆست مۆدێرنیتی) لەسەر خاسیەت وتایبتمەندی ئەو ئەزموونە قووڵ بووینەتنەوە، بۆیە لێرەدا لەسەر ئەو تێگەیشتنە دەوەستین لە شانۆناسیدا کەچۆن دەتوانێ سیمیۆلۆژیایەکی تایبەت بەخۆی بنیات بنێت.

سیمیۆلۆژیای شانۆناسی توێژینەوەیەك نیە لەبارەی زانستێکی شانۆییەوە، چونکە هیچ باسێك و شانۆیەك بەم ناوە بوونی نیە، بەڵکو ئەوە تێزێکی پێشنیارکراوی ئێمەیە لەشانۆدا، پرۆژەیەکە بەرەنجامی هەردوو ئاستی تیۆری و پراکتیکیە، ئیشکردنە لەسەر دوو زانست، ئەوانیش زانستی ئاماژە و زانستی دەقە، ئەو دوو زانستە لەبنەڕەتدا هیچ پەیوەندیەکیان بە شانۆوە نیە، ئەگەرچی یەکەمیان پەڕیوەتەوە ناو شانۆی ئەزموونگەری و ئەزموونکارانی شانۆ هەوڵیانداوە بیگوازنەوە ناو نمایش و لەخوێندنەوەی ڕەخنەیی ناوی بنێن (سیمیۆلۆژیای نمایشی شانۆیی) بەڵام وەك ڕووبەری شانۆی ئەزموونگەری دەرکەوتووە، نەوەك لەناو ئەزموونێکی تایبەت ڕێکخرا بێت.

هەرچی زانستی دووەمە لەدایکبووی میتۆدی سیمیۆلۆژیە، بەتایبەت لەبواری ڕەخنەی ئەدەبیدا، بەڵام ئێمە زانستی دەق (دەقناسی) دەگۆڕین بۆ شانۆناسی، بەپاڵپشتی چەمکی دەقناسی دەمانەوێ لە شانۆکردن دەربازمان بێت و بەرەو شانۆناسی هەنگاو بنێین، بەڵام بۆئەوەی لەو تێزە پێشنیار کراوە نزیك بینەوە، ناتوانین ڕاستەوخۆ بێینە سەر ئەو باسە بەبێ وەستان لەسەر هەریەك لەو دوو زانستە و چۆنیەتی ئامادە بوونیان لەکاری شانۆییدا، هەروەها ئەو چەمکانە چین کە ئیشیان پێ دەکرێت، بەدوای ئەوانە ئەوسا دەبێ بێینە سەر سیمیۆلۆژیای شانۆناسی، بەڵام لە ئێستادا با لەسەر سیمۆلۆژیا خۆی بووەستین، بابزانین لەدەرەوەی مانا زاراوەییەکەی کە سیمیۆلۆژیا (زانستی ئاماژە دەگەیەنێت)، لەڕووی فەرهەنگی و ئیشکردنەوەکانی سیمیۆلۆژیا چیە؟

سیمیۆلۆژیا بەرەنجامی لەدایکبوونی زماننا سیە، هەردوو پرۆژە زمانەوانیەکەی سۆسێر و بێرس بووە هۆی ئەوەی ئاماژەی زمانەوانی لەکایە جیاوازەکاندا ببێتە زانستێکی مەعریفی، دیارە کاریگەری فۆرمالیستەکان و ئیشکردنی باختین لەسەر زمان و قوتابخانەی براگ هەموو ئەوانە یارمەتی دەربوون بۆ ئەو دۆخەی ڕۆڵان بارت بنەماکانی سیمیۆلۆژیای تیا دامەزراند، بیرۆکەی مەرگی نووسەر بەرەنجامی ئەو بنەمایانە بوو، ئەوە جگە لەوەی تیۆریزەی ئاماژە زمانەوانیەکانی کرد لەڕێگەی دال ومەدلول



سۆسێریی.

دوای ئەوەی سیمیۆلۆژیا بووە خاوەنی بنەمای تایبەت بەخۆی قۆناغێکیتر تیایدا سەری هەڵدا کە دەتوانین بە سیمیۆلۆژیای هاوچەرخ ناوی بەرین، هەریەکە لە (ژۆلیا کریستیفا، جاك دریدا، ئیمبرتۆئیکۆ) دیارترین دەنگەکانی ئەو قۆناغەن، بەوەی هەریەك لەوان توانی گەشە بەو میتۆدە بدات، کریستیفا لەڕێگەی تیۆری دەقئاویزان کە ئیشکردنەوە بوو لەناو یادەوەری دەقەوە بەوەی

"دەقئاوێزان پەیوەندی نێوان دەقێکە لەگەڵ دەقێکیتر، یان لەگەڵ چەند دەقێك، ئەوەش دەق دەکات بە سێنتەرێك بۆ پەیوەندیەکی دیالەکتیکی، کە دەق دابڕاو نیە لەدەقەکانی بەر لەخۆی، بەڵکو لەگفتوگۆی نێوان دەقەکاندایین، بەلام دەقە نوێیەکە لەناو ئاگاییەکی مێژوویدا دەجولێتەوە، کە ڕەهەندێکی ئەبستمۆلۆژی پێ دەدرێت، ئەوەش دەق وەك زانستێکی سەربەخۆ سەیر دەکات" (١)

هەروەها لەڕێگەی زاراوەی ئیدیۆلۆژیم توانی پانتاییەکیتر بە سیمیۆلۆژیا بدات، ئەوەشی لە بنەڕەتدا لە میخائیل باختین وەرگرتووە، کە دەنگی دەقەکانیترە لەناو دەقدا. لێرەدا ئەگەر بمانەوێ زۆر بەخێرایی ئەو جیاوازیانەی کریستیفا دەست نیشان بکەین، دەبێت ئاماژە بە بایەخدانی بدەین بە مەدلول، کە بونیادگەری بەتایبەت بارت بایەخی زیاتر بە دال بوو، بۆیە گەمەی شاردنەوەی مانای گۆڕی بۆ (بیرکردنەوە لە مانا) ئەوەش لەڕێگەی پرسیارکردن لە زەمەنی ئامادەگی زمان وپرسیارکردنەوە لەئێستا وەك زەمەنێکی زیندوو، هەموو ئەمانەش لەناو دەقناسی ئەنجام دەدات، لەو سیاقەدا دەقناسی زۆر بەگەورەتر لەسیمیۆلۆژیا سەیر دەکات "دەقناسی لەوە گەورەترە تەنیا ببێ بە سیمیۆلۆژیا یا سیمیاگەری، بەڵکو وەك بونیادێکی ڕەخنەیی دەردەکەوێت بۆ مانا و ڕەگەزەکان ویاساکانی، دواتریش بۆ دامەزراندنی شیکردنەوەی سیمیۆتیکی" (٢)

لێرەدا نابێ ڕۆڵی ئیمبرتۆئیکۆ لە سیمیۆلۆژیا فەرامۆش بکرێ، ئیکۆ لەبارەی زاراوەی ئیدیۆلۆژیمی کریستیفا هاوڕایی خۆی نیشان دەدات، بەوەی "ئیدیۆلۆژیەتی ئاماژە وەك کریستیفا دیاری کردووە، ئینسیجام دەکات لەگەڵ بڕوا کلاسیکیەکان بۆ بابەت" (٣)

بایەخیش بە ئاماژە و مەدلول دەدات، نەك دال و مەدلول، دەکرێ ئەوە زیاتر پابەست بوونی بێت بە بێرس نەوەك سۆسێر، چونکە زمان لای بێرس بریتیە لە (ئاماژە/ ئەیقونە/ ڕەمز) ئیکۆ ئاماژەی بێرس وەردەگرێت لەگەڵ مەدلولی سۆسێریی ئیشی پێ دەکاتەوە، ئەوەش پەیوەندی کردنەوە نیە بەدوو تیۆری زمانەوە، هێندەی پەیوەندی ئاماژەی زمانە بە سیستمی دەلالی، ئەوەش پەیوەندی تیۆری گەیشتنە بە مەدلول، چونکە "تیۆری گەیشتن پەیوەندیەکی دیالەکتیکیە بە تیۆر بۆ مەدلول، ئەوەش پێش هەموو شتێك دەبێ ببێت بە تیۆر بۆ ئاماژەکان" (٤)

ئێمە ئەگەرچی ناتوانین پرۆژەی ڕەخنەیی دریدا ڕاستەوخۆ بگەڕێنینەوە بۆ سیمیۆلۆژیا، چونکە لەبنەڕەتدا ڕەخنەگرتنە لە سیمیۆلۆژیا، لەڕێگەی گراماتۆلۆژیا (زانستی نووسین)، بەلام ئەو ڕەخنەکانی لەسەر ئەو ئاستەیە کە جیاوازی لە سیمیۆلۆژیا دەست نیشان بکات، بۆیە دەکرێ وەك ڕەخنەگرێك لە سیمیۆلۆژیا سەیری بکەین، بەتایبەت کاتێ سۆسێر بۆچوونی لەسەر ئاماژە پێی وایە ئەوە دال و مەدلول نیە، بەڵکو وەك یەکێتیەك دەیبینێت، دریدا ئەو یەکێتی بوونە بە جیاوازی ناو دەبات، جیاوازی بەتەنیا بریتی نیە لە چەمکێکی فەلسەفی کارەکانی دریدا، بەڵکو ئەو لەڕێگەی سیمیۆلۆژیای هیرمنیۆتیکیەوە دەیەوێ ڕەخنە لە سێنتەری بنەماکانی سیمیۆلۆژیای بارت بگرێت، بەوەی "بەڵگە- کە وەك بونیادێکی سیمیۆلۆژی لای بارت دەرکەوتبوو، ئەوا لای دریدا ئەو بونیادە هەڵدەوەشێنرێتەوە، هۆیەکەشی دەگەڕێنێتەوە بۆ ئینتیمای میتافیزیکی بەڵگە" (٥)

دیارە ئەو چەندە ڕەخنەکانی زیاتر ئاراستەی سۆسێرە، بەلام ئەوەی وای کردووە ڕەخنە لە سیمیۆلۆژیا بگرێت، ئەوە خوێندنەوەی دەرەنجامە سیمیۆلۆژیەکەی کریستیفایە، تاڕادەی ئەوەی بەشی کتێبێکی خۆی بۆ دیالۆگێکی ئەفلاتونیانە (٦) لەگەڵ کریستیفا تەرخان دەکات، بەتایبەت لەهێنانی دەروون شیکاریی بۆ ناو سیمیۆلۆژیا، بۆیە ڕەخنەکەی لەوێوە دەگرێت کە "دەشێ وێنای توانای زانست بکرێت، کە بایەخ بە توێژینەوەی ژیانی بەڵگەکان دەدات لەناو کۆمەڵگادا، ئەو زانستەش بەشێکە لە دەروون شیکاریی کۆمەلایەتی ودواتریش لە دەروون شیکاریی گشتی، ئەوەش هەڵگری ناو سیمیۆلۆژیایە" (٧) ڕەخنەکانی لە سەر ئیشکردنی کریستیفا لە دەقی فرۆید، ئەگەرچی هەندێ جار دەچێتە سەر (بەڵگە) وەك بنەمایەکی بارت، بۆیە لەبەرەنجامدا

ڕەخنەکانی لەو بنەما بارتیەو لەتـــەواوی دەرەنجامـــەکانی کریستیفا لەوەدا چڕ دەبێتەوە کە "زمانی بەکارهێنان بێلایەن وبێتـاوان نیـە، بـەڵکو زمـانی میتافیزیکی خۆرئاوا، کەتەنها هەڵگری ژمارەیەکی گرنگ نیە لەگریمانــەی جیـاواز، بـەڵکو هـەروەها گریمانـەی وابەستەو بەشـــێوەیەکی ســـەمتی، ئـەو سەرنجەش پاڵمان پێوە دەنێت بۆتوێژینـــــەوە لەســـــەر شوێنەواری  ئەو گریمانەیەی نێو گوتاری سۆسێریی" (٨)

بەدوای ئەو سەرەتا خێرایە بۆ ســیمیۆلۆژیا، ئێستە دێینـە سـەر دەرکـەوتنی ئـەو زانستە لەهونەری شانۆدا.

سـەرەتای سـەدەی بیسـتەم ، دەســـپێکێکی جیـــاوازی توێژینەوەی شانۆییە، ڕێك لە ١٩٣١ کـاتێ دوو توێژینـەوەی شانۆیی لە چیکسلۆفاکیا بلاّو کرانـــەوە، لــەژێر ناوەکـــانی (ئیســتاتیکای هونـەر و دراما) لەنووســینی ئۆتاکـار زیتـی، (هەوڵـــدانی شـــیکاریەکی بونیادگەرانـە بـۆ دیـاردەی ئەکتەر) لەلایان مۆکارۆفسکی. ئـــەم دوو توێژینەوەیـــە بەســـەرەتای دەرکـــەوتنی ســـیمیۆلۆژیای شـــانۆیی دادەنرێت، بەهۆی ئەوەی





سەرەتایەکی لە پەیوەندیی ئاماژەناسی لە شانۆدا تیادا خراونەتە ڕوو، ئەوە سەرباری جۆرێکی جیاواز لەتوێژینەوەی زانستی، ئەو دەرکەوتنەش لەژێر سایەی قوتابخانەی براگ بوو، کە ویستیان ئاماژەی سۆسێریی بگوزانەوە بۆ یەکەی نمایشی شانۆیی، بەتایبەت ئەوەی لای مۆکارۆفسکی لەبارەی ئەکتەرەوە وەك دیاردەیەکی فینۆمینۆلۆژیی لەشیکارکردنی بونیادگەریەوە سەیری دەکات.

سیمیۆلۆژیای شانۆ خوێندنەوەی ماتریالەکانی شانۆیە لەهەردوو ئاستی دەق و نمایش، هەموو ئەوانەی لەنووسینی دەقێکی شانۆیی و لەنمایشی شانۆیی دەبینرێت ئاماژەی شانۆیین، بەئاماژە بوونیان سیستمێکی ڕێکخەر گوتارێکی سیمیۆلۆژی نمایش ڕێکدەخات، ئەو ڕێکخستنە ستراتیژی سەرەکیەتی بەهۆی ئەوەی وەك هیرمنیۆتیکا بەدوای کەشف کردنی ماناوە نیە، بەڵکو دەیەوێ مانا بەرهەم بێنێت، ئەو نایەوێ مانای نێو ئاماژە کەشف بکات، هێندەی ئەوەی بەلایەوە جێگەی بایەخە چۆن ئاماژەکان مانای بۆ بەرهەم دێننەوە، ئەوەش بەتەنیا لەئاستێکەوە ئیشی لەسەر ناکات، بەڵکو هەر لەخوێندنەوەی دەرهێنەرەوە بۆ دەقە شانۆییەکە تا دەگات بە لێکدانەوەی بینەر بۆ نمایش. (٩)

هەر بۆیە لێرەدا هەوڵ دەدەین لەتێڕوانینێکی ڕەخنەییەوە لەسەر چۆنیەتی خوێندنەوەی سیمیۆلۆژیای شانۆیی بووەستین، کە چۆن ئیش دەکات، ئەو ئیشکردنەی ئێمەش لەو تەوەرەیە لەسەر دوو چەمکی سەرەکیە ئەوانیش (کوشتنی ئاماژە)و (جودابوونی زەمەن) ە.

سەرجەم ڕەگەزە پێکهاتووەکان لەناو پرۆسەی نمایش هەڵگری خاسیەتی سەربەخۆن، هارمۆنیەتێك ڕەگەزەکان کۆدەکاتەوەو مانای تازە بەو ئاماژانە دەبەخشێ کەهەموو چەمکەکانی پێش هاتنی نێو ئەو پرۆسەیە ڕەهەندی تری هەبوو، ڕەهەندێك کە بەو فراوانیە سنووری خۆی نەبەزاندبوو، ئەوەش لەنێو دەقی ڕەخنەییدا بە (سیمیۆلۆژیای نمایشی شانۆیی) ناو دەبرێت، ئەوەش دۆزینەوەی ئەو ئاماژانەیە بکەری نمایشی شانۆیین، ئەوانەش لەناو هەڵگری گوتاری نمایش بەپێی چەمکی سۆسێر دۆزینەوەی زمانە، نەووتراوی زمانە لەنێو گوتاری نمایشدا، ئەو زمانەش کەبووە بە ووتراوی سیمیۆلۆژیا هەڵگری کۆمەڵە موفردەو بونیادێکە لەنێو خۆیدا ولەپشت ئاماژەوە خۆیان حەشارداوە بۆ یەکبوونی ئاماژە لەنێو هێلی گەیاندن (یەکەی نمایش) کاری ڕێکخستنی پێ سپێردراوە، بۆ ئەوەش پێویستمان بەڕەخنەیەك دەبێت کاری وێرانکردن بێت، بۆ ئەوەی ڕووی ڕاستەقینەی بونیادەکان ئاشکرا بکات، نەك لەناو جەستەی شانۆ

(سیمیۆلۆژیا) خەریکی گەڕان بێت، چونکە ئەوە کارێکە دەچێتە خانەی شیکردنەوە، ئەوەیتریان بەرەو هەڵوەشاندنەوەی ڕەگەزەکانمان دەبات، تا لەنێو سیستمێکی ڕێکخەر یەکیان بخەینەوە، ئەوەش جیاوازی نێوان ئاماژەو مانایە "ئاماژەکان بەدوای یەکەوە نین، بەڵام ماناکان وانین" (١٠)

ئەو کاتەش پێویستمان بەکارخستنی کۆد دەبێت، تاوەکو مانا لەنێو ئاماژەدا خۆی دەربخات و کاری نێرەر و نێردراو بۆ دۆزینەوەی سیستمی ئاماژە بکاتە بەشێکی ڕێکخەرەکە، بۆئەوەی پارادیگمی و سانتاگمی وەك تەوەری ئاسۆیی و ستوونی کار بکەن، ئەوەش "توانای شانۆ لە ووتنی کۆمەڵە شتێك لەیەك کاتدا دەردەخات، بەدوای ئەوەش کۆمەڵە حیکایەتێکی بەدوا یەك و لەیەکچوو نیشان دەدات"(١١) تاوەکو دەقی نمایش کۆمەڵە ئاماژەیەکی تری پێ بدۆزێتەوە، لەڕێگەی سینۆگرافیاوە فەلسەفە و جیهانبینی دەرهێنەرمان پێ دەناسێنێ، زیاتر ئەو ئاماژانەیە دەرهێنەر بەکاری دەخات، بۆیە لەو کاتەدا زەمەنی نمایش.. زەمەنی دەرهێنەرە.. تەقاندنەوەی خەیاڵ هێناویەتی، سەرکەوتنی پرۆژەکەش لەدیدگای دەرهێنانەوە سەرچاوەی گرتووە، بەڵام ئەگەر دەرهێنەر ئینتیمایەکی ڕەهای بۆ دەقی نووسراو کرد، بەو پێیەی ئاماژە بیستراوەکان بەرجەستە بکات، ئەو کاتە بەهای نمایش سەرکەوتنی ژێرخانە، نەك توانای نێرەری نمایش (دەرهێنەر) چونکە ئەو ئینتیمای بۆ نووسەر و ملکەچی و دڵسۆزی بۆ نواندووە، نەهاتووە کار بۆ زەمەنێکی نادیار بکات، بەو کارەش ئەو بەکەسێك دەمێنێتەوە "دیلی ئەفسوونی دەقی شانۆییەو ئینتیمای بۆ باوکی شەرعی دەکات کە نووسەرە" (١٢)

نێردراو چاوەڕوانی تێڕوانینی تازەیە لەکردەی وەرگرتندا، ئەو دەیەوێ خوێندنەوەی دەرهێنەر لەنێو دەقەکەدا ببینێت، ئەو خوێندنەوەیەی بۆ ئێستا کارمان پێدەکات، پێویستی بەوە نیە نمایش بەرجەستەکردنی تێڕوانینەکانی نووسەر بێت، چونکە ئاماژەکانی دەقی نووسەر پەیوەستە بە زەمەنی نووسین، ئەو لەکاتی خوێندنەوەی سەر کاغەز کاری لەتەکدا دەکات، کارکردنی دەرهێنەر گۆڕینی ئاماژەیە بۆنێو مەملەکەتی بینراو، چونکە شانۆ هونەری بینینە، هەر ئەوەشە ئارتۆ دەگەیەنێتە ئەو دەرەنجامەی بە ئەکتەرەکانی بڵێت پێویستە دەیالۆگەکانتان بینەر بەچاو گوێی لێ بێت، بۆیە کوشتنی ئاماژە لەپرۆسەی نمایشی شانۆیی دامەزراندنی کۆمەڵە ئاماژەیەکیترە، ئەوەش مانا بەرەو فراوان بوونی وێنە هزریەکان دەبات، زەمەنی نمایش دەکەوێتە نێوان جودابوون و کوشتنی ئاماژە مێژوویەکانی زەمەنی ڕابردوو بەجێ دێڵێ، چونکە دەیەوێ لەدامەزراندنەوەی ئاماژە زەمەنێکی تازە بدۆزێتەوە کە کار بە ئاماژە بکات، ئەو نایەت ئاماژە تازەکان لەنێو زەمەنی ڕابردوو بەکار بخات، بۆیە ئاماژە دەکەوێتە نێوان جودابوونی زەمەن، بەوەش گوتاری سیمیۆلۆژیای نمایش دەگۆڕێتە سەر زەمەنێکی نادیار.

جودابوونی زەمەن خوڵقاندنەوەیەکی ترە لەڕێگەی کوشتنی ئاماژە و زەمەن، کە پیتەر بروك بە ڕووخان و بنیاتنان ناوی دەبات، شانۆش بەو کارە لەدەسەڵاتی ڕەهای ئەدەب ڕزگاری دەبێت، هەوڵی دۆزینەوەی گوتارێکی تایبەتمەند دەدات بۆ گەیشتن بەڕووی نەووتراوی دەق، چونکە سیمیۆلۆژیا کار لەسەر ئاماژەکانی پێشوو ناکات، بەڵکو دەق وەك بونیادێکی مردوو وەردەگرێ، دەرهێنەری ئەزموونکار لەو جیهانەوە سەیری ئاماژەی دەق دەکات ودەیەوێ ئاماژەی تازەی پێ بدۆزێتەوە، ئەوەش بۆخۆی ڕزگاربوونە لەدەسەڵاتی دەق و دۆزینەوەی گوتاری شانۆیە، تیایدا ئەکتەر و دەرهێنەر دەبن بەنێرەری نمایش و گوتارە شانۆییەکە ئاراستەی وەرگر دەکەن، ئەو گوتارەی دەبێتە دەسەڵاتی نمایش، چونکە "نمایش بە توخمەکانیەوە ڕەهەندو مانای تازە دەدات بەدەق و دوورترین کاریگەری لای وەگر بەجێ دەهێڵێت، دەرهێنەری داهێنەریش لەتوانایدایە دەقی پاشکۆ بخوڵقێنێت، لەڕێگەی ئامراز و دەلالەتە شاراوەکانی نمایش، ئەوەش بەمەبەستی دەرکەوتنی بونیادی قووڵی دەق کە لەخوێنەر شاراوەیە" (١٣)

بۆیە ئەو دەقەی لەکاتی کارکردن دەکەوێتە بەر هەڕەشەی وێران کردن ولەپرۆسەی نمایش بوونی نامێنێت، ئەوا

لەدەسەڵاتی نمایشدا دەقێکی تازەی پێ دێتە بوون، کە زەمەنی دەرهێنان لەڕێگەی دیدگاوە ئاماژەکان دەگۆڕێت بۆ ئاماژەی تر، ئەویش گۆڕینی ئاماژەی زمانەوانیە بۆ ئاماژەی بینین، لەو کاتەدا کەلەناو زمانی نووسراو ئاماژەی نووسینە، بەهۆی زمانی نووسراو دەقێك بەرهەم دێنێت بەپێی داڕشتنەوەی ئاماژە قووڵبوونەوەیە بۆ زمان، بەو کارەش گوتاری نمایش لەنێرەر دەگوازرێتەوە بۆ وەرگر، چزنکە دۆزینەوەی پەیوەندیە دەلالیەکان ڕێگا خۆشکەرە بۆپشکنین و ئاراستەیەکی تازەیە بۆ پرسیار، خوێندنەوەی نادیار و خوڵقێنراو سنوورەکانی دال فراوان دەکات، بەهۆی کارکردن بە دەلالەتەکان و کوشتنی ماناکان، چونکە لەکوشتنی ئاماژە مانا حازر بەدەستەکان نامێنن، بۆیە دەکەوینە بەردەم ئەو پرسیارەوە: ئەو ئاماژانە چین دەرهێنەر لەنێو دەق بەئاماژەیتر دەیانگۆڕێت ولەپانتایەکی تازەدا ئاماژە مردووەکانی دەگۆڕێ وئاماژەی تازە دەخوڵقێنێ؟

لەو کاتەدا دڵەڕاوکەیەك هەیە، دوودڵیەکی پیرۆزە، دەیەوێ بمانباتە نێو چەمکە فەلسەفیەکان تاوەکو لەنێو کارکردن لەدەق بگەینە جەستەی ئەرکیۆلۆژیای نمایش، کە کوشتنی ئاماژەیە لەنێو دۆزینەوەی دالدا، ئەوەش نمایشی شانۆیی دەکاتە کۆمەڵە ئاماژەیەکی زمانەوانی کە کۆدی جەستە یەکیان دەخات، تا ئەو هەموو ئاماژە زمانەوانیەی کە بوونە بە (سیمیۆ- پێکهاتە) ی شانۆ، کۆمەڵێك دەلالەتی تازە بەکارە شانۆییەکە ببەخشێت، ئەوەش دەرکەوتنی ئاماژە و تێڕوانینی هاودژی دەرهێنەرە لەجیهانی نووسەردا بەهۆی گۆڕینی ڕەهەندەکانی ئاماژە.

بۆیە وێنەی فۆنۆلۆژی ئاماژەی ئەودیو دەنگەکانە، ئەو وێنانەن بەهۆی دەنگەوە هەست بە بوونیان دەکەین، یاخود وەستان وەك ئەو تەکنیکەی لەشانۆگەریەکانی بیکت و بنتەر دەیبینین، بەو کارەش بکەرەکانی ئاماژە بۆ گەیاندنی (هەواڵ، ڕازیبوون، بەربڵاوی) لەسەر ئاماژە زمانەوانیەکان چڕ دەکرێنەوە، تاوەکو مەبەستی خودبوونی زمان ئاماژەکانی تریش بگۆڕێ، گۆڕانیش واتە وێنەیەکی دەلالی کە شوناسی سیمیۆ- پێکهاتەمان لادەکات بە سیمیۆ- دەلالی. (١٤)

لێرەدا بەپێی چەمکی بارت نمایش دەتوانێ ئاماژە دیارەکانی بگۆڕێت بۆ کۆمەڵە ئاماژەیەکی ئەفسانەیی، کە دووری دەکاتەوە لەو تێگەیشتنە چیرۆك ئاسایەی ئەفسانە، بەڵکو ڕەهەندێکیتری نەمریی پێ دەبەخشێت ئەویش سیستمێکی ئاڵۆز و تێکچرژاوی وێنەی هزریە، بوونی ئەو سیستمە ئاڵۆزە لەنێو بونیادی وێنەی شانۆییدا کوشتنی ئاماژەکانی دەقی مێژووە، بۆ دۆزینەوە وپرسیار وئاماژەی دەقی ئێستا کە ئەویش زمانێکیتری شانۆییە، بۆیە ئەگەر لەژێر تێڕوانینی ئۆبرد سفێڵد سەیری ئاماژەی نمایش بکەین، ئەوا لەنێوان ئاماژەکانی دەق ونمایش کەلێنێکی دیار دەبینرێت، ئەوە دەبێ بەکاری دەرهێنەر لە ئەرکیۆلۆژیای نمایشدا، چونکە دەبێ دەلالەتەکانی دەق لەپڕۆسەی هەڵوەشاندنەوەو یەکخستنەوەی لەگوتاری نمایش بگۆڕدرێن بەدەلالەتی تازەی نەبینراو.

گۆڕینی دال سڕینەوەی مەدلولە، کەواتە گۆڕینی یەکێکیان ئەویتریش دەگۆڕێت، سەرباری ئەوەی بەڕادەیەکی زۆر مدلول ژمارەی لە دال زیاترە، هۆیەکەشی ئەوەیە دال ئاماژەی پرسیارە، پرسیاریش زیاد لەوەڵامێك لەخۆ دەگرێت، خۆئەگەر بەپێچەوانەوە بایە، ئەوا شانۆش وەك هەر دامەزراوێکیتری ڕۆشنبیری بێئیرادە دەبوو لەگۆڕینی ڕووداوەکان. بەدال کردنی نمایشی شانۆیی بنیاتنانی دەقی بینراوی کراوەیە کە هەڵگری پرسیار بێت، پرسیارێك ئاماژەی تیا بکوژرێت بۆ دۆزینەوەی بونیادە شاراوەکان، ئەوەش پەیبردنە بەنهێنیە کۆسمۆلۆژیەکان کە سیمیۆلۆژیا دەکاتە ئەو جەستەیەی لەکۆمەڵە بونیادێکی پێکهاتەیی پێك دێت، چونکە هەر بونیادێك لێرەدا ئاماژەی دیاری خۆیەتی.

جێگۆڕکێ بەیەك لەو هەستەو بەئاڵوگۆڕ کردن بەهەستی بەرامبەر، دەروازەی چوونە نێو ئاماژە تازەکانە، هەر ئەوەش سینۆگرفیای خەیاڵ دەیهێنێتە بوون، ئەوە جودابوونی ئاماژەیە لەنێو بەراووردکاری سیمیۆلۆژی نێوان زەمەنی نووسەر وگۆڕینی لەساتی کارکردنی دەرهێنەردا، پێویستی بەو ئاراستە ڕێکخەرە مانا کاری تیا دەکات، کە ئەمبرتۆ ئیکۆ لەبارەیەوە دەڵێت "پڕۆسەیەکی



ەردەوامە بۆ گەڕاندنەوەی ڕێکخستنی کۆد، کە داخستنی نیە" (١٥)

بۆیە مانا وەزیفەی گەیاندنی ئاماژەیە ئەوەش ڕێکخستنی کۆد نیە، بەڵکو پیاچوونەوەیە بەڕێکخستنەکانی، خاڵی کۆتایی دوای ڕستە دانانرێ، چونکە بەردەوام دەیەوێ دەلالەتی جیاواز بخولْقێنێت، ڕەهایی دانەخستنیشی لەوەدایە ئەو دالی کراوە بۆ وەرگر فرێ دەدات، هەڵەیەکی گەورەیە واتێبگەین کوشتنی ئاماژەکانی دەق.. کوشتنی مانایە، چونکە ئەوە مەدلول نیە، لەگەڵ گۆڕینی دالەکەی ئەویش بگۆڕێت، بەڵکو لێرەدا مانا بەگۆڕینی ئاماژەکەی ناکوژرێ، هۆیەکەش ئەوەیە لەنێو هەر پڕۆسەیەکی ڕووخان ئەوەی لەدەق دەمێنێتەوە خاڵی دەست پێکردنە،

کەواتە چەمکی سەرەکی مانا وون نابێت، بەڵکو گۆڕینی ئاماژەکانە، ئەوەش بردنی مانایە بۆ ئاقارێکی بەرینتر، دۆزینەوەی خەیاڵێکە کە ووشە وێنەی بۆ کێشاوە، گەیاندنی ئەو وێنەیەش کردەیەکی سیمیۆلۆژیە، دەرهێنەر لەزەمەنی خولْقاندن دەبێتە فاکتەری نێرەری چاوگە (نووسەر) بەهۆی گەیاندنی گوتارێکی ئاڵۆز لەڕێگەی وێنەی دەنگیەوە، ئەوەش هەڵوەشاندنەوەی ڕەهەندی بیستنە بۆ دۆخی بەرهەم هێنان، تاوەکو ژمارەی وەرگر لەتاکەوە بگوازێتەوە بۆ کۆ، ئەوەش جودابوونی زەمەنی وەرگرە لەنێوان دەق ونمایش، چونکە ئەگەر خوێنەر لەخوێندنەوەی بۆ دەق هەڵوەستە بکات وبگەڕێتەوە سەری، ئەوە لەنمایش وەستان نیە، بەواتایەکیتر "هیچ وەستانێکی

زەمەنی لەنێوان گەیاندن و وەرگر نیە، بەمانای بیرکردنەوە یاوەستان بوونی نییە" (١٦).

کەوابێت ئەگەر گەڕانەوە بۆ چاوگەی زەمەنی یەکەم لەڕەگەزەکانی زەمەن (ڕەگەزی دادوەری) ڕابردوو بێت، ئەوا ڕابردوو ئاماژەی زەمەنی نووسراوە، هیچ دۆزینەوەیەك لەنێو بونیادەکانی نمایش نیشان نادات، چونکە دۆزینەوەی ئاماژەی نووسین پڕۆسەیەکە خوێندنەوەی نووسراو بەرهەمی دێنێ، ئەوەش پێش کارکردنی دەرهێنەر لەدەق، ئەو کاتەی ئاماژەکان دەدۆزێتەوە و بەئاماژەیتر هەوڵی گۆڕینیان دەدات، بۆیە لەو کاتەدا پێویستمان بە (ڕەگەزی ئاهەنگ) ە، کەچاوگەی زەمەنی یەکەمی ئێستایە، گەیاندنی ئاماژەی نمایشە بۆ وەرگر، تاوەکو لە (ڕەگەزی ڕاوێژکردن) وێنە بینراوەکان بگۆڕێت بۆ وێنەی هزری، گۆڕینیش واتە گۆڕینی دەلالەت کە ئێستا دەکات بە داهاتوو. بۆیە ئەو ئاماژەیەی زەمەنی شەوو ڕۆژ نیشان دەدات، ماهیەتی ئاشکرا کردنی نیە بۆ وەرگر، بەقەد ئەوەی گۆڕینی ئەو زەمەنی لەودیو کاتەوە کە هەڵگری چەمکی فەلسەفیە، گرنگ نیە وەرگر بزانێت لەکاتژمێر چەند هاملێت هەڵدەستێ بەپیلان گێران بۆ کوشتنی غرترود و دۆستەکەی، بەڵکو ئەوەی گرنگ ومەبەستی نمایشە ئەو لەچ زەمەنێکی فەلسەفیەوە پڕۆسەی کوشتن ئەنجام دەدات، ئایا هاملێت تووشی گرێی ئۆدیب هاتووە؟ یاخود شیزۆفرینیای هەیە؟ گەر ئەوانە نەبێت دەشێ تۆڵەکردنەوەی پیاوێك بێت.....هتد

ئەو پڕۆسەیەش پێویستی بەڕێکخستن هەیە، بۆیە سیمیۆلۆژیا بۆ دامەزراندنی گوتاری نمایش هەوڵی یەکگرتنی توخمەکانی نمایش دەدات، کە کۆکردنەوەی ئاماژەیە دەکرێ بە "یەکێتی بونیادەکانی گوتار" ناوی بەرین، هەریەکە لە دەق و دەرهێنان ونواندن کۆدەکانی سیمیۆلۆژیا دەست نیشان دەکەن، دەق داڕشتنەوەی جەستەیە بۆ گەیاندنی ئاماژە، تاوەکو ئەو مادده بێگیانەی لەدوو توێی لاپەڕەی دەقەوە نووسراوە ڕەهەندی پەیوەندیەکانی بدۆزێتەوە، دەبێ دەرهێنەر مانا ناسراوەکانی دال فڕێ بدات ولەشوێنیدا هەموو ئەو دەلالەتە ئاڵۆز وناديارانە دابنێ کە چەمکی فەلسەفی بەنمایش ببەخشێت لەڕێگەی هەڵوەشاندنەوەی ئەو کۆدانەی کەهەڵساون بەڕێکخستنی ئاماژە، کەواتە پڕۆسەی ئەرکیۆلۆژیای نمایش (١٧) ڕەهەند بەخشینە بەدەلالەت وڕێکخستنەوەیەکیترە، لەم قۆناغەدا هەموو دەلالەتە سادەکان دەرکراوەتە دەرەوە ودەقێکیتر دەبینین کە "هەستکردنی نمایش تۆڕێکە لەمانا" (١٨) ئەوەش دەقی نووسراوی کردووە بە دەقێکی بەرهەم هێنراو (دەقی سیمیۆلۆژیی) بنیاتی گوتاری سیمیۆلۆژیا نووسینەوەیەکی هاوبەشە وتوانای تاکەکان ڕەت دەکاتەوە، چونکە چۆن نووسەر دەبێ بەبیرۆکەی پرۆژەکە، دەرهێنەریش بەتەنها ڕۆڵی ڕێکخەر دەبینێ، هەوڵی ڕێکخستنی خەونەکە دەدات کە خەونی هاوبەشە. بونیادی پێکهاتەی گوتار ئاماژەکانی خۆی ئاراستەی وەرگر دەکات، بەڕادەیەك خودی ئەکتەریش ڕۆڵی وەرگر لەئاراستەی کارکردن ڕایەڵ دەکات.

بۆیە ئاماژە بەهۆی مەشقی کۆمەڵیەوە دەردەبڕدرێ وپلانێکی دەرهێنان کاری پێناکرێت، ئەوەش شێوازی دەرهێنەر دەگۆڕێ لەوەی ئەو کار بەمیتۆدێك بکات، چونکە هیچ میتۆدێك نیە لەنێو سیمیۆلۆژیادا کەببێ بەژێرخانی نمایش، بەڵکو کۆمەڵە ئاماژەیەك هەیە ودەرهێنەر دەبێ بەڕێکخەری وهەوڵی پیاچوونەوەی دەدات، ئەوەش بەدەربڕینی بۆچوونێك بۆئەوەی جارێکیتر خەریکی گەڕان نەبن وئەویش سەرلەنوێ ڕێکیان بخاتەوە، بۆیە نواندنی ئەکتەر بونیادی تەواوکەری گوتار کە بونیادەکانی دەق و دەرهێنان تەواو دەکات، بۆیە نواندن دەبێتە فڕێدانی ئاماژەکانی ناوەوە ودیارخستنی ئاماژە نەبینراوەکان وکارکردن بەئاماژە بینراوەکان، چونکە ئاماژەکانی نواندن بریتین لە ئاماژەی سرووشتی و ئاماژەی دروستکراو، بۆیە کۆزان لەبارەیەوە دەڵێت "نمایش ئاماژە سرووشتیەکان دەگۆڕێت بۆ ئاماژەی دروستکراو" (١٩)

بۆ ئەوەی ئەو ئاماژانەی لەژیانمان دەلالەتەکان ناخوێننەوە، ئەوە لەشانۆدا دەلالەتەکانی ڕووی شاراوەی پرسیاربن (ئاماژەی دروستکراو) کە لەئاماژەی سرووشتیەوە گۆڕاوە ونمایشی داخراو ئازاد دەکات بۆ

دەقێکی کراوەی نێو پرسیار، ئەوەش هەموو ئەو ووتارانە دەکاتە دەرەوە کەدەیانەوێ ڕەخنە بنووسن، چونکە لەوکاتەدا ئەو قەڵەمانەی بیانەوێ لەسەر نمایش دواندن بێننە بوون، دەبێ مەعریفەیان لەبەرامبەر نمایش دەرهێنەرە شانۆییەکە بێت، بۆیە ئەوانەی بانگەشە بۆ مەعریفەیەکی سەرزارەکی دەکەن دیسان لێرەدا شوێنیان نابێتەوە، چونکە ئەو خاوەن قەڵەمانە توانای خوێندنەوەی کۆدی جەستەیانە نییە، وەك ئاشکراشە کە جەستە نێردراوی سەرەکی سیمیۆلۆژیایە کاری ڕێکخستن کۆدەکاتەوە، ئەوەش جودابوون لەتەك ڕەخنە درووست دەکات، بەتایبەت لەنێو ئەو ئاماژە وتێزە ناتەبایەی کەجەستەی نەخوێنراو هەوڵی ڕاڤەکردنی جولە دەدات لەئاستی پەیوەندیە دەلالیەکان بۆ گەیاندنی ئاماژە، ئەوەش بەڕێگەی کینزیا (زانستی جولەی جەستە) کۆدەکانی جەستە ڕێك دەخات، ئەکتەر (نێرەر) بۆ گەیاندنی گوتار هەوڵی دەرخستنی کۆدی کارەکتەر دەدات، بەهۆی کارکردنی لە پانتایی شانۆ ویەکخستنی ئاماژەکان، ئەوەش پەیوەندی کارەکتەر دەخاتە نێو دۆزینەوە وسەرەتای دەسکەوتنی هێلەکانی گەیاندن بۆ وەرگر دەدات "دەتوانێ هەست بەو سەرچاوانە بکات لەڕێگەی کۆدی هاوبەشەوە لەنێوان خۆی وخاوەن گوتارەکە" (٢٠)، چونکە نمایش ئەو دەقە بینراوەی ئاراستەی وەرگر دەکرێ، ئاماژەکانی لەتۆڕێکی بەربلاًودا سیمیۆلۆژیای شانۆیان پێکهێناوە، ئەویش ژێرخانی زمانی شانۆیە، ئەوەش دۆزینەوەی لەناو ئەرکیۆلۆژیایە، چونکە زمانی شانۆ لەبنەڕەتدا لەناو دەق بوونی نەبوو، خولقاندن نمایشی کردووە بەزمان، لەزۆر کارکردن لەسەر دالی پانتایی دەق دەگاتە سەر هێلێکە ئاسۆیی کە بە بۆچوونی سۆسێر ئەو هێلە مانا دادەخات (٢١)

بۆیە دالی پانتایی دەق دەبێ بکرێ بەگۆڕەپانی ڕووداو کەبونیاجە ناوەکی ودەرەکیەکان زیاتر بکەونە نێو پرۆژەی کارکردن وئەوەی بۆ پانتایی دەق دەمێنێتەوە ڕێکخستنی ئەو بونیادانەیە لەناو پرۆسەی نمایشدا، واتە دەبێ بە کۆدی گوتار بۆ بەرهەم هێنانی نمایش، وەزیفەی ئەرکیۆلۆژیا زیاتر لەساتێکی وادا دەردەکەوێ کەدەبینین دەستدان لەزمان وگۆڕینی سیستمی زمان، واتە گۆڕان لەپیرۆزیە مێژووییەکان (٢٢)

کەواتە ئەرکیۆلۆژیا بەتەنیا هەڵکۆڵینی زمان نیە، بەڵکو هەڵکۆڵینە لەنێو خودی مێژووی جەستەی شانۆش، چونکە ناکرێ قسە لەزمان لای داهێنەرێکی شانۆیی بکەین بمانەوێ بونیادی شاراوەی ئەو زمانە لەهەڵکۆڵین بەرهەم بێنین ودەسکاری مێژووی ئەزموونەکەش نەکەین.

دەسکاری کردن چەمکێکی جیا لەو تێڕاوانینە باوەی هەیە، لێرەدا دەسکاری نەکردن ڕازیبوونە بەو تیۆرە شانۆییەی کە لەسەردەمی خۆی نووسراوە، نەك دەسکاری کردنی مێژوو بەو چەمکە کۆمەڵایەتییەی باوەی هەیە، ئەوەش جیاکردنەوەی زمانە لەمێژوودا، کە کۆد لەناو گوتاری نمایش وەزیفەی هەریەك لەو دوانەمان بۆ ئاشکرا دەکات، بەو پێیەی مێژوو دەبێت بەچوار چێوەی دەرەکی وزمان بە بونیادی ناوەکی، ئەوەش لەڕێگەی ئەو سیستمەیە کە دەق بەتەقاندنەوەی پانتایی زمان دێتە نێو پانتایی دەقەوە، تاوەکو مانا بەکراوەیی بەجێ بهێڵێت وئاماژە لەنێو بونیادی دال نەکوژێت، ئەوەش گەڕانەوەیە بۆ ئەو تێگەیشتنە سۆسێریەی کە ئاماژە یەکێتیەکە لەنێوان دال ومەدلولە، گەیاندنیش لەپرۆسەی نمایش گەیشتنە بەمانا بەهۆی پەیوەندیەکانی کۆمەڵە ئاماژەیەکەوە گوتار پێك دێنێت، پێکهاتەی گوتاریش هەڵگری پەیامی نمایشە کەمانای لەخۆ گرتووە، مانایەك لەڕێگەی ئاماژەوە دێتە نێو پرۆسەی بیرکردنەوە، دەربڕینی ئەکتەر لەو کاتەدا سەرجەم ڕەگەزەکان دەگرێتەوە، ئاماژەکان بەسەر یەکەوە کار بۆ گەیاندن دەکەن، واتە بۆ ئەو پرۆسەیەی ئەکتەر دەیەوێ بیگەیەنێ کۆمەڵێك جولەی (بینراو+بیستراو) بەرجەستە دەکات، ئەوەش نزیکبوونەوەیە لەتوخمە هونەریەکانیتر "وەك ئەوەی ڤاگنەر لەشانۆی سەراپاگیر داوای دەکرد، داوای کرد هەموو هونەرەکان لەپێناو شانۆ بخرێنە کار" (٢٣). فرە ڕەهەندی مانا فراوان کردنی ئاسۆی زمانە، چونکە ئاماژەیەك هەیە خوێندنەوە دەیەگەیەنێ بەستراتیژیەتی وەرگر، بەڵام نێرەر دەیەوێ وەرگر بۆ

کردەی وەرگرتن خەزێنەی ناوەکی ئازاد بکات، ئەو خوازیارە دالی کراوەی نێرەر ڕووبەڕووی دەقی داخراوی نەکات، چونکە وەك کۆزان هەر شتێك لەنواندنی شانۆیی هەبێت بە ئاماژە ناوی دەبات، ئاماژەش دەروازەی نێو کایە هونەریەکانە، چڕکردنەوەشی کۆکردنەوەی تێڕوانینی نمایشە، لێرەدا ڤاگنەر دەکەوێتە بەر هەڕەشەی ڕەخنە بەهۆی ئەوەی هونەرەکانی ببنێن زیاترین بەشیان دێنە نێو ئاماژە بەپێچەوانەی بیستنەوە کەدەکرێ بەشێکی کەمی بێت، دیارترین ئاماژە کەببینێن بەکار بخات وببیکاتە دەروازەی هاتنی وەرگر (شوێن) ە، ئەوەش بینینی سینۆگرافیای شانۆیە، دەتوانێ لەئاماژەی شتەکانەوە، پەیوەندی کارەکتەرەکان بە بونیادی شوێن بناسێنێ، چونکە ئاماژەی شوێن گوتاری دامەزراندنی نمایشە کە دەیەوێ ڕێگا بۆ ئاماژەکانیتر فەراهەم بکات، لەئاماژەی نەجولاوی بینراو دەیناسێن ولەڕێگەی جولەی ئەکتەر چوارچێوە شێوەکاریەکان جولەی بینراومان نیشان دەدات، ئەوەش بۆ درووست کردنی پەیوەندیە بە وەرگرەوە، کە لەهۆلی بیناسازی ئیتالی هەر لەسەرەتاوە وەرگر ئامادەیی خۆی بۆ نمایش نیشان دەدات، کە ئەویش دەرخستنی کۆمەڵە دیمەن و وێنەیەکە، کەچی ئەو هاوکێشە شانۆییە لەو نمایشانەی لەهۆلی بیناسازی ئیتالی دەردەچن دەگۆڕدرێن بۆ داڕشتەو بارستایی جیاواز، ئەوەش وەرگرتن دەباتە ئاستێکیتر ولەشێوەیەکی ناتەبادا هەولی دەرخستنی ئاماژە دەدات، کە بێگومان وەرگر بۆخۆی دەبێتە بونیادێکی ناکامل لەناو ئاماژەی شوێندا، بەهۆی ئەوەی جولە دەست نیشانی شوێن دەکات، جولە وپێکهاتە وێنەییەکان سنوری وەرگر دەبەزێنن، وەرگر لەو وێنە شانۆییە دەکەن بەبەشێك لەڕووداو بەخولقاندنی ڕەهەندێکی فراوانی ئاماژەی نێو نمایشەکە، ئەوەش بۆخۆی کۆمەڵە پەیوەندیەکیتر ئاشکرا دەکات لەڕێگەی داڕشتنەوەی بۆشایی.

زەمەنی نمایش و زەمەنی ڕووداو لەنێوان ڕەهایگەرایی کردەی درامی (ڕووداو) لە ئاماژەی بێرسیەوە دەگوازێتەوە بۆ ئاماژەی سۆسێریی (٢٤)، چونکە ئاماژە لەزەمنی ڕووداوەو لەزەمەنی نمایش پەیوەندیەکی ئاڵۆز ئاوێتەی فەلسەفی دەرهێنان کراوە، کۆمەڵە ئاماژەیەکی نێو نمایشە، ئەوەش لەنێو بینراوی نمایش (پانتایی شانۆ) خۆی حەشارداوە، هەرچی نێردراوە دەوستێ کە "کردەی ئاماژەکاری هەڵدەستێ لەڕێگەی ژمارەیەکی بێکۆتایی لەپێکهاتەی داهاتوو" (٢٥) لەوانەیە پێکهاتەیەك لەنمایش درووست بێت یا بەپێچەوانەوە، ئەوەش وەرگر دەخاتە بەردەم بەرپرسیاریەتی گەیەنراو، چونکە ئەو لەسەریەتی بەو دیوەی وێنە  بگات کەنیشانی دراوە، لەبەر ئەوەی هەرگیز کاری شانۆکار نیە ڕووی نەبینراوی وێنە ئاشکرا بکات، ئەوە بەرپرسیاریەتی وەرگرە کە ستراتیژیەتی نمایش داوای ئاشکرا کردنی لێدەکات، بۆ ئەوەی ئەکتەر ئاماژەی نێردراو لەڕێگەی کۆدی نواندنەوە ڕێکبخاتن کە ناردنی دالە لەڕێگەی جولە وکارکردنەوە، ئەوەش جولاندنی هزری وەرگرە بۆ بەگژداچوونەوەیە بە یادەوەری کە وێنەی شانۆیی کۆمەڵە ئاماژەیەك بەمەبەستی پرسیار فڕێ دەدات، ئەو پرسیارانەش زیاتر بەرەو سایکۆلۆژیا دەڕۆن، واتە لەسایکۆلۆژیەتی وەرگر نزیك دەبنەوە، لەو تێگەیشتنەوەش ئارتۆ سەیری شانۆی دەکرد کە دەبێ نمایش لەخەونەوە نزیك بێت، تاوەکو نەست ئازاد بکات، بۆیە ئەو خەونەی وێنەی شانۆیی زەمەنی ڕووداوە دەیەوێ لەناو سینۆگرافیای بینراودا ئاماژە دیاری کراوەکان نیشان بدات، چونکە کردەی وەرگرتن لای بینەر ئاراستەی گەیاندنی کۆدە لەلایان نێرەرەوە لەنێو گوتاری نمایشدا، ئەوەش لەناردنیدا پرۆژەیەکی داهاتووی هەیە کە لای بینەر گەیاندنی گوتارە کە وەرگرتن مەیسەر دەکات، ئەوەش هەریەکە لە (نێرەر– ئەکتەر)و (نێردراو– بینەر) کۆدی یەکتری دەناسن وبەئاراستە هێلی یەکتری نامۆ نین، بۆیە پێکگەیشتنی ئەو دوو کۆدە کەهەریەکەی کۆمەڵە ڕەگەزێکیان لەناودا کۆبۆتەوە، وەك "جەستە، دەنگ، ڕەنگ" ئەوەش لەکەناڵی هەستەکان دەنێردرێت، لای نێردراو بۆ وەدەست کەوتنی ئاماژەکانی پرسیارە کەچەمکە فەلسەفیەکەی شانۆی لەخۆ گرتووە، ئەوەش ستراتیژیەتی نمایشی شانۆییە، کەواتە ئەو ستراتیژە چیە

ستراتیژی نمایشی شانۆیی قووڵ بوونەوەیە بۆ یەکگرتنی پەیوەندیەکان، هەربۆیە بەردەوام دەرهێنەر هەوڵ دەدات ئەو پەیوەندیە بەرەو ڕەزمێکی پتەو ببات، کە ببێتە ئەنجامی توێژینەوە لەنێوان نمابش ووەرگر، دامەزراندنی ئەو پەیوەندیەش لەسەر دال بەرهەمی دینێت ئەویش خەونێکی نەستیە، چەمکەکانی دەسەلات دەگۆڕێت، واتە لەو خەونەدا هەرگیز دەسەلات ئەو مانایەی نابێت کە لەهۆشدا هەیەتی، ئەوەش ڕووبەروو بوونەوەیەکی تازەیە بۆ وەرگر لەبەرامبەر نمایشی شانۆیی.

کارکردنی ئامارژە بۆ درووست کردنی ئەو وێنە هزریە دۆزینەوەیەکە وەرگر لەو کاتەدا لەو حەقیقەتە دەگات کاتێ ئەزموونی هاودژی بینی وچەمکی فەلسەفی وێنەی بۆ ئاشکرا بوو، ئەو کات ئاسۆی بیرکردنەوەی دڵنیای دەکات "گواستنەوەی واقیع بۆ شانۆ هەڵخەڵەتاندنی وەرگرە" (٢٦) ئەوەش درووست بوونی دیدگایەکی ڕاستگۆیانەی ئەوە بەوپەڕی ڕاستگۆیی و بوێریەوە لەگوتاری شانۆ دەڕوانێ، هەرچەندە دیسان خەیاڵ وێنای زەمەنی بینینی ئەو دەکات، بەلام زەمەنی وەرگرتنی ئەو نیشاندانەوەی فەوزایەك نیە، بەڵکو جیهانێکی لۆژیکی بۆ وێنا دەکات، ئەوەش گۆڕینی پانتایی نووسراوی دەقە بۆ نێو شیعریەتی جولە، چونکە پانتایی تازە لەنووسین دەردەچێت ودەپەڕێتەوە بۆ پانتایی خەون، ئەمەش کۆمەڵێك وێنەی نێو خەونە دەبنەوە داڕشتەیەکی بۆشایی، پانتایی خەون ئامارژەکارێکی سیمیۆلۆژیە، ئامارژەکان دەکات بە ئامارژەی بینراو کەلەسەر شوێنەواری دەقی نووسراو (دەقی نووسەر) بنیاتنراوە، چونکە دەقی یەکەم بۆشاییەکی زۆری تیایە کە دەقی نمایش دەیباتە ئاستی کامل بوون، بۆ چارەسەرکردن دەبێ دەرهێنەر ووردبین بێت لەتەك بۆشایی، تاوەکو ئەو هاوکێشە شانۆییەی کە نووسەر ناتوانێ چارەسەری بکات، ئەو لەنێو پرۆژەی دەرهێناندا بیکاتە وێنەی جولاوی بینراو، ئەوەش بۆ درووست کردنی پەیوەندی کارەکتەرە بە بۆشاییەوە، نووسەر لەتوانای نیە ئامارژە سەرەتاییەکان بگۆڕێت بە ئامارژەی زەمەنی کە پەیوەندی بە پانتایی شانۆوە هەیە، بۆیە "پەیوەندی دەقی نووسراو ودەقی



کە کۆد بۆ پێکگەیشتن دەکەوێتە ململانێ لەگەڵ کۆدی بەرامبەر؟

نمایش پەیوەندیەکی بەرایی ساکار نیە، بەڵکو پەیوەندیەکی پێکهاتەییە" (٢٧)

ئەوەش بەرهەم هێنانی مانایە، کەواتە دەقی نووسراو پەیوەندیەکانی مردوون، بۆیە نابێ بە پێکهاتەی گوتاری شانۆ، بەڵکو ئەبستیمێکە ئاماژەی تیا دەست نیشان دەکرێت بۆ کارکردن، ئەوەش دەرکەوتنی ڕۆڵی گرنگی سیمیۆلۆژیای شانۆییە، ئەو تێگەیشتنە زەمینەیەکی تیۆریی پتەوە بۆ ئێمە تا بتوانین بۆ ئەزموونی ئەلتەرناتیڤ کار بکەین، ئەزموونێك کەناومان ناوە شانۆناسی، کەواتە با بزانین لەو ئەزمونە ئەلتەرناتیڤەدا شانۆناسی مانای چیە؟

شانۆناسی چەمکێکی سەرەکی نێو کاری شانۆییمانە، بەر لەهەر شتێك پێویستە ئاماژە بۆ ئەوە بکەین کە شانۆناسی (زانستی شانۆ) ئەو زانستە نیە کە لەخۆرئاوا وەك بابەتێك بۆ پسپۆڕی دەخوێنرێت، شانۆناسی زانستی شانۆی باو نیە وەك زانستێك بۆ شانۆ کە لە خۆرئاوا بوونی هەیە، شانۆناسی بۆ ئێمە بەرەنجامی ئیشکردنی تیۆریە لەبواری جەستە و دەنگدا، ئەوە لەئەنجامی گەڕان و پشکنینەکانمان پێی گەیشتووین، چەمکێك نیە لەخۆڕا هاتبێتە ناو کاری ئێمەوە، بەڵکو گومان کردن لە زانراوەکان ئێمەیان گەیاندە شانۆناسی، تەنانەت گومان لەوەی پێی دەووترێ زانستی شانۆ، چونکە ئەو ناسینە پێویستی بە بەتاڵکردنەوەی مانا بارگاوی کراوەکانە، شانۆ پرۆسەی خوڵقان و بنیاتنانە، کەوابێ شانۆناسی دەبێت بەرهەمی ساتەوەختی عەقڵی کارکردنی شانۆکار بێت، لەڕاستیدا ئەوەمان لەچەمکێکی سیمیۆلۆژی خواستووە بەناوی (دەقناسی) واتە زانستی دەق، دەکرێ کەمێك لەسەر دەقناسی بووەستین، کە لە فەیلەسووفی فەڕەنسی بە نەژاد بولگاری (ژۆلیا کریستیڤا) وەرگیراوە، دەق لەڕێگەی زانستەوە لەهێڵێکی بەیانی مێژوویی دەگۆڕێت بۆ پانتاییەکی کراوەی فرەمانا، لەو ڕێگەیەوەش دەلالەتە مێژوویەکانی دەق گۆڕانی بەسەردا دێت، هۆیەکەشی مردنی تاکمانایی و مانای ڕەهایە، کە مانای ڕەها دەمرێ، سیستمی دەلالی ئاماژەکان مانای جیاواز دێننە بوون، ئەوەش ئیشکردنەوەیە لەسەر ئێستا نەك لەسەر پیرۆز کردنی تاکە مانای مێژوویی، فرەمانایی و کرانەوەی پەیوەندی بە پرسیارکردنەوەیە لەزەمەنی ئێستامان "بۆیە پرسیار لەزانستی دەق یەکێکە لەهەرە پرسیارە سەرەکیەکان کە ئاراستەی سێنتەری دەقی دەکات، ئەو پرسیارەش کارکردنە بۆ ستراتیژی سیمیۆلۆژیا کە بەدەقناسی دەبەستێتەوە" (٢٨)

لێرەدا مانا جەوهەریەکانی دەقناسی بەڕوونی دەردەکەوێت، پەیوەندی جەوهەری بە سیمیۆلۆژیاوە هەیە، ئێمە لێرەدا (دەقناسی) مان وەرگرتوو، گۆڕیمان بە (شانۆناسی) بەهۆی ئەوەی پرۆسەی بەرهەم هێنانی نمایشی شانۆیی لای ئێمە مانایەکی تەواو جیاوازی هەیە، شانۆ لەکاری ئێمەدا بریتی نیە لەپلانێکی ئامادەکراوی سەر کاغەز، بەڵکو پرۆسەی خوڵقاندنە لەمەشقەکاندا، بۆیە ئێمە هیچ نووسراوێکی سەر کاغەز چ وەك دەق یا بیرۆکە لەلامان بوونی نیە، چونکە ئێمە لەشانۆکردن پەڕیوینەتەوە بۆ شانۆناسی، ئەوەش پرۆسەی میتا شانۆیە، هەموو شتێ بەرەنجامی گەڕان و پشکنینە لەبواری جەستە و دەنگدا، پاککردنەوەی شانۆیە لە ئەدەب، شانۆ لەناو شانۆ بنیات دەنرێت، کولتوورە جیاوازەکان لەیادەوەری جەستەی کولتووریدا بایەخی خۆی هەیە، بەهۆی ئەوەی ئەو کولتوورە جیاوازانە لەساتی مەشق بەکار دێنێتەوە، بەڵام هەموو ڕەهەندە مێژوویەکانی و مانا دەست نیشان کراوەکەی نێو مێژوو دەکوژێت، تاوەکو مانای نوێ و ڕووبەری کەشف نەکراو بۆ مانا بخوڵقێنێت، ئەو فرە ماناییە لەکولتوور پرسیار دێنێتە کایەوە، پرسیار لەزەمەنی هەنووکەییمان، لەو ساتەی لەناو سرووتە شانۆییەکە ئامادەییمان هەیە، بەهۆی ئەوەی ووشە بوونی نیە، بەڵکو دەنگ گوزارشت لەساتی ئازارو چێژ بەخشینمان دەکات، ئەوە شانۆیەکی دوور مەودایە، دەیەوێ بەرەو تاریکستانەکانی ناخمان بچینە خوارەوە، سەرەنجام هەموو ئەمانە لەڕێگەی سرووت و جولە ودەنگ و ماتریالەکان دەقێکمان بۆ دەنووسنەوە، دەقێکی نەنووسراو لەڕێگەی دارشتنەوەی بۆشایی دەنووسرێتەوە، پەیوەندی بە نووسینی سەر کاغەزەوە نیە، ئەوە پرۆسەی لەدایکبوونی شانۆناسیە.. دەست نیشان کردنی جیاوازیەتی لەگەڵ

شانۆ کردن.

بنیاتنانی نمایش بەبێ دەق و بیرۆکە چۆن درووست دەبێت؟ ئەو پرسیارە گومانی بینەرێکی زۆری ئێمەیە، بەڵام بەهۆی پرۆسەی گەڕان لەشوێن وخوڵقاندنەوەی پەیوەندی جەستەی کولتووری بە پانتاییەوە، (دیارە ئێمە لەشوێنی ئەکتەر جەستەی کولتووری بەکار دێنین و لەشوێنی دەرهێنەر داڕشتنەوەی پانتایی هۆیەکەشی گۆڕینی ئەو هاوکێشانەیە کە پەیوەستە بە شانۆناسیەوە، ئەو گومانە بە پرسیاری فەلسەفی ڕەوایەتی خۆی وەردەگرێت، ئەوە ئیشکردنەوەیە لەسەر چەمکەکانی "خۆشەویستی، مەرگ، فەنابوون، تەنیایی، ترس" ئەو چەمکانەی لەهەموو سەردەمێکدا پەیوەندیان بە مرۆڤەوە هەیە، جیاوازی نەتەوەیی و ئاینی و ڕەگەزی ئەو چەمکانە ناگۆڕێت، بەڵکو دەکرێت لە ڕووبەڕوو بوونەوە ومیکانیزمی چارەسەری کولتووری گۆڕانی بەسەردا بێت.

بیرۆکە لەکاری ئێمەدا بۆ سەرەتا گرنگ نیە، دەزانین کەسانێك ئەو دەستەواژەیان پێ قبوولْ ناکرێت، بەڵام ئەوەی بۆ ئێمە گرنگە ئامادەبوونی جەستەی کولتووریە لە پانتایی ئەوە ئامادەبوونی دەنگە.. نووسینەوەی جەستەیە، کەچۆن پەیوەندی فەلسەفی و ئیستاتیکی تیا دەخوڵقێنرێت، مەشقەکان وەڵامی پرسیارەکانمان دەدەنەوە، پرسیارەکانمان پرسیارە فەلسەفیەکانی ئەو زەمەنەمان دەبەینە ناو کولتوورە جیاوازەکان، گومان لەمانا مێژوویەکانی کولتوور دەکەین، ئەوە شانۆناسیە کە دەقێکمان بۆ بەرهەم دێنێت ڕۆژەکانی پرۆڤە نووسیویەتیەوە، ئەوە بەشێکە لەنهێنی کارکردنمان، چونکە دەق مەشقە، نەنووسراوێکە لە دەربڕینی دەنگ وگوزارشتی جەستە دەیەوێ شانۆ بنووسێتەوە، نووسینەوەی شانۆ دەسپێکێکیترە بۆ شانۆناسی، ئەوەش داڕشتنەوەی سەرلەنوێی کولتوورە جیاوازەکانە، پرۆسەیەکە بۆ نووسینەوەی سرووت، نووسین کردەیەکی بەرجەستە کراوی ئاماژەکاریە، ئەوە بەرزکردنەوەیەتی لەسەر ئاستی ئاماژەی دەنگی بینراو، سرووت بەرەنجامی مانا کولتووریەکە نیە، بەڵکو لەئەنجامی ئیشکردن لەسەر کەشفکردنی مانا نوێیەکانی کولتوور هاتۆتە دی، ئەوەش پێویستی بە خوێندنەوەی ئاماژە جیاوازەکانی سرووتە، ئەو خوێندنەوەیەش تەئویل کردنەوەی پرۆسەی شانۆناسیە، بۆ ئەو کارەش دەبێ لەڕوانگەی میتۆدی سیمیۆلۆژیەوە بخوێنرێتەوە، ئەو خوێندنەوەیە دەمانگەیەنێتە پرۆسەی بەرهەم هێنانەوەی شانۆناسی، کەبتوانین نەزانراوەکانی شانۆناسی بناسین، بۆئەوەش ناو لەو ئاراستە ڕەخنەیی و تێزە پێشنیارکراوە دەنێین سیمیۆلۆژیای شانۆناسی، بەهۆی ئەوەی هەریەکە لەشانۆناسی وسیمیۆلۆژیای شانۆ دەیانەوێ بۆ نووسینەوەی ڕووبەرە نەنووسراوەکان بەشداری لەوەیتر بکات.

کاتێ هەریەکە لە شانۆناسی وسیمیۆلۆژیای شانۆییمان ناسی، دەتوانین لەسەر ئەو تێزە زیاتر قووڵ بینەوە کەناومان ناوە سیمیۆلۆژیای شانۆناسی، ئەوەش بینینی دەنگە وەك ئاماژە، بەڵام ئاماژەیەك بەمەبەستی وێنەیەکی دەست نیشان کراو نیە، بەڵکو دەنگ ئاماژەیەکی فرە ڕەهەندە بەهۆی ئەوەی ئاماژەیەك نیە بۆ ناسینی وێنەی دەنگی، هێندەی ئاماژەی پرسیارە، گۆڕینی مانا سوونەتی وڕەهاکانی وێنەی دەنگیە، سیمیۆلۆژیا لێرەدا بنەماکانی شانۆکردن بەلایەوە بوونی نیە، ئەگەرچی ئێمە لەو پرۆژەیەی چوار ئەزموونی گرتە خۆی جل وبەرگ یەك شێوە بوو، ئاماژە بوو بۆ پۆشاکی سەردەمی زەردەشتیەت، ئەوە هێندەی ئاماژەیەکی کولتووری جەستە بوو، هێندە پەیوەندی نەبوو بەئاماژەی مێژوویی، بەڵکو ئاماژەی مێژوویی بۆ جل وبەرگ دەکوژرێت وئاماژەی کولتووری شوێنی دەگرێتەوە، ئەوەش تاڕادەیەك پێچەوانەی بۆچوونەکەی کۆزانە لەبارەی جل وبەرگەوە کەبڕوای وایە "ناسینی بەوە کۆتایی نایەت بەوەی لەبەری دەکات، جل وبەرگ هەروەها ئاماژەیە بۆژینگە یا بۆقۆناغێکی مێژوویی" (٢٩).

دیارە کەپرۆژەیەکی ئەزموونکاری وویستی جیاواز بیر بکاتەوە وگومان لەشتەکان بکات، ئەوکاتە ئەو تێگەیشتنەش دەگۆڕێت، ئەوەش بەرەنجامی ئیستاتیکای

ئەزموونەکەیە، جل وبەرگ وەك ئاگر وایە، ئاگر بۆ ئێمە ئاماژەی کولتووری وپەیوەندی بەڕۆحی کوردیەوە هەیە، نەك ڕەمز بێت بۆ زەردەشتیەت، بەڵکو وەك ئاماژەیەك بۆ ئارەزووکردن لەژیان.. ئاگر زیندەگی بوونە، بوونیش لەناو جەستەی کولتووریدایە، جەستەی کولتووری لەڕێگەی ئەو جل وبەرگەوە دەیەویٚ وێنەی موغێك بەخۆی ببەخشێت، موغێك بەتاڵ کراوەتەوە لەمانای زەردەشتیەت ومانایەکی شانۆیی پێدراوە، بۆیە جەستەی کولتووری موغە، وەك چۆن بۆ گرۆتۆفسکی ئەکتەر قەدیس بوو، بەڵام قەدیسی کلێسا نەبوو، بەڵکو قەدیسی شانۆ بوو، یاوەك چۆن سارتەر لەکتێبە تایبەتیەکەی لەسەر ژینە، ژان ژینیەی بەقەدیس ناوبرد، ئەوە تەنیا بۆ مانای موقەددەس بوونە، تەنیا وەك مانا ڕەمزیەکەی بۆ پیرۆزیەکەی وەردەگیرێتەوە.

ئەوەی بۆ ئێمە دەیکات بە موغ و بۆ گرۆتۆفسکی قەدیس، پەیوەندی بەجیاوازی کولتووری نێوانمانەوە هەیە، جیاوازیە کولتووریەکانمان وای کردووە هەریەکەی خەسڵەتەکانی خۆی لەماناو تەنانەت ناونانیش جیاواز بێت، جیاوازی کولتووری بەتەنیا پەیوەست نیە بەدوو شانۆکاری کولتوور جیاواز، ئێمە وای دەبینین شوێن کاریگەری کولتووری بەجێ دێڵێت، بەوەی ئەوەی وای کردووە کارکردنی ئێمە بچێتە شوێنی مێژوویی پەیوەستە بەو شارەی کە ئێمە شانۆی تیا دەکەین، شارێك کەبواری فرەکولتووری زیاتر دەتوانیٚ قبوولٚ بکات بەهۆی بوونی کولتووری جیاواز لەشوێن، ئەوەش وا دەکات جیاوازی



ئێمە لەتەک هەر گرووپێکی ئەزموونکاری تر دەست نیشان بکات، بۆ نموونە جیاوازی تیپی شانۆی ئەزموونگەری کەرکوک لە لابۆری شانۆی لالش بەتەنیا جیاوازی ئەزموونکردن نیە، بەڵکو بوونی دوو شوێنی جیاواز بەیەکی وەکو کەرکوک و ڤیەننا بۆ ئێمە جێگەی سەر سەرنجە، بوونی دوو شوێنی جیاواز وای کردووە چەمکەکانیش گۆڕانیان بەسەردا بێت "دەنگ لە لابۆری لالش زیاتر دەنگێکە جەخت لەسەر تەکنیکێکی بەرزی ئاستی دەنگی دەکات، ئەوە گەڕانە بەدوای بونیادی ئاهەنگسازی لەنێو دەنگدا، هەرچی لەلای تیپی شانۆی ئەزموونگەری کەرکوک دەبینرێت، دەنگ پەیوەستە بە یادەوەری کوردیەوە، لە تیۆریزە کردن و نووسینەوەی ئەزموونەکان ئەوەمان ناو ناوە (یادەوەری لەیاد کراو) بۆ ئێمە دەنگ ئەو یادەوەریە دەگەڕێنێتەوە، لابۆری لالش جەستە و دەنگ وەک یەک میکانیزمی فیگور سەیر دەکەن، بەوەی بە هەردووکیان فیگوری نمایشکار بنیات دەنێن، هەر بۆیە ناویان لە جەستەی نمایشکار ناوە (جەستەی ئاهەنگسان) هەرچی لەلای ئێمەیە هەریەکە لە (جەستە) و (دەنگ) دوو میکانیزمی گوزارشت کردنی سەربەخۆن، بەڵام لەناو پێکهاتی دەنگی کۆ نابنەوە تا ناوی بنێین (جەستەی ئاهەنگسان) بەڵکو لەناو پێکهاتی کولتووری کۆ دەبنەوە، بۆیە ناومان ناوە (جەستەی کولتووری) ئەگەرچی جەستەی کولتووری جەستەیەکی ئاهەنگسازە، ئەوانە نزیک بوونەوە نیە لە ئەزموونەکانی ئەو دوو گروپە، بەڵکو ئەوە خاڵە بنەڕەتیەکانە کە هەریەکە لەو دوو گروپە لێک جیا دەکاتەوە نەک نزیکی بکاتەوە" (٣٠)

هەربەشێک لەجەستەی کولتووری ئاماژەی سەر کوتکراوی ناو پانتایی کولتووریە، بۆیە لەکەرنەڤاڵی کولتوورەکان (نمایش) ئەو ئامازە سەرکوتکراوە ئازاد دەکات بۆ تەئویل، پرۆسەی تەئویل خوێندنەوەی بونیادی کولتووری جەستەیە، بەناسینی ئەو جەستەیە توانای ئامادەبوون فەراهەم دەبێت بۆ بوونی وەرگر وەک جەستەیەکی کولتووری لەناو کەرنەڤاڵەکە، لێرەدا هێندەی ئامادەبوون لەکەرنەڤاڵ ماهیەتی خۆی هەیە، بەهیچ شێوەیەک تێگەیشتن لەڕیتوالی کەرنەڤاڵ گرنگی نیە، کێشەکە لەسەر تێگەیشتن و تێنەگەیشتن نیە، بەڵکو لەسەر ئامادەبوون و نائامادەبوون ئەو هاوکێشە شانۆییە درووست بووە، دەنگ ئاماژەی جەستەی چەپێنراومانە، وەک چۆن ئامازە نەستیەکانی یادەوەریە، هەریەکە لەجەستە ودەنگ تۆڕێک لەئاماژەی زمانەوانی و نازمانەوانی درووست دەکەن، بەوەش تەواوی پرۆسەی نمایش دەبێ بەگوتارێکی سیمیۆلۆژی، گوتارێک کتێب ونووسین ناینووسێتەوە، بەڵکو مەشق و گەڕان و پرۆڤەکان درووستی دەکەن، بۆیە مەشقەکان پێویستیان بەهیچ کتێب و سەرچاوەیەک نیە، هێندەی ئەو کولتوورەی جەستەی تۆ هەڵگریەتی، هەر لەو ڕۆژەی درک بەژیان دەکەیت تادەگات بە هەموو ئەوانەی دەیانخوێنیتەوەو ئەزموونیان دەکەیت، هەموو ئەمانە لەناو کەرنەڤاڵی کولتووری کۆمەک بەجەستەی کولتووری دەکەن بۆ تەقاندنەوەی لەناو پرۆسەی شانۆناسی، ئەوە لەدایکبوونێکی ڕاستگۆیانەی ئێمەیە بۆ شانۆ، وادەکات شانۆ ئەفسوونی سەربەخۆی خۆی هەبێت، نەتوانرێ پێشتر خۆی بۆ ئامادە بکرێت، بەڵکو ئامادەبوون بریتیە لەبوونی تۆ لەناو گەڕان وپشکنینەکانت،



چونکە ئەوانن دەمانگەیەنن بەدەرەنجامی نویٚ وکەشف نەکراو، ئەوەش ئەزموونێکە وامان لیٚ دەکات بۆ ئەوەی چەق بەستن نەناسین خۆمان ئارامگرببن و بەدوای نهێنیە شاراوەکان بگەڕێین، دەتوانین ئەو ئەزموونە لەهەر شوێنێکی فەرامۆش کراوو مێژوویی ئەنجام بدەین، بەلاّم بەو مەرجەی ماوەیەك لەشوێنەکە بمێنینەوە، ئەو ئەزموونەی لەشوێنێك ئەنجام دەدریٚ ببردرێتە شوێنێکیتر بەهیچ شێوەیەك هەمان ئەزموون نیە (٣١) ئەوەش نهێنی ئەفسوونی شانۆناسیە کە ئەزموونەکە بەرەنجامی گەڕانە لەو شوێنە، ئێستە ئەگەر لێم بپرسن: سیمیۆلۆژیای شانۆناسی چیە؟ دوای ماوەیەك بێدەنگی بیر لەمەشق و پڕۆڤەکان دەکەمەوە، بەلاّم وەلاّمێکم نیە بەتۆی بلێم، چونکە ئەو لەوێیە لەپانتایی شوێنە مێژوویەکانی قەلاّ و قشلە و ئەو شوێنانەی خەونیان پێوە دەبینین وتائێستا ئەزموونمان نەکردوون.

## پەراوێز و سەرچاوەکان:


(١) رەخنەگرتن لە مۆدێرنیتی/ نیهاد جامی، سەنتەری ڕوناکبیری هەتاو ٢٠٠٦، لا ١٧٢

(٢) علم النص/ جوليا كريستيفا، ترجمة (فريد الزاهي) دار توبقال للنشر، الطبعة الثانية ١٩٩٧، ص ١٦

(٣) نظرية العلامات ودور القاريء/ امبرتو أيكو،

ترجمة (د. عبدالستار جواد) الاديب المعاصر، العدد ٤٦

(٤) هەمان سەرچاوە

(٥) رەخنەگرتن لە مۆدێرنیتی، لا ٢٩٢

(٦) مەبەست لە دەیالۆگی ئەفلاتوونی، ئەو شێوە ئاخاوتنەی فەلسەفەیە لای ئەفلاتوون کەخۆی پرسیار دەکات و وەلامیش دەداتەوە

(٧) مواقع/ جاك دريدا، ترجمة و تقدبم (فريد الزاهي) دار التوبقال للنشر، الطبعة الاولى ١٩٩٢، ص ٢٧

(٨) هەمان سەرچاوە/ ص ٢٣

(٩) قضايا السيميولوجيا المسرحية/ باتريس بافيس، ترجمة (محمد العماري) علامات، العدد (١٦) ٢٠٠٤/ص ١٠٢

(١٠)رولان بارت: نحو سيميائية سينمائية، أفاق عربية، العدد (٨) أب ١٩٩٩

(١١)العلامة في المسرح/ ابرد سفيلد، جريدة الوان، العدد (١) ١٥ تموز ١٩٩٧

(١٢)في حوار طويل مع عواطف نعيم، صوت الطلبة، العدد (٤٩٠) ٦ أذار ١٩٩٩

(١٣)مدخل الى السيمياء في المسرح/ زياد جلال، منشورات وزارة الثقافة (عمان) ١٩٩٢

(١٤)البلاغة والاسلوبية/ هنريش بليت (نحو نموذج لتحليل النص) ترجمة و تقديم (د. محمد العمري) منشورات دراسات سال (البيضاء) ١٩٨٩

(١٥)المعنى الادبي/ وليم راي، ترجمة (د. يوئيل يوسف عزين) دار المأمون (بغداد) ١٩٨٧

(١٦)شفرات الجسد/ عواد علي،دار أزمنة (عمان) ١٩٩٦

(١٧) لەووتارێکدا بەدرێژی لەسەر ئەو پرۆسە ئەرکیۆلۆژیە ورۆڵی لەنمایشی شانۆیدا وەستاوین، بڕوانە: ئەرکیۆلۆژیای نمایشی شانۆیی/ نیهاد جامی، گۆڤاری رامان ژمارە ٣٤ (تایبەت بە شانۆ)

(١٨) سيمياء المسرح والدراما/ كير ايلام، ترجمة (رئيف كرم) المركز الثقافي العربي (بيروت) ١٩٩٢

(١٩)هەمان سەرچاوە

(٢٠)مدخل الى السيمياء في المسرح/ زياد جلال، منشورات وزارة الثقافة (عمان) ١٩٩٢

(٢١)علم النص/ جوليا كريستيفا، ترجمة (فريد الزاهي) دار توبقال للنشر، الطبعة الثانية ١٩٩٧

(٢٢)ئەوەش لەژێر تێروانینی کریستیفایە بۆ مێژوو لەناو دەقناسیدا

(٢٣)مدخل الى السيمياء في المسرح/ زياد جلال، منشورات وزارة الثقافة (عمان) ١٩٩٢

(٢٤)بێرس پێی وایە ئاماژە وەك وێنەیەکی فۆتۆگرافی دەلالەتی دیاری کراوە، هەرچی سۆسێرە دەیەوێ کۆمەڵە واتایەك بۆ ئاماژە بدۆزێتەوە.

(٢٥)الرؤية في المسرح الصورة/ رياض موسى سكران، الموقف الثقافي العدد (٢١) ١٩٩٩

(٢٦) هەمان سەرچاوە

(٢٧) سيمياء المسرح والدراما/ كير ايلام، ترجمة (رئيف كرم) المركز الثقافي العربي (بيروت) ١٩٩٢

(٢٨) رەخنەگرتن لەمۆدێرنیتی/ هەمان سەرچاوەی پێشوو، لا ٢٧٤

(٢٩)المسرح كونة نظاما سيميوتيقيا/ بوبكر سكيني، المسرح دوت كوم/١٦-يناير- ٢٠٠٦

(٣٠) پەراوێزەکانی شانۆ/ نیهاد جامی، زنجیرەی چاپکردنی پرۆژەی تیپی شانۆی سێ کانی، ژمارە (٢) کەرکوك-٢٠٠٨/ لا ٩٢

(٣١) لەو بارەیەوە ئێمە ئەزموونی (یادەوەری دەنگ) دوای نمایش کردنی لەقشڵەی کەرکوك، لەشوێنێکدا لەقشڵەی کۆیە نمایشمان کردەوە، بەڵام ئەم دوو نمایشە دوو ئەزموون تەنها شتێك کەبەیەکەوە کۆیان بکاتەوە ئەوە ناوی ئەزموونەکەیە، بەهۆی ئەوەی ئەتمۆسفێرو ریتوالی کەرنەڤاڵەکە بەتەواوی گۆڕانیان بەسەردا هاتبوو.

# گەر ئەمزانی ئەم سەفەرە ئازیزێکم لێ وون ئەکات نە ئەرۆیشتم




هۆ چێوار گیان لەبیرت دێ لەگەڵ هۆرێن و هیوادا چەند پێکەنین...لەبیرت دێ پێت ئەوتم ئاگات لەهیوا بێت..نەیدەزانی هیوا چاومە لەمێژەوە..گەر ئەمزانی ئەم سەفەرەم هەر نەدەکرد. چۆن دەتوانم یادت بکەم.. تۆ یادگاری یەکەم شانوگەری منیت...

( دیدەنی ) تۆ پێکانمی بە تەختەی شانۆ ناساند..لەبیرت دێ لە ڕۆژانی ڕاپەڕیندا هەموو شەوێ تا بەیانی لەگەڵ چێوارەکەی تردا کە ئەویش بوو بە یادگارێك تا بەیانی پێدەکەنین.... ئەختەر خان و چنورو کالزۆو کارزان و هیواو مناڵانی تریش تا بەیانی بەرەبەیان عوسمان چێوار قسەی خۆشی بۆ دەکردین... قسەکان ناگێڕدرێنەوە هێندە زۆرن... دوا سەفەرم پرۆژەمان وادانابوو کەهاتمەوە ئەمجارەیان ئیشێك بەیەکەوە بکەین ..کەچی أۆیشتیت بەجێت هێشتین... ێشتا زۆری مابو جێمان بێڵی ...زوو ڕۆیشتیت ... هەر زۆر زوو بوو ئازیزەکەم... قسە لەگەڵ چنور دەکەم دەڵێ چێوارم بۆ بێنە.. چێوار تەواو بە جێی هێشتین حەزی نەکرد زۆر لەگەڵمانا دانیشێت وتی تا زووە با بڕۆم چۆن دڵت هات جێمان بێڵی چۆن دڵت هات بێ هونەری خۆتمان بکەیت چۆن دڵت هات فرمێسکی هەموان بڕێژیت هۆ چێوارەکان پێم ناڵێن بۆ وا زوو بەجێمان دێڵن خۆشم ئەوێن

# شانۆ گۆڕانی خێرا.. گەشانەوەی ڕووناکی بەسێبەر



فاطمة الشيدي

شانۆ گیانی ئەو بوونەوەرەیە کەخۆی لەگرێی زۆر لەخۆکردن بۆ دەرخستنی کارێك ڕزگار کردووە ئەویش بریتیە لە بۆینباخێکی شۆخ وشەنگ، ، یان بیرۆکەیەك کە بەئارامی ڕاکشا بێت، دۆخی پاکبوونەوەیە لەسارد وسڕیی ئامێرەکان، زۆربوونی ساختەکاریی لەخستنە ڕووی شتەکان وژیاندا.. وێنایەکی زیندووی توێژێکی گەردوونیە کەبێ ئاگایی ودەستکاری کردن گوێزراوەتەوە بۆ سەکۆیەك کەپشێویی وڕێکی، خەم وخۆشی، کۆن ونوێ لەخۆ دەگرێت، شانۆ نوێژەکانی لەئامێز گرتنی یەکترە، کەشانۆیەك دەنووسیت یان پێشکەشی دەکەیت، تەنانەت کە تەماشای دەکەیت، ئەوا تۆ لەکۆ نوێژی (قداس) سەکۆی مەزندا نوێژ دەکەیت، نوێژێکی درێژ خایەن وسەنگین وگرکەوتوو بەخەون وسۆز وپەرۆشی، سەراپای شتەکانی گەردوون لەئامێز دەگریت، تەواوی شتە جولاوو جێگرەکانی، گیاندار وبێگیانەکانی، جوانی ودزێوی، شەوو ڕۆژی، ووشکی وتەڕیی، فرمێسك وقاقاکانی.

سەکۆیەك لە ئامێز دەگرێت بریتیە لەگۆشەیەك بۆ نوێژکردن ومیحرابێك بۆ پاڕانەوە وبەخشینی زایەڵەی ڕووناکی باڵا، چێژی ناخ، پشێوی ئەو حەزانەی کە گەشبوونی خۆشنوودیی و خواستە ڕژاوەکانی وەك باران وفرمێسك دادەبارێنێت، ئەو بوونەوەرانە لەئامێز دەگرێت کەبەر لەکاری جەستە لەمیانی خەیاڵەوە دەق پێشکەش دەکەن، هەروەك ئامادە بووانێك لەئامێز دەگرێت کە ڕۆڵیان لەئەکتەرەکان هاوسۆزتر وبەگوڕترە، تاڵەکانی ڕووناکیەك لەئامێز دەگرێت کە پڕە لەڕەنگاڵەیی وپریشکی شڵەژێن و پەشۆکاو، خەیاڵێکی وێڵ بەدوای ڕۆحەوە، بوونیش بەسازگاریی لەتەك جەستەوە بەنوێژو خۆشی و چەپڵە لێدانەوە دادەچۆڕێت.

شانۆ سایەی ئەو خەیاڵەیە کە بەدەوری خۆیدا زۆر بەباشی چاودێری خۆشیەکانی ڕۆح دەکات، کەتۆ شانۆ دەنووسیت ئەوا لەمیانی پەنجەکانت وڕووناکی چاوەکانتدا گەشە بەبارودۆخێکی پڕ لەپیت وبەرەکەت دەدەی، کەشانۆیەکیش پێشکەش دەکەیت ئەوا جەستەکان لەجەستەی خۆتدا کۆ دەکەیتەوە وخەونەکانیش لەنێو ڕۆحی خۆتدا چڕ دەکەیتەوەو گۆرانیەکان لەنێو دەنگی خۆتدا کۆ دەکەیتەوە وگەردوونیش هەر لەناخی خۆتدا جێ دەکەیتەوە، ئەو کاتەی تەماشای شانۆیەکیش دەکەیت ئەوا شتەکان لەخۆتەوە سەرچاوە دەگرن ودەشگەڕێنەوە بۆ خۆت، وەك هەسارە ونەیزەك وئەستێرەکان دەکشێنە خوار، وەك هەور وباران وعیشق وشەیدا بوون ڕێژنە ئەکەن، وەك ئاسمانەکان بەرز دەبنەوەو وەك سۆزو پەرۆشی بەچەتری خۆشنوودیی چاوی دەکاتەوە سەرلەنوێ بەرەو لای خۆت دێنە خوار، شانۆ مەبەست بوونێکی تایبەتی ناخەو تا لێهاتنی بەرجەستە کراوێکی سەرسوورهێنەرە، هەروەها پشێوی فرەییەکی باڵایە وەك ئاوازێکی دێرین، کە لەهەر گوێگرتنێکدا نوێ دەبێتەوە، لەبوونەوەرێکەوە بۆ یەکێکیتر ، لەزەمەنێکەوە بۆ زەمەنێکیتر گۆڕانی بەسەردا دێت، شانۆ ئەو دەوارەیە ڕێ لەبارانی خۆشنوودی ناگرێت، گەردانیەکانی خەونیش ناشارێتەوە.. دۆخێکە لەخێرایی گۆڕان، کرانەوە بەرەو ئاسۆکانی ئاشکرا کردن لەوپەڕی دەرخستنی پشێوی لەتایبەتەوە بۆ گشت ولەناخەوە بۆ دەرەوە.

دۆخێکە لەنووشتانەوەی برین وپرژاندنی کێمی برین بۆسەر دەموچاوی ئامادەبووان لەپێناو گەڕان وهیوایەك بۆ چاکبوونەوە.. شانۆ سەرسوورمانە بەناکاو بوون



لەتاریککردن و شاردنەوە، گەشبوونی سێبەرە بە سێبەر، بەڵام لەدەرەوەی تەم ومژی تاریکی، ڕکێفکردنی نووتەکی لەلایان ڕووناکیەوە، پەرش وبڵاوکردنەوەی بزمارەکانی تەتەڵە پێکردن لەنێو کونج وکەلێنەکانی بەمەبەستی گەیشتن بەپیشەی ڕاستگۆیی وگەڕانەوەی ئاشتی وتاڵ (خیط) وسپی.

هەرچی چەنێك بوونەوەر لەئەزموون وخۆبریندار کردن بێت وهەر چەنێکیش لەدەرەوەی سنووری ئاسایی وباودا ڕۆ بچێتە نێو تاریکیەوە، ئەوا تەواو بوون وکۆتایی هاتن لەسەرچاوەی گۆڕانەکان وجوانی، وەك تیرێکی لێ دێت کە شوێنکاتی جێگیر بوونی نەزانراوە، هەرچەنێك زمانی دەنگ ووێنە گۆڕانی بەسەردا بێت، هەرچەندەش بوونەوەرەکان لەنێو پشێوی نزیکبوونەوەو دوور کەوتنەوە بن لەیەکتر، چەندیتریش جیاوازیەکان لەڕووی دیو بۆچوون وبەرجەستە کردنی شانۆیەکی نوێوە قووڵتر بن، ئەوا جوانی شانۆ زیاتر دەبێت، توانای کۆکردنەوەی ئەو بوونەوەرە هەڵوەریووەی بەردەستی جوانترو جوانتر دەبێت، هەرچەند لەشانۆدا زمانەکان ودەنگەکان وبوونەوەرەکان تێکەڵ یەك بن، هێندەی ئەوە زیاتر قەتماغەی برینەکەش ئازاری دەبێت وهەنگاونان بەرەو قووڵایی شانۆیەکی ڕاستەقینەش زیاتر ومەزنتر دەبێت.

هەروەها ناخی بوونەوەر نووسەر ودەرهێنەر وئەکتەر و وەرگر چەند قووڵ بێت، هێندەی ئەوە باڵا دەکات بەرەو بێدەنگی وخەونی یەك لەدوای یەك لەشێوەی وێرانە وپشێویی وخوێن.. شانۆ دەرباز بوونە بەڕووی ڕووداوەکانی بووندا، لەپێناو داڕشتنەوەی بەشێوەو دیدێکی ڕوونتر، دەرچوونە بەڕووی بوونەوەردا بە مەبەستی ڕاهێنان بەشێوەی جیاواز ونوێتر، هەروەك دەرچوونە بەڕووی ڕەوتی ژیاندا تاکو باڵاتر و گەشتر بێت.

## وەرگێڕانی/ کاردۆ

تێبینی: ئەم ووتارەی کچە نووسەری شانۆی عومانی (فاتمە ئەلشیدی) بەتایبەت بۆ گۆڤاری شانۆکار نێردراوە.

# خودی و بابەتی لە ڕەخنەی شانۆییدا

## شانۆی کوردی بە نموونە

بشار علیوی

ئێستا ڕۆشنبیری شانۆیی لە جیهاندا بناغەی تیۆری هەیە و خاوەنی نەریتی ئەکادیمی خۆیەتی، چ لە نمایشە شانۆیەکانیدا و ئەوی بەدوای نمایشەکانیدا دێت، یاخود لە مانا (زاراوە) ی دال لەسەر پیشەی ڕەخنەی شانۆیی کە بڕ بڕە پشتی ڕۆشنبیری شانۆیی پێك دێنێت.

ئەم ڕۆشنبیریە کە پێویستە هەریەك لە بەرهەم هێنەرانی نمایشەکە و جەماوەر پێی بەهرەمەند بن، تەواو کامل نابێت، مەگەر ڕەخنە، کە دەقەکە کاملتر دەکات، بوونی هەبێت.

ڕەخنەی شانۆییش بەرگەی ئەوە ناگرێت ئارەزوومەندانە بێت، بەڵکو پیشەیەکە تەنیا ڕەخنەگری شانۆیی شکی دەبات، کە پێویستە چوار مەرجی بنەڕەتی و گرنگی بۆ کارەکەی تێدا هەبێت:

*ڕۆشنبیریەکی شانۆیی بەرزی هەبێت

*شێوازێکی ڕەخنەیی هەبێت لە میتۆدی ڕەخنەییەوە وەرگیرا بێت.

*زمانێکی ڕەخنەیی وای هەبێت لە زمانی ڕۆژنامەوان جودا بێت.

*دەبێ کاری لەسەر شانۆ کردبێت، تاکو شارەزاییەکی باشی لەسەر وردەکاریەکانی هونەری شانۆ هەبێت.

بۆیە داوا لە ڕەخنەگر دەکرێت کە حوکمە ڕەخنەییەکانی بابەتیانە بێت نەك خودی، واتا ئەوە لە نمایشە شانۆیەکاندا نەبینێت کە خۆی دەیەوێ ببینێت. هەروەها ڕەخنەگری شانۆیی لەسەریەتی ئەوەش بزانێت کە ڕەخنە بە هەمە ڕەنگی و جیاوازی جۆرەکانی جیا دەکرێتەوە، لەوانە: (ڕەخنەی دەروونی، ڕەخنەی کۆمەڵایەتی، ڕەخنەی شیکاری، ڕەخنەی سیمیۆلۆژی) ئەوە سەرەڕای جیاوازیەکانی هەموو ئەمانە پێکەوە گرێ دەدات کارە شانۆییەکەیە.

ئەگەر هەڵوێستی ڕەخنەگران و بۆچوون و ئەنگێزەکانیش



جیا بن، ئەوا هونەری شانۆ پێکەوە کۆیان دەکاتەوە، ئەوەی لێرەدا دەبێ بزانرێت ئەوەیە، ڕەخنەی شانۆیی کە هاوشان بووە لەگەڵ سەرەتای سەرهەڵدانی شانۆ وقۆناغەکانی نەشونماکردنیدا تاکو گەیشتنی بەم شێوەیەی بۆ لای ئێمە، تاڕادەیەك مۆرکی ئێکسپرێشیزمی هەڵگرتبوو، هەروەها لە هەندێك ڕووی دیەوە بە زانستی ووردی یەکلا کەرەوە ناسرابوو. ڕەخنە بەو شێوەیە نیە کە هەندێك کەس بۆی چوون، حوکمدانی ڕەها و کۆتایی لەسەر شانۆ، ڕەخنەگر دەیگەیەنێتە کەشکەلانی فەلەك، یاخود بە قوڕیدا دەباتە خوارێ. ڕەخنەگری داهێنەری شانۆیی لە چۆنیەتی نمایشەکە دەگەڕێت، لێی دەکۆڵێتەوەو خۆی بە میتۆدی ڕەخنەیی روونەوە چەکدار دەکات، حەزو ئارەزوو پاڵی پێوە دەنێت لە میکانیزمی شانۆ بگات لەگەڵ گەیاندنی ئەوەی بەرهەمهێنەرانی نمایشەکە دەیانەوێ بیڵێن، بۆ خەڵکەکە بە گشتی و دەستەبژێر بەتایبەتی.

هەروەها ڕەخنەگری سەرکەوتوو ئەرك و ماندوو بوونی ئەوانەی لە نمایشەکەدا کار دەکەن ڕەت ناکاتەوە، بەڵکو تیشکی ڕەخنەی دەخاتە سەر دەسکەوتە پڕ لە



داهێنانەکانیان، کارێکی وا دەکات خەمە ڕۆشنبیریەکە ئەو پەیوەندیە کە بەوانی دەبەستێتەوە. ڕەخنەی شانۆیی لە نمایشەوە دەست پێ دەکات و هەر لەویشەوە کۆتایی دێت، ڕەخنەگریش ئەو خوێندنەوە ڕەخنەییەی خۆی دەیەوێت هەڵدەبژێرێت، هەروەها ئەو میتۆدەی بە گونجاوی دەزانێت. فرە مانایی لە خاسیەتەکانی نمایشی شانۆییە. ئەوە

خوێندنەوەی ڕەخنەییە ڕۆح وەبەر دەقدا دەکات و گوتارەکەی دەبووژێنێتەوە، هەروەها دیالۆگێکی کراوەیە لەگەڵ نمایشەکەدا. لێرەدا بەو ئەنجامە دەگەین کە خوێندنەوەی ڕاستەقینەی ڕەخنەیی (کە ئیشی ڕەخنەگرە) دەیالۆگێکی ڕەخنەییە دەیەوێت دوور لە بڕیاری حازر بەدەست پەردە لەڕوو هەڵماڵێ و ڕوونی بکاتەوە. ئێمە دەمانەوێ شتێکی گرنگ ڕوون بکەینەوە ئەویش ئەوەیە، ڕەخنە میتا زمانە، واتە بەکارهێنانی ڕەخنەگر بۆ ئەو پێکهاتە زمانەوانیە ئاڵۆزە چەقبەستووە دوور لە تێگەیشتنە، بەڵکو بە پێچەوانەوە، ڕەخنە چالاکیەکی داهێنەرانەی هاوشان بە دەقی شانۆییە.

ئەگەر گووتمان شانۆ داهێنانێکی پێکهاتەییە، ئەوا کۆششی ڕەخنەیی هاوشان بەو ئەفراندنێکی شیکاریانەیە، ڕەخنەی شانۆیی هەرگیز پێش ناکەوێ و نابێتە داهێنەر، ئەگەر شانۆ خۆی داهێنەر نەبێت، شانۆی داهێنەرانەش بێ ڕەخنەی ئەفرێنەر گەشە ناکات، ئەم پێشەکیەم بۆ ئەوەیە تا لەڕێگەی ئەم بابەتە گرنگەی ئەم ووتارە گفتوگۆی لەسەر دەکات بچمە ناو ڕاستیەکی پڕ لە بایەخ کە ئێستا شانۆی کوردی تێیدا دەژیێت، ئەویش ئەوەیە ئێستا لە قەیرانێکی گەورە دایە، کە لە بزری نیمچە تەواوی کاری ڕەخنەیی هاوشان بە نمایشە شانۆییەکانی لە شارەکانی کوردستاندا پێشکەش دەکرێن خۆی دەنوێنێت.

لێرەدا پرسیارێك دێتە پێشەوە چۆن بتوانین پاڵ بە ڕەوڕەوەی شانۆ لە کوردستاندا بنێین و بزاوتەکەی بەرەو پێش بەرین، لەگەڵ وون بوونی پڕۆسەی بەرچاوی ڕەخنەیی؟ چۆن؟ نمایشی شانۆیی کوردی سرووتی دانیشتنی ڕەخنەیی بۆ ساز نادرێت، چونکە ئەم دانیشتنە لەبەر گرنگی خۆی هەمیشە پێی لەسەر ئەوە داگرتووە هەموو شانۆکاران لەهەر شوێنێك بن دەبێ ئەنجامی بدەن تابزانن ڕاوبۆچوونی وەرگران چیە وداخۆ گوتاری نمایشەکەیان پێ گەیشتووە؟ بێگومان ئەم دانیشتنە بێ بوونی ڕەخنەگری شوێنکەوتوو ناتەواوە، ئەم ووتارە ڕەخنەییانەی لە ڕۆژنامەکانیشدا بڵاو دەبنەوە لە نووسینێکی پرش لە وەسفی نمایشەکە زیاتر تێناپەڕن، ئەمە لە کاتێکدا ئەگەر ووتاری وا هەبێت. نمایشی شانۆیی زۆر لە سلێمانی و هەولێر ودهۆك و گەرمیان پێشکەش کراون، بێئەوەی تاقە دێرێکیان لەسەر نووسرابێت، ئەمەش وای لەوانە کردووە کە گرنگی بەشانۆی کوردی دەدەن نەزانن ماهیەتی ئەو شانۆیە چیە. بۆیە نووسەری ئەم چەند دێرە چەندین پێشنیازی هەن بۆ کارا کردنی ڕەخنەی شانۆیی لەناو شانۆی کوردیدا بە شیاوو گرنگیان دەزانێت:

*پێکهێنانی گردبوونەوەیەك کە هەموو ڕەخنەگرانی شانۆی کوردی لەخۆ بگرێت لەژێر ناوی (رابیتەی ڕەخنەگرانی شانۆی کوردی) ئەمەش لەڕێگەی سوود وەرگرتن لە ئەزموونی (رابیتەی ڕەخنەگرانی شانۆ لە عیراق). ئامانجیش لە پێکهێنانی ئەم کۆبوونەوەیە ڕێکخستنی کاری ڕەخنە گرانە لە کوردستاندا.

*هەماهەنگی بەڕێوبەرانی فێستڤاڵە شانۆییەکان لەگەڵ ڕابیتەی ڕەخنەگرانی شانۆی کوردی، ئەمەش بە دانیشتنی ڕەخنەیی کە لەدوای نمایشە شانۆیەکانەوە دێت کە لەم فێستڤاڵانەدا پێشکەش دەکرێن.

*بەڕێوبەرێتی هونەری شانۆی سەر بە وەزارەتی ڕۆشنبیری حکومەتی هەرێمی کوردستان، ئەرکی سەرپەرشتی کردنی کارەکانی ڕابیتەی ڕەخنەگرانی شانۆی کوردی پێ بسپێردرێت و بە ماددی و مەعنەوی پشتگیری بکرێت.

*پێویستی هەڵسانی پەیمانگا هونەریەکان کە لە کوردستاندا زۆرن و لە میانەی بەشی شانۆوە، بە سازدانی دانیشتنی ڕەخنەگرانە لە نمایشە شانۆییەکان کە لە پەیمانگاکاندا بە مەبەستی بڵاوکردنەوەی هۆشیاری ڕەخنەیی لای خوێندکارەکانی بڵاو بکاتەوە.

*هەماهەنگیەك لەگەڵ (ڕابیتەی ڕەخنەگرانی شانۆی عیراقی) لە بەغدا بە مەبەستی میوانداری کردنی ئەندامەکانی، هەروەها بە مەبەستی سوود وەرگرتن لە شارەزاییان لەم بوارەدا.

وەرگێڕانی: سەباح ئیسماعیل

# ئۆدیپی زەردەشت لە نێوان جوانی و مەزنییدا

## فریاد ئەحمەد

ئۆدیپی زەردەشت دووەم کاری قۆناغی دووەمی تیپی شانۆی ئەزموونگەری کەرکوک بووکە لەم قۆناغەدا دەنگ ئامادەگی هەیە. ئەگەرچی لەم قۆناغ و ئەزموونەشدا وشە و دەیالۆگی نووسراو نیە، بەلاَم دەنگ وەك جەستە ئامادە بوونی هەیە، ئەوەش بەریەککەوتنی نێوان جەستە و دەنگە..واتە گەڕانێکی کولتوریە، جەستەکلتووریەکانی ئەم نمایشە بریتی بوون لە (کاردۆ، شکۆ عومەر، کارگەر جەواد، دیدار مەجید، کارخ سەیفەدین) هەروەها دارشتنەوەی پانتایی نمایشەکە (نیهاد جامی)بوو.

لە یەکێك لە هۆڵەکانی قشلەی کەرکوک دەرگا کرایەوە و ئێمە چووینە ژووریَ، هۆڵەکە دابەشی دوو بەشی یەکسان ببوو.. شتێك وەك تەونی جەنجاڵۆکە ئێمە و جەستە کلتوریەکانی لەیەك جیا دەکردەوە، سەرەتا ئەمە ئاماژەبوو بۆ ئەوەی کە ئەم جارە جامی دەیەوێت بینەر تێکەڵ بە ریتواڵە شانۆییەکەی نەکات "چونکە ئەو هەمیشە دەیوت بینەر بەشێکە لە سرووتە شانۆییەکانمان"، بەلاَم هەر زوو بە زوو وەك ئەوەی نهێنیەك پەنهان بکات لەگەڵ هاتنە ژوورەوەی ئێمەی بینەردا ئەو تەونە جەنجاڵۆکەیە کە پێ نە دەچوو گیاندارێکی بجووك تەنیبێتی سووتێنراو سنووری نێوان وەرگر و نمایشکاران تێکشکێنرا، ئەو شکاندنەش پێی وتین وەك هەمیشە ئێوە بەشێکن لەم سرووتە، ئەو تەونانە بەشێوەیەکی ئەوەندە هونەری جوان سازکرابوو دەتگوت لە ئەشکەوتێکا تەونی جەنجاڵۆکەیان سووتاندووە، بە سووتاندنی ئەو تەونە ئاماژەیەکی تری ئاگرمان بۆ دەردەکەوێت و تێدەگەین کە ئاگر دەتوانی سنوورەکان تێك بشکێنێت و هەمووومان ببینەوە بەیەك و جارێکی تر وتە بەناو بانگەکەی زەردەشتمان بەبیردا دێنێتەوە"ئەندێشەی چاك، گوتاری چاك، کرداری چاك" کە هەمیشە لە کارەکانی جامی دا ئامادەگی هەیە و زۆر جاریش ریتوالی لەسەر بونیاد دەنێن، ئەمە جگە لەو ئاگرە کزانەی کە وەك چرایەکی نە وتی لە هۆڵەکەدا دەسووتا و تەواوی فەزاکەی تەم و مژاوی کردبوو، بەلاَم ماتریالی ئاگر بۆ موقەددەس کردنی ئاگر نیە بەمانا مەجازییەکەی ، بەڵکو ئەگەر چەمکێکی موقەددەس بوونی هەبێت ئەوە شانۆ خۆیەتی، هەر بۆیە شوێنی نمایش کاتێ زیاتر لە پەرستگایەکی زەردەشتی دەکات، ئەوە گۆڕینی ڕەهەندە ئاینیەکانی شوێنە بۆ موقەددەس.. کە شوێن لە پەرستگایەکی ئاینیەوە بکات بە پەرستگایەکی شانۆیی، تاوەکو موقەددەس بوون بە شانۆ ببەخشرێت، نەك بە پەرستگای ئاینی، بەلاَم ئەو کارە لەرێگەی گەڕانەوە بەرەو ئەو یادەوەریە دەردەکەوێت، وەك چۆن موغ ئەگەر ئەو کارەکتەرە موقەددەسەی ناو پەرستگایە بێت، ئەوا جەستەی کولتوری دەبێتە ئەو موقەددەسە.

ئەو دیمەنی سەرەتایەش بەریەك کەوتنی مرۆڤی نیادرتال و ساتەوەختی هەنوکەییە، لەگەڵ بینینی یەکەم دیمەنی ئەو نمایشە بینەر توشی حەپەسانێکی سەیر دەبێت، چونکە ئەوە کارێکە لە دەرەوەی ستاتیکا (جوانناسی) بەڵکو ئەو کارە هەولێکە بۆ مەزنکردنی شانۆلەرێی ریتواڵەوە، ریتواڵ بۆخۆی مەزنە. ئامادەگی ریتوال لە شانۆدا بەریەککەوتنی جوانی و مەزنیە، ئێمە لەو کارە هەستمان هەم بە جوانی و هەم بە مەزنی نمایشەکە کرد، بۆ هەستکردن بە جوانی و مەزنیش پێوەرێك هەیە دەتوانین لەوێوە بڕیار بدەین،لە دیدگای (بورك)ەوە هۆی جوانی هەست کردنە بە لەزەتێکی پۆزەتیڤ کە خۆشییەکی زۆری لێفەراهەم دەبێت.. لە گەڵیدا دەمار و ماسولکەکانمان خاودەبنەوە،بەلاَم مەزنی بە پێچەوانەوە بەستراوەتەوە بە گرژ بوونی دەمار و ماسولکەوە، هەروەها (کانت)یش بۆچوونێکی نزیك لە (بورك)ی هەیە و پێی وایە مەزن خرۆش بەرپا دەکات، ئەمە لە کاتێکدا کە جوانی هێمنی و ئەهوەنی دەخولقێنێت، خرۆشی مەزنی وەك زەبرێك وایە.. کە ئێمە لە ئۆدیپی

زەردەشت بەرمان کەوت بەتایبەت لەو دیمەنەی کە کوڕەکانی ئۆدیب بە دەوری باوکیاندا دەسوڕێنەوە، لەو ساتەدا ئێمە دەکەوینەناو سرووتی هندیە سورەکانەوە، بەتایبەت کاتێك شکۆ هاوار دەکات "موتی" بە زمانی هندیەکان موتی واتا "دایە" ئەم سرووتە درێژ دەبێتەوە تا ئەو شوێنەی کە سێکس کردن دەست پێدەکات، وشەی موتی رەهەندێکی سۆسیۆلۆژی لەپشتەوەیە، دەلالەتی دەست پێکردنی پرۆسە سێکسیەکەی ئۆدیب و جۆکاستایە، لێرە وەرگر هەست بەتەنگ و چەڵەمەیەکی زۆر دەکات، هەڵبەتە بینەرێکی هۆشیار و خاوەن مەعریفە، وەرگر لەبەردەم مەزنی سرووت و گەورەیی گوناهەکان سەرسام دەبێت و توشی نارەحەتی و گرژبوونی ماسولکەیی دێت، چونکە مەزنی تەنها لەزەت و خۆشی و ئارام دروست ناکات،بەڵکو جۆرە نارەحەتی و ئازار و بێ کەوتنی ئایدیا لە فۆرمێکی هەستیدا دەناسێنێت"، ئەوە ئارامییەکیش دەخولقێنێ،هەست بەلەزەتیش دەکەین لەناو مەزنی پرۆسەی نمایشەکەدا، چونکە هەست بە گەورەی و گوناه و چارەنووسمان دەکەین،هەست بە ترس و سام هەروەها هەست بە هێزی بەرگری خۆمان دەکەین لەناو سرووتەکەدا بەرامبەر ئەو ترس و سامە، ئەو ترس و سامە موخیفی نمایشەکە نیە بەقەد ئەوەی مەزنی پرۆسەکە و ئاوێتەبوونیەتی بە ریتواڵ.

بەڵام دەبێت من لیرە ئاماژە بۆ شتێکی زۆر گرنگ بکەم بۆ تێگەیشتنمان لە مەزنی و جوانی،.. حاڵەتی سایکۆلۆجی مرۆڤ رۆڵێکی زۆر گرنگ دەبینی بۆ تێگەیشتنێکی تەندروست لەم دوو چەمکە، ئەمەش جارێکی تر مەزنی نمایشەکەمان بۆ دەردەخات، چونکە جامی تەنانەت گرنگی بە حاڵەتی دەروونی وەرگرەکانیشی داوە، ئەگەر کەسێك کە هەست و سۆزی تۆقاندن و ترسی بەسەردا زاڵ بووبێ ناتوانی (مەزنی) تێبگات،هەر وەکو چۆن ئەوەی مەیل و



ئارەزووی هەوەسبازی کاری تێکردبێ ناتوانێ (جوانی) تێبگات، کە واتە بۆ تێگەیشتن لەو دوو چەمکە پێویستمان بە بینەرێکی ساغ و تەندروست هەیە، ئەوەش ئیشکالیەتێکی گەورەی نێو کایە شانۆییەکەی شاری کەرکووکە، بۆیە زۆر جار کەمترین قسە لەسەر ستاتیکا و مەزنی ریتوال لە شانۆ دەکرێت، ئەوەی زیاتر گرنگی بەو دوو چەمکە داو هێنایەوە نێو شانۆ و بە چاوێکی پڕبایەخەوە سەیری کرد، تیپی ئەزموونگەری بوو، لە هەر دوو قۆناغی (ئەنترۆپۆلۆژیای شانۆ) و قۆناغی (سۆسیۆلۆژیای شانۆ)، کە لە ئەنترۆپۆلۆژیای شانۆ گرنگییەکی زۆر بە ستاتیکا درابوو و لە سۆسیۆلۆژیای شانۆش گرنگییەکی زۆر بە ریتوال درابوو بۆ مەزنکردنی شانۆ.

هەست کردن بە گوناه بەرەو کوێر بوونمان دەبات، کاتێك ئۆدیب لەگەڵ دایکی سێکس دەکات ئێمە ئەو هەستەمان لا دروست دەبێت کە ئەوە ئێمەین لەگەڵ دایکی خۆمان سێکس دەکەین، هەڵبەتە ئەم هەست کردن بە گوناهە هەروا بە ئاسانی نایەتەبوون، ئەگەر (ئۆدیب پاشا)ی سۆفۆکلیس لەڕێی ئاخاوتنەوە ئەو هەستە لای بینەر بەجێبهێڵێ.. ئەوا ئۆدیبی زەردەشت لە ناو ریتوال و ئەو دەنگە تێك شکاوانەی مرۆڤێکی شەکەت و ماندو.. بەتێکەڵکردنی سرووتی رۆژهەڵاتی و هندیە سوورەکان ئەفسوونی خۆی لەسەر بینەر دەکات و وا دەکات بینەر زۆر بەتووندی بکەونە ژێر کاریگەری ئەو نمایشەوە. ئەو دەقەی کە لەکاتی پرۆڤە هاتۆتە بوون پەیوەندی نیە بە سەردەمی سۆفۆکلیسەوە. چونکە شوێنکات لەم نمایشەدا بوونی نیە، بەڵکو پەیوەندی هەیە بە یادەوەری جەستەوە، کە یادەوەریەکی لە یاد کراوە، بەهۆی گەڕانەوەی لە ڕاهێنانەکاندا دەیگەڕێنێتەوە، بەڵام نەك بە هەستی منداڵی، بەڵکو بە ئاگایی کولتوریەوە یادەوەری ئامادە دەکاتەوەو دەیهێنێتە ناو ئەو پانتاییەوە.لێرە جامی ماتریالی هەستی بۆ دەقەکە زیاد دەکات،چونکە بابەتێتی لە هونەردا کاتێك موتڵەق دەردەبڕێت هەڵسوکەوت لەگەڵ وێناندنی رووتدا ناکات، لێرەوە (هیگڵ) ئەو جوانی و مەزنیە بە "بەدیار مەزنی کارەکەیە وامان لێدەکات وەك (هیگڵ) بیر بکەینەوە و بڵێین لەمنمایشە تێناگەین، بەڵکو هەستی پێدەکەین، وەك ئەوەی ئێمە لە میتا فیزیکا تێناگەین، بەڵام هەستی پێدەکەین و باوەڕیشمان پێی هەیە، هونەرمەندی مەزن لای (برجستۆن) ئەوەیە کە خرۆشێکی نوێ لە کارەکەیدا هەڵقوڵێت بە چەشنێك کە هەستێکی نوێ لە دەروونماندا بخولقێنێ، بەڵام خرۆش ئەو کارتێکردنە ویژدانییە نیە کە ئێمە لە رێی سۆز و عاتیفەمانەوە تووشی دەبین، بەڵکو ئەو کودەتا دەروونییەیە کە لەناو ناخی دەرووندا روودەدا و هەڵتدەتەکێنێ وەك ئەوەی لە ئۆدیبی زەردەشت روویدا، ئەم خرۆشەش تەنها لە سنووری کارتێکردنی دەروونی نامێنێت بەڵکو لە دواجاردا پەلدەهاوێت بۆ ئاستی بیر کردنەوە.

دەرهێنەر تەنها چوارچێوەی دەق وەردەگرێت و وەك ئەوەی خۆی دەیەوێت بەخەیاڵی دایدەڕێژێتەوە و بە جەستەی ئەکتەر لە بۆشاییدا دەینووسێتەوە، ئەو دێت کەشێك رێك دەخات لە پشت زمانی ووشەکانەوە، لەم کاتەشدا سەرجەم جووڵە و ئاماژەکان بە هەست و فۆنۆلۆژیا (دەنگناسی) بارگاوی دەکرێن و لە بۆشاییدا ژیانێك دەبینرێت کە جیاوازە لە ووشە و دیالۆگەکان،ئەوەش زمانی جەستە و دەنگە سەرچاوەی ئەم زمانەش زۆر قوڵترە لە سەرچاوەی زمانی هزر و ئاخاوتن، دەرهێنەر سەرجەم هێماکانی نێو دەقەکە و ڕووداوە مێژوویەکانی لە پانتایی کات و شوێن و کەشی نمایشدا زیندوکردەوە، هەڵسابە گەڕان و بنیاتنانەوەی ڕووداوەکان و تەرجەمەکردنی وێنە نهێنیەکان و گوزارشتکردن لە ژیان بەزمانێکی شانۆیی، ئەوەش دەرهێنانی وێنەکانی ژیان و پێشکەش کردنیانە بەشێوەیەکیتر، جودا لە ژیانی ڕۆژانە. حاڵەتێکی تر کە مەزنی کارەکەمکان بۆ دەردەخات گرنگی دانە بە بەشی خوارەوەی جەستە و پێویستە وەزیفەی قاچەکان دەربخرێن، ئەوەش نزیکمان دەکاتەوە لە ڕاهێنانەکانی شانۆکاری یابانی (تاداشی سوزوکی) کە پرۆسەی ئامادەکردنەوەی ئەکتەرە بۆ بەتاڵ بوونەوە لە ئێستا و خۆ بارگاویکردنەوە بە ڕابردوو.گرینگی دان بەقاچەکان

ڕەهەندێکی فەلسەفی لە پشتەوە هەیە بەوەی پەیوەندییەکی قووڵ لە نێوان ئێمە و زەویدا هەیە لەڕێی قاچەکانمانەوە و کە دەشمرین ئێمە جارێکی تر خۆمان بەزەوی دەسپێرینەوە.

ئەگەر یادەوەری مایەی ناخۆشی و نەگبەتی و نەوهامەتییەکانی مرۆڤ بێت، ئەواجامی دەیەوێت لە ڕێی گەڕانەوە بۆ یادەوەری، مرۆڤ لە نەخۆشیەکانی ڕابردووی ڕزگار بکات، هیچ پێشنیارێکیش لە گۆڕێ نیە،تیپی ئەزموونگەری تەنها ئێمە داوەتی نێو یادەوەری خۆمان دەکات، بەڵکو لە ڕێگەی گەڕانەوە بۆ یادەوەری بۆخۆمان بتوانین لەناو سرووتدا ڕابردوو لە خۆمان بتەکێنین،گەڕانەوەش بۆ ڕابردوو پێویستی بە پرسیارە لە یادەوەری، پرسیار لە یادەوەریش.. پرسیار نیە لە زەمەنێکی ئەرشیفکراو، بەڵکو پرسیارە لە ئێستامان، بەڵام ئەوە زەمەنی کرنۆلۆژی ئێستا نیە، بەوەی ڕووداوەکان ڕوویانداوە، بەواتای چیرۆکێکی شانۆیی نیە دیمەنەکانی بگێڕێتەوە، بەڵکو ئیشکردنەوەیەکی فەلسەفیە لەسەر چەمك، ئەو چەمکانەش چەمکی فەلسەفی ڕووت نین کە دووربن لە دنیای ئێمە، بەڵکو پەیوەندی ڕاستەوخۆیان بە واقعی زیندەگیمانەوە هەیە، چونکە بریتین لە "ژیان، مردن، دڵەڕاوکێ، ترس، فەنا بوون" ئەو چەمکانە پەیوەندیان بە جوڵە و دەنگەوە هەیە، ئەو پرۆسەیە بۆ جەستەی نمایشکاران لە کاتی مەشق و ڕاهێنان ئەنجام دەدرێت، لەکاتی نمایشیش بینەر لە کردەی وەرگرتن لەڕێگەی ئەو پرۆسەیە وە ئەزمونی ڕزگار بوون لە یادەوەری ئەنجام دەدات، ڕزگار بوون لە یادەوەری دەسبەردار بوونی کولتوری نیە، بەڵکو شکستە خودیەکانی جەستەیە لێی، کولتور لەڕێگەی سرووتەوە دەمانگۆڕێتە سەر کەسێتیەکی جیاواز کە بتوانین بەسەر داهاتوودا بکرێینەوە، ئەوەش دەرکردنی میتافیزیکیایە لە جەستە، پاککردنەوەی جەستەیە لە ڕابردوو، داماڵینیەتی لە نێو خورافاتەکان. ئەم پرۆسەی لای گرۆتۆڤسکی و ئارتۆش بوونی هەیە.

بەڵام بەشێوەیەکی یەك لایەنە. گرۆتۆڤسکی لە ڕێی مەشقە سەخت و تاقەت پروکێنەرەکانی یۆگاوە ڕۆحی ئەکتەرەکانی ئازاد دەکات و دەیان کات بە قەدیس بەڵام ئارتۆ لەرێگای توندوتیژیەوە بینەر دەخاتە ژێی کاریگەری نمایشەوە و توشی تاعونی دەکات و پاکی دەکاتەوە و ئارامییەك بەوان دەبەخشێ.

کارەکتەر تێك دەشکێت، ئەو تێکشکاندنە.. دەبێتە بوار





دەنگ سەرچاوەیەکی سەرەکی نێو نمایش و بونیادنەری ریتوالیشە. بەڵام دەنگ بەتەنها و لە دەرەوەی ئاخاوتن، چونکە ئاخاوتن بونیادێکی تاکی زمانە، کەواتە لەم نمایشە زمان فەرامۆش نەکراوە بەڵکو تاکە بونیادێکی زمان فەرامۆش کراوە کە ئەویش ئاخاوتن یان وشەیە، بەر لەوەی ووشە دەنگ بگۆڕێت بۆ ناونانی شتەکان، گۆڕینیان لە ماتریالەوە بۆ مانای ڕەها، دەنگ وەزیفەی فرە مانابیە بە شتەکان، زمانێکی یەکگرتووی ستاندارە لەکاری شانۆییاندا، زمانێکی گەردوونیە.. وەك زمانی جەستە وایە، ئەو دوو زمانە (زمانی دەنگ) و (زمانی جەستە) ئاوێتەی یەکتری دەبن.

فەرامۆشکردنی ئەو بونیادە تاکەی زمان نمایشەکەی بەرەو زمانێکی جیهانی تر و شمولیتر برد، چونکە تەنیا ئەو بونیادە تاکەی زمانە(ئاخاوتن) کە کارەکانمان دێنێتەوە بۆ روو بەرێکی تسك و فەرامۆشکراو، بەڵام مەرجیش نیە هەرکارێکی شانۆی ئاخاوتنی تیا فەرامۆشکرا بە ئەندازەی ئۆدیبی زەردەشت سەرکەوتوو بێت، دەنگ لەم نمایشە میتا حیکایەتە، میتا بوونیشی هەڵوەشاندنەوەی سێنتەری حیکایەتە، کە حیکایەت سێنتەری نەبوو.. ئامادە بوونی فەراهەم کردن بۆ ئامادە بوونی فیگور، کۆمەڵە فیگورێك نوێنەرایەتی کارەکتەر دەکەن وەك ئەوەوی ئێمە سێ ئۆدیب لە کارەکە دەبینین و کە دەیانەوێت لەگەڵ دایکیان بخەون،ئەمەیان ئۆدیبی سۆفۆکلیسە لە نمایشەکەدا کە بە پرۆسەی "شانۆ لەناو شانۆ" ناو دەبرێت، لەلایەکی دیکەوە ئەوانە دەبنەوە بەکوری ئۆدیب یان باوکێکی رۆحیانی دێت و ئەوان داوای لێدەکەن کە چاوەکانیان بۆ بگێڕێتەوە کە بەهۆی ئەو تاعونەوە توشی بوونە نەك خۆیان هەڵیان کۆڵیبێت، بەڵام فیگور بونیادە و سێنتەر نیە، چونکە بونیادی لێکترازاو بەدوای هەڵوەشاندنەوەی سێنتەر دێتەوە بوون، بەبێ ئەوەی سێنتەر بخوڵقێنێتەوە، بۆیە دەنگ و جەستە گوزارشت لە دەنگ و جەستەی هیچ کارەکتەرێك ناکەن، هێندەی (بونیادی فیگور) و (بونیادی دەنگ) گەمەی گۆڕینەوەی ئاماژەکان دێننە دی، جامی ئەو گەمەیە لەناو سیاقی مانا ناو دەنێت بە (بونیادی دەنگی فیگور) و (بونیادی فیگوری دەنگ) لەو گەمە کردنەش هەریەك لەو دوانە دەبنەوە بە (فیگوری بونیاد) و (دەنگی بونیاد).

. جامی دەنگ و جەستەی لەنێو سیستمی نمایشەکە بردە سەر یەکەیەکی هارمۆنی ئەو هارمۆنیەتەیش ڕێگا خۆش کەربوو بۆ هاتنە ناوەی چەندین جۆری سرووت و ئاوێتەبوونی بە نمایشەکە و خوڵقاندنی فەزایەکی سرووت ئامێز، جامی دەیەوێت جەستەی کولتوری بۆخۆی ئەو توانایەی هەبێت لەڕێگەی ئەو مەعریفەیەی لەلای ئامادەیە کولتوری ئەوانیتر وەك بنەمایەك بۆ ڕیتوال وەربگرێت، ئەوە لەسەر ئەو تێگەیشتنە نیە، کە ئەوان ڕیتوالی کولتورەکانیان دووبارە کردبێتەوە، بەڵکو تەنیا سوود لە تەکنیکی کولتورەکە وەرگیرابوو سەر لەنوێ ڕیتوالێکی شانۆییان بنیات نابووەوە، کە بارگاویبوو بە دەلالەت و ڕەهەندی پرۆژە شانۆییەکەوە،بەڵام ئەگەر جەستە کەناڵی گەیاندنی کولتورەکانە لەناو ریتوالدا و هەر جەستەیەك مەعریفەی خۆی ئەو دەلالەتە بدات.

پرسیارێکی زۆر گرنگ دێتە پێشەوە ئایا هەمو جەستەکان بارگاوین بە مەعریفەیەکی



ئەوتۆ تابینە ئەو کەناڵە بۆ گواستنەوەی کلتورەکان یان دەبیٚ جارێکی تر پشت بە دارێژەرەوەی پانتایی ببەسترێت.؟ گەر دووبارە ئەو جەستانە پشتیان بە دارێژەرەوەی پانتایی بەستەوە و جەستەی خۆیان رەها نەکرد، ئایا شانۆیەکی سوونەتی بەرهەم ناهێننەوە؟.

تا ئێستاش ئەمە تاکە ئیشکالیەتی کارکردنی ئەو تیپەیە و هەمیشە ئەوە وا دەکات هەموو کات گومان کردن لە مەعریفە ئامادەگی هەبێت، کە ئەمەش لە دواجارا دەبێتەهۆی گواستنەوە لە قۆناغێکەوە بۆ قۆناغێکی تر و وا دەکات کە هەمیشە ئەو تیپە خاوەنی پرۆژە بێت و بەرنامە بۆ چەندین کاتی دوور و درێژ دیاری بکات. ئۆدیبی زەردەشتیش بەرهەمی ئەو پرۆژە و جەدەلە جدیانەیە.

لە کۆتاییدا دەبی بزانین کە ئەوانەی بەدرێژایی زەمەن بازنەیەکیان لە کاری شانۆکاری کورد دیاری کردووە و بووە بە ستراتیژی سەرەکی کاری شانۆیی، هەڵوەشاندنەوەی ئەو ستراتیژە بەتەنیا لێدان نیە لەو سێنتەرە، کە هاوکێشەی (دەق+ دەرهێنەر+ ئەکتەر+ بینەر) هەڵدەوەشێنێتەوە، بەڵکو بونیادەکان جارێکیتر بریتی نین لە بونیادی نووسراو، بەڵکو بونیادی نەنووسراو تاکە میکانیزمێکە توانای خولْقاندنەوەی شانۆی مەزنی هەیە، خولْقاندنەوەیەك لەسەر پەیوەندی شانۆ و کولتور وەستاوە

# کتێبێك و چەند بۆچوونێکی جیاواز

ئـەنتۆلۆژیای شـانۆی ئەزموونگـەری لێکۆڵینەوەیـەکی شـانۆکار نیهـاد جامیـە لەسـەر شـانۆی ئەزموونگەری، بەمەبەستی گفتوگۆکردن لەسەر ئەم کتێبە هەریەك لەهونەرمەندان (وشیار ئەحمەد ئەسوەد، شکۆ عومەر) سەرنجی جیاوازیان لەسـەر کتێبەکە نووسیووە، ئەوە جگە لـە نامەیـەکی هونەرمەنـد دانـا رەئـووف کـە ئاراسـتەی نووسـەری کتێبەکـەی کـردووە، ئێمـە لێـرەدا هـەر سـێ بۆچوونەکە دەخەینە بەردەستی خوێنەران.

## پەیڤێك.. دانا رەئوف



کتێبـــــە جوانەکـــــەتم خوێنـــــدەوە (ئـەنتۆلۆژیای شـانۆی ئەزموونگـەری) دەسـت خۆشـیت لێ دەکـەم، کـارێکی زۆر چـاکە وبـۆمن هـەر زۆر بەسـوود بـوو بەتایبـەتی کـە دەمێکـە لەکوردسـتان نیم وبەووردی ئاگام لەشانۆی کوردیی نیە. تێبینیـەکی بچـووك بەشـی یەکـەم کـە دەسـپێکی تیۆریـە بـەربلاوی وزۆر شـت دەدات بەهیوادارم لەداهاتوودا زیاد قووڵ بنـەوە، وەکـو تـر لێکۆڵینەوەکـە چاکە هەرچـەندە زۆر ڕۆ نەچـوویتە خـوارەوەو زیـاتر شـــتەکان لەڕووەکـــەی دەرەوە وەردەگرێت، بەڵام ئەمە سەرەتایەکی هـەر زۆر زۆر سـەرکەوتوو وباشـە بـۆ قـووڵ بوونەوە وبەردەوام بوون.

بەڕاستی ئەم مەسـەلەیە زۆر هەڵدەگرێت، ئەم هەوڵانەی تۆش دانسقەن، ئەوەی زۆر سـەرنجی ڕاکێشـاوم لەکتێبەکـەی تـۆدا ئەوەیـە هەوڵتـداوە هـەموو شـارەکانی کوردسـتان بەسـەر بکەیتـەوە هەرچـەندە سەرپێیی، بـەڵام دەروازەیـەکی زۆر باشـە، هیوادارم ئەم کتێبە ببێتـەت سەرەتایەکی تر لەهاندان و بەردەوام بوون

# لێكۆڵینەوەیەكی ئەنتۆلۆژیی لە شانۆدا

وشیار ئەحمەد ئەسوەد



شانۆی بێهوودەیی لەپرۆژەی شانۆی ئەزموونگەری کوردیدا- سینۆگرافیای شانۆ ڕووبەرێکیتر لەشانۆی ئەزموونگەری کوردی) دواتریش ئاماژەی بە کۆمەڵێك سەرچاوەو پەراوێز داوە.. وێڕای ستایش ودەستخۆشیمان بۆ نووسەر وهونەرمەند نیهاد جامی، هیوا خوازین، لەم تەرزە بەرهەمانەدا هونەری کوردیمان دەوڵەمەندتر بکات.

وەك ڕەخنەگرێكی ئەو بوارە قسەی لەسەر ناكەم وبەكاری خۆمیشی نازانم، بەڵام هێندەی بە ئاگاییم لە ڕەوتە هونەرییەكەی شانۆی كوردی، تەواوی كارەكانی نیهاد جامی، لەهەردووك ڕووی تیۆری و پراكتیكیشەوە بە پۆزەتیڤ دەبینم، بۆیە كارەكانی نیهاد لەسەر وەستانیان پێدەوێت، كە هیوادارم ڕەخنە نووسانی بوارەكە بیخەنە بەر قەڵەمی ڕەخنەو هەڵسەنگاندنی زانستی ومەعریفییەوە.. بەڵام ئەوەی نیهاد لە كتێبی (ئەنتۆلۆژیای شانۆی ئەزموونگەری) دا خستوویەتیە بەر دیدەمان، بەندە لێرەدا وەك نمایشكردنێكی كتێبەكە شتێك دەڵێم. كە لقی كەركوكی یەكێتی نووسەرانی كورد لەزنجیرەی كتێبە لەچاپدراوەكانیداو لە ١٣٠ لاپەڕەی قەبارە مامناوەندیی كتێبێكدا ئەنتۆلۆژیاكەی نیهاد جامیمان بۆ بەچاپ دەگەیەنێت، وێڕای ئەوەی ئەرشیفی چالاكیەكانی خۆی پێ دەوڵەمەندتر دەكات، هاوكات بۆ ئێمەی هونەرمەندانیش بە خزمەتێكی شیاو دەبینرێت، چونكە ئەمجۆرە لێكۆڵینەوەیەی كە نیهاد خۆی لەقەرەی داوە، جیا لەوەی كارێكی ئاسان نیە، هاوكات لەلای ئێمە هونەرێكی نوێیە و تازە بە تازە خەریكە پێی ئاشنا دەبین، مەبەستم ئەوە نیە نیهاد تاكە كەسە خۆی لەم بوارەی شانۆدابێت كە ئەزموونگەرییە، بەڵكو نووسین ولێكۆڵینەوە لەبارەیەوە دەگمەنن، یان لانی كەم بەم شێوەیەی نیهاد قسەی لەسەر دەكات، چڕتر پێمانی دەناسێنێت.

نیهاد جامی لەچەند بەشێكدا لێكۆڵینەوەكەی ئەنتۆلۆژیای شانۆی ئەزموونگەریی هێناوەتە بوون، ئەوانیش (دەسپێك- ئەزموونگەری لەشانۆی عەرەبیدا- ئەزموونگەری لەشانۆی عیراقیدا- شانۆكاری كورد لەهەزارەی سێیەمدا- كۆتایی مێژوو.. كۆتایی شانۆ- تارماییەكانی ئارتۆ لەكۆتایی شانۆدا- یادەوەری جەستە- ئەنتۆلۆژیای شانۆی ئەزموونگەری كوردی- ئامادە بوونی

# کتێبێک بۆ شانۆی ئەزموونگەری

## شکۆ عومەر

ئەم نوسینەم بە ئاراستەکردنی پرسیارێک بۆ خوێنەر دەست پێدەکەم، ئەویش ئەوەیە ئایا بوونی وەها کتێبێک تا چەند خزمەت بە مەعریفەی شانۆکاری کورد ئەکات تاکو بتوانێت لە ڕێگەیەوە ئاسۆکانی شانۆی ئەزمونگەری کوردی لە داهاتوودا ببینێت و بە عەقڵ و دیدێکی تازەوە نمایش بخولقێنێت؟ بەڵام وەکو بۆچوونی خۆم پێمووایە وەڵامەکە بە ئەریّ یە، بە حوکمی ئەوەی کە تاوەکو ئێستا شانۆی ئەزمونگەری کوردی کەمترین کتێب و توێژینەوەی لە سەر کراوە، بەپێی ئەوەی کە من ئاگادارىم تەنها کتێبێکی (دانا ڕەووف)ە ئەویش نەک تەواوی شانۆی ئەزمونگەری بەڵکو تەنها جەخت لەسەر ڕەوتە ئەزمونگەرییەکەی شاری سلێمانی دەکاتەوە. نەک هەر شانۆی ئەزمونگەری بەڵکو تەواوی ڕەوتە شانۆییەکە لە لایەن خودی شانۆکارانەوە لەڕووی توێژینەوە و ووتاری ڕەخنەیی و قسە کردن لەسەر ئسلوبی ئیشکردنەوە فەرامۆش کراوە واتا هێندەی سەرقاڵی لایەنی پراکتیکی بوون ئەوەندە گرنگییان بە تیۆریزەکردنی نمایشەکان نەداوە، کە ئەمەش بۆخۆی یەکێکە لە فاکتەرەکانی پوکانەوە و لە ناوبردنی کارەکان دوای تێپەربوونی چەند دەیەیەک بەسەریاندا، هەروەک لە غیابی ئەو توێژینەوانەوە شانۆکاری گەنج گومان لە بوون و باشیی نمایشی ڕابردوو پەیدا دەکات و دەگاتە ئەو بڕوایەی کە شانۆی ڕابردووی کوردی جگە لە پاڵنەری هەستی نیشتیمانی هیچی تر نەبووە. هاوکات من ئەم کتێبەی نیهاد جامی پەیوەست دەکەم بە ڕەوتی شانۆی کەرکوک لە ڕابردوودا، چونکە هەمیشە ئەووترێت لە هەشتاکانی سەدەی ڕابردوودا لە کەرکوک ڕەوتێکی شانۆی ئەزمونگەری بەهێز هەبووە لە کاتێکدا ئەم قسەیە ئەکرێت بێئەوەی بچوکترین دیکۆمێنت هەبێت، بەوەی ئەگەر وایە و ئەو ڕەوتە ئەزمونگەرییە هەبووە با بینوسن و بیکەن بە دیکۆمێنت هەر باشە و شوێنێک پڕ دەکاتەوە. بەڵام نیهاد لە کتێبەکەیدا بە تەواوی لەسەر ئەزمونەکانی قۆناغی دوای پرۆسەی ئازادی لە شاری کەرکوک هەڵوەستەی کردووە، وەکو دیکۆمێنت تۆماری کردوون، واتە ئەگەر ڕۆژێک جیلێک هات و گومانی لە ئەزموون و شێوازی ئیشی ئەو قۆناغەی شانۆی کەرکوک هەبوو ئەتوانێت بگەڕێتەوە بۆ چەندین بەڵگە و دیکۆمێنت یەکێک لەو بەڵگانە کتێبی (ئەنتۆلۆژیای شانۆی ئەزمونگەری کوردی) ە.

خاڵێکی تری باشی ئەو کتێبە لەوە دایە کە نوسەر هاتووە کتێبەکەی بەسەر چەند تەوەرێکدا دابەش کردووە،هەروەک لە سەرەتادا لە سەر شانۆی ئەزمونگەری لە عێراقدا دەوەستێت وئاماژە بە چەند ئەزمونێکیان دەکات وەک بەشێک لە ئەزمونەکانی (قۆناغی ئەزمونکارە نوێیەکان) بەتایبەت ئەزمونەکانی (عەزیز خەیون)، بەڵام من پێمووایە دەبووایە نوسەر هەڵوەستەی لەسەر چەند ئەزمونێکی شانۆکارانی هەردوو قۆناغەکەی پێشووتریش بکردایا، هەرچەندە لە شوێنێکدا بە کورتی ئاماژە بەوە دەکات و دەڵێت "کە جگە لە ئەزمونەکانی(د.سلاح ئەلقەسەب) هیچ کام لە ئەزمونەکانی تر تیۆریزە نەکراون و زیاتر گیانی سەرکێشی پاڵنەریان بووە" بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەرچۆنێک بێت

دەبوو چەند نمایشێکی تری ئەم قۆناغە و قۆناغی(نەوەی دامەزراندنی شانۆی عێراقی)ی بە نمونە بهێنایاتەوە.

تەوەرێکی تری کتێبەکە تەرخان کراوە بۆ ئەنتۆلۆژیای شانۆی ئەزمونگەری کوردی، کە من پێمواية دەبوو نوسەر لە سەرتای ئەم باسەدا ئەوەی بۆ خوێنەر ڕوون بکردایەتەوە کە ئەو کارە ئەزمونگەرییانەی کە لەو قۆناغەدا کراون چۆن و لە چیدا ئەزمونگەر بوون، هۆکاری دروست بوونی ئەو





ڕەوتە ئەزمونگەریە چی بوو.چونکە تاکو ئێستاش بەشێکی زۆری شانۆکاران نامۆن بەو قۆناغە گرنگەی شانۆی کوردی کە دروست بە مانای ووشە توانییان دابڕان لە شانۆی کوردیدا دروست بکەن ، بۆیە دەبوو نووسەر جەختی لەسەر ئەو چەند خاڵە بکردایەتەوە .

لە سێیەم تەوەری کێبەکەیدا نوسەر باس لە ئامادەگی شانۆی بێهودەیی لە شانۆی ئەزمونگەری کوردیدا دەکات، کە پێموایە زۆر بە جوانی باسی ئەو پەیوەندییەی لە ئەزمونەکانی تیپی شانۆی ئەزمونگەری دا کردووە بەڵام دەبوو بە هەمان شێوە ئەو تەوژمە بێهودەییەی کە راستەوخۆ لە دوای پرۆسەی ئازادییەوە لە کەرکوك هاتە ئاراوە بخستایەتە بەر باس و قسەکردن بەوەی کە ئەو کات کۆمەڵێك نمایش لە کەرکوك پێشکەش کران کە فۆرمێکی تەواو بێهودە باڵی بەسەریاندا کێشابوو، هەرچەندە کەمترین ئاگایی لە پشتی ئەو نمایشانەوە هەبوو کە ئەو کات کارەکتەرێکی سەرەکی ئەو ڕەوتە عەبەسییە (کۆسرەت عەبدولرەحمان) بوو، هاوشێوەی بزوتنەوەکەی (هۆرێن غەریب) لە سلێمانی خەریك بوو زۆربەی شانۆکاران بەتایبەتی ئەو جیلە گەنجەی کە تازە هاتبوونە نێوەندە شانۆییەکەوە بکەونە ژێر کاریگەری ڕەوتەکەوە کە خودی خوڵقێنەری ئەو کەشەی ئەوکاتە کەمترین ئاگایی و مەعریفەی لەسەر ئیشکردن لە شانۆ لە ژێر کاریگەری پڕۆژەدا هەبوو، نا بەڵکو ئەسڵەن ئەوەندەی کار لەسەر لایەنی پراکتیکی دەکرا هێندە بیر لە پڕۆژەیەك نەدەکرایەوە بۆ قوتارکردنی ئەو دۆخە نالەبارەی کە شانۆی ئەوسای کەرکوك تێیکەوتبوو بەوەی کە زۆر پێویست بوو لەسەر شانۆکاران و بەتایبەتی ئەوانەی کە لە شارەکانی تری کوردستانەوە گەرابوونەوە بە جۆرێکی جیاواز لە شانۆی باوی کەرکوك کاربکەن، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەو کۆمەڵە نمایشەی ئەو کات دروست بەمانای ووشە جیاواز بوو لە ئیشەکانی پێشووی شاری کەرکوك، واتە لە ئیشەکانی کۆسرەت عەبدولرەحمانەوە دەرکەوت کە جۆرێکی تریش لە ئیشکردن هەیە وجیاوازە لەشانۆی باوی کەرکوك بەڵام تەنها پێویستی بە عەقڵێکی ڕێکخەر هەیە، کە ئەوکات ئەو عەقڵە ڕێکخەرە بوونی نەبوو.

دوا تەوەری کتێبەکەی نیهاد جامی تەرخان کراوە بۆ سینۆگرافیا و پەیوەندی ئەم هونەرە بە شانۆی ئەزمونگەری کوردییەوە،کە سەرەتا باسێکی زانستی و بە پێزی لەسەر سینۆگرافیا و مێژووی سینۆگرافیا خستووەتە ڕوو، پاشان رەبتکرنەوەی سینۆگرافیا بە شانۆی ئەزمونگەرییەوەو پێچەوانە کردنەوەی ئەو هاوکێشەیەی کە سینۆگرافیا شانۆی ئەزمونگەری هێنایە بوون، بەڵام شانۆی کوردی بە پێچەوانەوە بوو واتە شانۆی ئەزمونگەری سینۆگرافیای دروست کرد، یانی بەر لە دروست بوونی شانۆی ئەزمونگەری لە تەواوی نمایشەکاندا شتێك لە ئارادا نەبوو بە نێوی سینۆگرافیاوە، کە ئەم خاڵە گومانمان لە زانستی بوونی شانۆی کوردی زیاتر دەکات و سوورترمان دەکات لەسەر ئەوەی کە بڵێین "سەرەتای شانۆی کوردی هەر ئارەزوو بووە"

هەر ئەم بۆچوونەی نوسەر خاڵێکی تریش ڕوون دەکاتەوە ئەویش ئەوەیە زۆربەی شانۆکاری کورد بۆچوونێکی هەڵەیان لەلا دروست بو بوو لەسەر سینۆگرافیاو پێیان وابوو کە هەموو نمایشێکی ئەزمونگەری ئەبێت سینۆگرافیای تێدابێت ، واتە سینۆگرافیا ڕەگەزێکی سەرەکی ئەزمونگەرییە، دواتر نوسەر باس لە سترۆکتۆری سینۆگرافیا لە شانۆی کەرکوك دەکات، بەڵام ئێستا و لەدوای ئەوەی کە سینۆگرافیا لە ڕێگەی کارەکانی تیپی ئەزمونگەریەوە بوونی خۆی وەك هونەرێکی باڵا ڕاگەیاند، کە دروست بە مانا سیمۆلۆژییەکەی دەرکەوت، کەچی بەشێك لە شانۆکاران لەوەو دوا بەبێ بوونی هیچ باگراوندێك لەسەر ئەو هونەرە و بەبێ هیچ هەستێکی مەسئولیەتەوە لەنمایشە کرچ وکاڵەکانیاندا دیکۆر وموفرەداتە پەرش و بڵاوەکانی سەر شانۆ ناو دەنێن سینۆگرافیا، لێرەدا دەگەڕێینەوە بۆ سەر وەڵامی پرسیارەکەی سەرەتا و ئەگەر خوێنەر بە مەنتق لێکیبداتەوە ئەگاتە ئەو بڕوایەی کە بە فیعلی وەڵامەکە بە ئەرێیە.

# جوانترین مردن




شانۆی ئەزموونگەری کەرکوك لەدرێژەی ئەزموونەکانیدا شەوی ٢٠٠٩/١/٢٢ لەهۆڵی کافتریای کازێوەی منالاّن لەشاری ڕانیە، شانۆیی (جوانترین مردن) ی نمایش کرد.داڕشتنەوەی پانتایی (نیهاد جامی) جەستەی کولتوری (شکۆ عومەر، کاردۆ، کارگەر جەواد) لەبارەی ئەم ئەزموونەوە نیهاد جامی ئاماژە بۆ ئەوە دەکات، کە ئەم ئەزموونە درێژەی ئەزموونەکانی قۆناغی دووەمە، دەڵێت"پڕۆژەی دەنگ میتا حیکایەت یان شانۆناسی پڕۆژەی ٢٠٠٧-٢٠٠٩ یە کە چوار ئەزموونی لەکەرکوك گرتە خۆی و لە کۆیە (یادەوەری دەنگ/٢) هەروەها لەئاداری ئەمساڵ شەرابی سێو لەکەلاوەکانی هەڵەبجە نمایش دەکات، بەدوای کۆتایی هاتنی ئەم قۆناغە قۆناغێکی نوێی ئەزموونکاریتری تیپەکەمان دەست پێ دەکات" سەبارەت بە نمایش کردنی ئەزموونەکان لەشارەکانیتر دەڵێت "مەبەست لەگواستنەوەی ئەم پڕۆژەیە بۆ شارەکانیتر ئاشناکردنی شانۆی ئەزموونگەری کەرکوکە بە شانۆی شارەکانیتر"




دوای نمایشەکەش کۆڕێکی ڕەخنەیی سازکرا بۆ شانۆکارانی کەرکوك بەمەبەستی گفتوگۆکردن و ئاڵوگۆڕکردنی بۆچوونەکان، شانۆکارانی ڕانیە چەندین سەرنج و پرسیاریان ئاراستەی ئەم ئەزموونە کرد و هیواشیان خواست کە ئەوە دوا ئەزموونی ئەزموونگەری کەرکوك نەبێت لە شارەکەیان



# شانۆکار

ژمارە (٥)ی ٢٠٠٩

## مەلەڤی هاوڕێیانی گەزیزە

## مەلەڤی ڕەخنەیی هۆڕۆسکۆب









# مەلەفی هاوڕێیانی گەزیزە

# مناڵێک ٤٠ ساڵە لەسەر شانۆیە



مناڵیمان ئەو کاتەی بەدیار تاکە کەناڵە کوردیەکەی تەلەڤزیۆنە ڕەش و سپیەکەی ماڵەوە دادەنیشتین، کچە مناڵکارێك سەرنجی هەموومانی بەنواندنەکانی ڕادەکێشاو سەرسامی دەکردین، خەونمان بەوە دەبینی ڕۆژێك ئەو مناڵە لەناو یاریەکانی کۆڵان لێمان پەیدا بێت، ئەویش خوشکە (گەزیزە) بوو، ئاوا لەنێو هاوڕێ ئەکتەرەکانی تر دەمان ناسی، ئەو ڕۆژگارە تێدەپەڕی وئێمە گەورە دەبووین، بەڵام بۆ ناسینەوەی تەمەنی مناڵیمان ئەستەمە یادەوەریمان خاڵی بێت لەو مناڵە ئەفسانەییەی کە گەورە بوون دەیکات بە یەکێك لەشانۆکارە داهێنەرەکانی دنیای ئێمە، لە ساتەوەختی دەرکەوتنی شانۆی ئەزموونگەری لەهەشتاکانی سەدەی ڕابردوو ئەو بەدوو کاری مۆنۆدراما (سروودێکی خۆشەویستی) و (دارتووەکە) توانی تەکانێکیتر بەشانۆی ئەزموونگەریمان بدات، بەدوای ڕاپەڕینیش کاتێ شانۆ لەلایان زۆر لەشانۆکاران چۆڵ کرا، بەڵام ئەو داهێنەرە بۆ چرکەیەکیش شانۆی بەجێ نەهێشتووە، بەتایبەت لە زیندوو کردنەوەی (تیپی هاوڕێیانی گەزیزە) تەکان و تەقەللایەکیتری بەو بزووتنەوە شانۆییە داوە، بەتایبەت لەڕووی کێشەی ژن لەناو شانۆدا، ئەگەر لە سەرەتای مناڵیدا ئەو تاکە کچێکی نێو ئەو گرووپە بوو، ئەمڕۆ کە کۆمەڵە کچێك بە شانۆی گەزیزەوە دەبینین دەتوانین وەك ئەزموونێکی ناوازەی کوردی لە شانۆی فێمێنیستی کوردی تەماشای بکەین، ئەگەرچی ئەو هێندەی لەو ڕێگەیەوەش خەمی کێشەی مرۆییەتی نەوەك ڕەگەزی، ئەوەش هۆکارێکە کەوای کرد ئەم مەلەفە تایبەت بکەین بە ئەزموونی ئەو شانۆکارەمان، بۆ ئەوەی ئەزموونێك فەرامۆش نەکەین کە کاریگەری بەسەر گوتاری ئەزموونگەریمانەوە هەیە، بەدڵنیایەوە ئەو هەوڵەی ئێمە لەتەك ئەزموونی گرووپە شانۆیەکانیتریش لەژمارەکانی داهاتووی شانۆکار بەردەوام دەبێت.



# تۆبۆگرافیای گەزیزە







* ١٩٦١ لەشاری سلێمانی لەدایك بووە

* ١٩٦٩ بۆیەکەمجار چۆتە سەر تەختەی شانۆ

* ١٩٨٨ کۆلێژی هونەرە جوانەکانی بەغدای تەواو کردووە

* ماوەی ١٤ ساڵ مامۆستا بووە لە پەیمانگای هونەرە جوانەکانی سلێمانی

* ئەو بەرهەمانەی وەکو نووسین و نواندن و دەرهێنان پێشکەش کردووە:

١- سروودێکی خۆشەویستی (وەرگێڕان و نواندن ودەرهێنان) ١٩٨٧

٢- دارتووەکە (نووسین ونواندن ودەرهێنان) ١٩٨٩

٣- دەروازە داخراوەکان (نووسین ودەرهێنان) ١٩٩٦

٤- گوڵەکانی مەنفا (نواندن ودەرهێنان) ١٩٩٩

٥-ماڵێك پڕ لە جانتا (دەرهێنان) ٢٠٠٠

٦- دێزدەمونە (نواندن) ٢٠٠١

٧- تووڕەبوونی تابلۆیەك (نووسین ودەرهێنان) ٢٠٠١

٨- ژنانی شارەکەم (نووسین ودەرهێنان) ٢٠٠٢

٩- هەناسەکانی ڕێگا (نووسین) ٢٠٠٢

١٠- جەنگی ژوورەکان (نووسین ودەرهێنان) ٢٠٠٣

١١- میوانی ئەم ئێوارەیە (نووسین ودەرهێنان) ٢٠٠٥

١٢- هێشتا قسەکانمان تەواو نەکردووە (نووسین ودەرهێنان) ٢٠٠٦

١٣- ٣ ژن وشەوێك (نووسین ودەرهێنان) ٢٠٠٨

# تیپی شانۆی هاوڕێیانی گەزیزە

دوای بەیاننامـــەی یـــانزەی ئـــازاری ١٩٧٠ ڕۆشـــنبیری کـــوردی دەرفـــەتێکیتری بـــۆ هاتـــە پێشـــەوە، ئـــەوە بـــوو چـــالاکی کولتـــووری گەشەسەندنێکی بەخۆیەوە بینی لەزۆر ڕووەوە، تیپی شانۆی هاوڕێیانی گـەزیزە یـەکێك بوو لـەو تیپانـەی بـەرەنجامی ئەو دۆخـە بـوو، کـاتێ لـە ١٩٧١ تیپەکە دامەزرا، ئەندامەکانی بریتی بوون لەکۆمەڵە شانۆکارێکی ناسراوی ئەو سەردەمە، بەهۆی دەرکەوتنی گـەزیزە لەئاستی هونـەری و جەماوەری هەروەها بۆ ئەو ڕێزوخۆشەویستیەی کۆمـەڵگا بۆ ئـەو منالـە بەتوانایە هەیبوو تیپەکەیان بەناوی هاوڕێیانی گـەزیزە ناونا، ئەگەرچی تەمەنی ئەو تیپە لە ساڵ ونیوێك تێنەپەڕی، بەڵام بەرهەمەکانیان لەشانۆ و تەلـەڤزیۆن هێشتا لـەیادەوەری کوردیـدا کاریگـەری هەیـە، بـەدوای ئەوەی هۆکارە داراییەکان بوونە بەربەست لەبەردەم بەردەوام بوونی ئەو تیپە ئەوەبوو ئەندامەکانی بەسەر تیپە شانۆییەکان دابەش بوون.

ڕۆژ بەڕۆژ ئەستێرەی نواندنی گەزیزە لە درەوشانەوەدا بوو، ئەو منالێك نـەبوو تەمـەنی بچووکی هێنابێتی و لەگـەورەبوون شـانۆ بـەجێ بێلێت، دیـارە لـەو نێوەنـدە پێویسـتە کاریگـەری شانۆکاری بەهەشـتی عومـەری عـەلی ئـەمینی بـاوکی زۆر بـەرز بنرخێنـدرێت، کـە هۆکـاری سـەرەکی بەردەوامیی ئەو بووە، دەچێتە بەغدا وکۆلێژی هونـەرە جوانـەکان بەشی شانۆ تەواو دەکات، مـاوەی ساڵانی خوێنـدنی تواناکـانی دەبنـە جێگـەی سـەرنجی مامۆسـتاکانی کـە بریتـی بـوون لـەناوە ناسـراوەکانی شـانۆی عیراقـی، (سـرووديکی خۆشەویسـتی)و (دارتووەکـە) ئـەمڕۆ وەك دوو ئـەزموونی گەشـاوە لەنەخشـەی شـانۆی ئەزموونگـەری کـوردی بـاس دەکرێتەوە.

ساڵی ٢٠٠٤ لەتـەك کۆمەڵـە ژن و کچە شانۆکارانی کـورد سـەر لـەنوێ تیپـی شـانۆی هاوڕێیـانی گـەزیزە دادەمەزرێنێتـەوە، ئـەوەی جێگـەی سەرنجە لە سەرەتای هەفتاکان کاتێ تیپەکە دامـەزرا هاوڕێیانی گـەزیزە بریتـی بـوون لـە شـانۆکارە پیاوەکـان، کەچـی ئـەمجارەیان هاوڕێیـانی گەزیزە هەموویان خانمانی شانۆن، لەم ماوەیەدا هاوڕێیانی گـەزیزە ئەم شانۆگەریانەیان نمایش کردووە، کە سەرجەمیان لـەدەرهێنانی مامۆسـتا گەزیزە یە: (دەروازە داخراوەکان) (گوڵەکانی مەنفا) (ماڵێك پڕ لـەجانتا) (تـووڕە بـوونی تابلۆیـەك) (جـەنگی ژوورەکـان) (میـوانی ئـەم ئێوارەیـە) (هێشتا قسەکانمان تەواو نەکردووە) (٣ ژن و شەوێك)

# سروودێکی خۆشەویستی بە دەنگێکی مرۆیی

د. عقیل مهدی

وەرگێڕانی/ کاردۆ

لەنێو تەوژمێکی فراوانی جۆرەها شێواز وستایلی شانۆییدا گەزیزە گەیشتە سروودێکی خۆشەویستی ژان کۆکتۆ، دەقەکە باس لە ئافرەتێك دەکات کە دوای ئەوەی ماندوو بێت وبێزاریی وچاوەڕوانیکردنی بیستنی زەنگی تەلەفۆن زۆری بۆ دەهێنن، خۆی کۆ دەکاتەوە بۆ ئەوەی ژوورە تەنگەکەی جێبهێلێت، بەلاّم هەر کە گوێی لە زەنگی تەلەفۆنەکە دەبێت خێرا پاڵتۆکەی دائەکەنێت ولەڕێی بیستەکی تەلەفۆنەکەوە کە لەگەڵ بەرامبەرەکەیدا ئەدویّ، بەدەنگ خۆی ئەگوێزێتەوە، ئیدی بەدرێژایی ماوەی نمایشەکە لەژوورەکەیدا دەمێنێتەوە، ئەو ژوورەی کە بۆ ئەو دوورگەو شورایەکە بۆ دەرباز بوونی لەم دەریا سەرشێت ومەترسیدارەی کە لەمیانی تەلەفۆنەکەوە ولەلایان کەسی بەرامبەرەوە دێت.

ئافرەتەکە جگە لەهانا بردنی بۆ پەلاّشێك، بەرامبەر بەو دەریایە هیچ دەسەلاّتێکی تری نیە چارەنووسی خۆی ڕادەستی ڕۆژگارێك دەکات کە لە بیستەکی تەلەفۆنەکەوە دێتە دەر ئەو ئامێرەی وەك فریشتەیەك وایە گەر چاوەڕوانیکردنی بەڵێنی هاتنەدی خۆشنوودی نەبێت ، ها کا دەبێتە ڕمووزنێك وهیچیتر.

گەزیزە بەتەنها ولەڕێی ڕۆحە لیرك ئامێزو خاکەسارەکەیەوە ڕووبەرووی دەقەکەی کۆکتۆ بۆوە، لەیەکەم ساتەوەختی نمایشەکەوە تواناکانی بەگەڕخست، جەماوەر لەگەڵ چوونە ژوورەوەیان بۆ نێو هۆڵی نمایشەکە چاویان دەکەوێتە سەر بوونەوەرێك وەك ئاژەڵێك یان هەڵۆیەك کە ئاسمان ودارستانەکانی خۆی لەچەند شۆکێکدا چڕ کردبێتەوە گینگڵ دەخوات، ڕەنگە بینەر پرسیاری هۆکاری ئەو هەموو جولانە بکات کە زیادە ڕۆییان تێدایە وبەشێوەیەکی ئاسایی نین، بەلاّم لەکۆتایی نمایشەکەدا دەگاتە پاساوێك بۆ تەواوی جولەکان وبۆی ڕوون دەبێتەوە کە ئەو ئەکتەرە هەڵگری چ نهێنیەکی هونەرە.

ژنێك ڕۆژگار بەسەختی هەڵیکوتاوەتە سەر دڵی، بێهوودە چاوەڕوانی بیستنی دەنگی خۆشەویستەکەیەتی، داوا لە خانمێکی تر دەکات بیستەکی تەلەفۆنەکەی دابنێت، بۆ ئەوەی بەجوانی گوێی لەبەرامبەرکەی بێت، بەلاّم ئەو خانمە بۆ چەند ساتێك لەسەر هێلەکە دەمێنێتەوە، کە بەلای ئەمەوە چەند سەدەیەکە وزۆر لەسەرخۆ تێدەپەڕن، تا ئەو هەورە نامێنێت وئیدی دەنگەکە بەڕوونی هەڵدێت و بەمیهرەوە سۆزی ئافرەتەکە دەئاژنیّ، لەجیهانی ئەو دوور دەکەوێتەوە، ئەو جیهانەی وەك هێشوویەك لە ئازار ویادەوەرییەکان وشت درووست دەبێت، بەجۆرێك (ووشە) دەبێتە تەنها ئامرازێك بۆ پەیوەندیکردنی ئافرەتەکە بە جیهانەوە، ئەو تەنها (گویّ) یەکەو هیچیتر، ئەو بۆ بەرامبەرەکەی باسی تەنیایی خۆی دەکات، باسی چوونە دەرەوەی دەکات لەگەڵ (مارتا) ی هاوڕێی، باس لەوە دەکات کە چۆن حەبەکانی خوارد، سەبارەت بەو پزیشکەی لەگەڵ مارتادا دەژیێت قسەی بۆ دەکات، ئەو پزیشکەی کە



لەنەخۆشی ڕزگاری کرد، لەناکاودا ڕیتمی قسەکردنی کەسی بەرامبەر گۆڕانی بەسەردا دێت، ئاخۆ تۆ بڵێی وورووڕا بێت؟! لەوەدا دڵنیا نین.. ئافرەتەکە درۆی دەکرد، بۆ پیاسەکردن لەگەڵ هاوڕێکەی نەچووەتە دەرەوە، لەڕێی ووردەواڵەکانی وجانتاکەی ودەسکێشەکانیەوە لەگەڵ خۆیدا دووچاری گرفتمان دەکات.

ئەم هونەرمەندە بوونی بە تەواوی بەو شتانە بەخشی، بەجۆرێك کە لە قووڵایی دەروونی مرۆڤایەتیمانەوە سەرچاوەی دەگرت وبیرکردنەوەی لا درووست دەکردین،ڕایەخەکە دەبێتە مێژووی ژیانێك بەر لەوەی سیس بوون بەسەریدا زاڵ بێت، هیچ دەرباز بوونێکیش نیە لەو کورسیەی کە ئافرەتەکە بە هەناسەکانی ڕکێفی کردووە، ئاخۆ ئەوە کەسی بەرامبەر نیە کە پێمانوایە کورسیە!! سیس بوون تەواوی ژوورەکەی داگیر کردووە، ئەو ژوورەی کە لە ژاوە ژاوی ژیانەوە و بەجل وبەرگێکی پەڕپووتەوە هاتووە، تەنانەت ئەو سەگەش کە گەزیزە لەخودی خۆیەوە هێنایە ئاراوە و قاچە چەماوەکەی دەگرت، گوزارشتی لە سۆزی خۆی دەکرد بەرامبەر بە سەگێك کە کووشتەی ئەمەکێتی بەرامبەر بە خاوەنەکەی، ئەو ڕۆشناییەی گەزیزە لەسەر سەکۆی شانۆ هەڵیکردبوو، کاریگەر بوو، چونکە مەبەست وکرۆکی ژیان بوو واتا ژیانی کارەکتەرەکە.

رووناکیەکە سووتانی ئەو یادەوەرییانەیە کە لەنێو نامەکاندان، لەسەر دەستی خوشکەکەی (کەسی بەرامبەر) بوون بە خۆڵەمێش، نامەیەکی گرنگ لەنێویاندا هەبوو نەیتوانی ڕزگاری بکات تا بە جارێك ئاگر هەمووی سووتاند. چ بچووك بوونەوەیەکە گوێت لە دەنگی خۆشەویستەکەت بێت وکەچی نەیبینیت؟! ئەم خۆ شێت کردنە چیە لەدڵی کەسێکدا کە خۆشەویستی دەکات و ڕازیە بەوەی خۆشەویستەکەی بە گەمژەو ناساز ناوی بێنێت، هەروەك بڵێیت ئەم بە ستایشیان تێبگات.

ئەم (ئافرەتەکە) نرخ وبەهاکانی خۆی بیر دەهێنێتەوە،





کاتێکیش ئەو داوای داخستنی تەلەفۆنەکەی لێ دەکات، ئەم داوای لێ دەکات بچێتە ئەو ئوتێلەی کە پێکەوە لێی دەمانەوە، پاشان وەك دایك و خۆشەویست و هاوسەرێك داوای لێ دەکات ئاگای لەخۆی بێت، بەگوێرەی قسەکانی.. ئەو لەژیان گرنگترە بۆی تەنانەت لەژیانی خۆشی.. ئەم قسانە دەکات و دواین پەیوەندی لەگەڵ کۆتایی نمایشەکەدا کۆتایی دێت.

وەك ئاماژەمان بۆ کرد گەزیزە لەڕووی دەرهێنانەوە تێڕوانینێکی باشی هەبوو، وای لە پاڵەوانەکە کردبوو ئافرەتێك بێت نەتوانێت تەنانەت ژوورەکەشی جێبهێلێت، هەر لەسەرەتاوە بەجل وبەرگی ناوماڵەوە بوو، وەك دەڵەشێرێك روحی خۆی تێکدەشکاند، هەروەها تەلەفۆنەکە تەنها ئامێرێك نەبوو بۆ بیستن، بەڵکو دابەشی کردبوو وەك دابەش بوونی رۆحی، هەروەها لەڕێی چەند تەلێکەوە بەسەر ڕایەخ وکورسیەکەدا وەك خودی خۆی ئاوێزانی کردبوو، تەنانەت پێشەوەی سەکۆی شانۆکەیش گۆڕابووە سەر شێوەیەکی بازنەیی هەروەك ژمارەکانی سەر تەلەفۆن.. ڕایەخەکەش کاتێ سووڕایەوە لەگەڵ سپەیسی ژوورەکەدا شێوەی تەلەفۆنێکی وەرگرت. هەروەك ئێفێکتەکانی موزیك وڕووناکی بەووردی وئاگاییەوە لەگەڵ گۆڕانەکانی کارەکتەرەکەدا بوون کاتێك کە بیری لە ژیانی دەکردەوە، هەڵبەتە ژیانی پاش شکۆمەندی و خۆشنوودیی، دیارە فرەبوونی تەلەفۆنەکان گوزارشتیان لە ڕووخساری خۆشەویستەکەی دەکرد کە بەسەر دنیاکەیدا زاڵ بوو (ماسکی ڕووخساری لەبڕی بازنەی تەلەفۆنەکە بوو) تەلەکان تێکڕا دەئالکێنە گەردنیا ودەیخنکێنن، بەمەش کۆتایی بە مەرگەساتی ئافرەتێکی تەنها دێت، کە ئاوڕ لەدوای خۆی دەداتەوە نهێنی ژیانی تەنها لەوێدا دەدۆزرێتەوە.

وێڕای ئەم مەرگەساتە، پێمانوایە گەزیزە وای لێکردین ژیانمان زیاتر خۆش بووێت ولە دڵڕەقی دوورە پەرێز بێت و یتر لەگەڵ خۆشەویستەکانماندا بین

# دارتووەکە



## یاسین النصیر

هونەرمەندی لاو (گەزیزە) بەم نمایشە شاعیرییەی یەکێك لە کارە باشەکانی ئەم فێستڤاڵەی نمایش کرد، چیرۆکەکە چیرۆکی چاوەڕوانییە، بەڵام چاوەڕوانییەکی جیاواز، لەنمایشەکەدا دەزانین کە پاڵەوانەکە مردووە، ئەوەی ماوەتەوە روحێکە لە نێو ژوورەکانی ماڵەکەدا و بەسەر شتومەکەکانیدا هەڵدەفڕێت، رۆدەچێتە ناخ و تەواوی پانتاییەکانی ژیانی خێزانێکی پێکهاتوو لە تەنها خوشکێك کە هەمیشە لەچاوەڕوانییدایە، دەشزانێت کە ناگەڕێتەوە، ئەوەتا لە نمایشەکەو لەمیانی مامەڵەکردنی لەگەڵ شتومەکەکانی و بەبەرکەوتنی سۆزی دەنگی لەگەڵ تەواوی کەرەستەکاندا جارێکیتر ئامادەبوونی رابردووی خۆی پێکدەهێنایەوە. چیرۆکی جۆلانە ی (محەمەد خزەیر) گوزارشت لە ئامادەنەبوونی سەربازێك دەکات کە لە جەنگی ١٩٦٧ گیان لەدەست دەدات، رووداوەکە لە رێی هاورێکەیەوە دەگێڕدرێتەوە، دوای ئەوەی بەشێك لە شتومەکەکانی دەگەڕێنێتەوە بۆ کەس و کارەکەی کاتێك دەگاتە ماڵی سەربازەکە باسی مردنی کوڕەکەیان بۆ ناکات، بەڵکو لە نێو ئەو ماڵەدا وەکو عەلی (سەربازەکە) لەگەڵ هەردوو منداڵەکەی و دایکی و هاوسەرەکەی هەڵس و کەوت دەکات و شوێنی ئەو دەگرێتەوەو شتەکانی زیندوو دەکاتەوە، بەوەش شیعریك دەخوڵقێنێت. لە نمایشتی دارتووەکەی گەزیزەدا لە نێو خودی نائامادەبووندا زۆرێك لە ئامادەنەبوون ئامادەگیی هەیە، لێرەدا چاوەڕوانی هەڵوەشێندراوەتەوە، ئەوەی لە ئارادایە ئەو دەنگە شعرییە پەنهانەیە کە بەر تەواوی نائامادەبووان دەکەوێت، بەڵکو بتوانن لە میانییەوە درووست ببنەوەو بۆ خۆیان زمانێك بهێننە ئاراوە، دارتووەکەش جگە لە پاشماوەی شوێنەوارێکی کۆن هیچی تر نییە کە سیمبول و واقیع لەیەك کۆدەکاتەوە گەڵای دارتوو دەلالەتی پۆشاری مرۆیی (الستر الإنسانی) هەیە هەروەها دارتوو پیرۆزەو خودان زمانێکی میللی نادیارە، ئەوەتا درەختە روناکەکە ئامادە نەبوویەك دەکاتە یاوەری خۆی ئەویش لە رێی رووناکیی چرا ئەزەلییەکەیەوە کە لە ناخیدایە، ئێستا روحی ئەو لە هەمو گۆشەیەکی ماڵەکەدایە، لە نێو تەواوی جل و بەرگ و شتومەکەکانیدایە، دانیشتوانی ئاسایی ئەم ماڵە(شانۆ لەنێویاندا کچەکە(ئەکتەرەکە)وتەنانەت بینەرا نیش دەبێ ئاگەداربن کە دەشێت بە ژاوە ژاو و دەنگەدەنگیان رۆحە خەمبارەکەی بەئاگابێنن، بەم زمانە شعرییە جوانە گەزیزە نمایشتەکەی دەستپێکرد، پێیووتین دەبێ بێدەنگبین کەسی نائامادە لە نێوانماندایە و منداڵەکانی نوستوون وناب‌ێ جوڵەو قسەبکەین چونکە سەختترین ئازار بۆ منداڵێك کە نووستبێ بێداربوونەوەیەتی بەشێوەیەکی ناکاو، پاش ئەم دەسپێکە شعرییە گەزیزە دەمانباتە نێو کرۆکی نمایشتەکە، ئەی چی دەبینین؟ بەدەم رۆیشتنمان لەگەڵ گەزیزە دا لە ژوور و هەساری ماڵەکەوە بۆ لانکە و بیرکردنەوەی منداڵیی ،لە رووی جووڵە و دیالۆژەوە کردەی تاکەکەسیمان دەبینی،لە چوارچێوەی ئەم دیالیکتەوە (مەرگ، منداڵیی) گەزیزە لە نواندنیدا هاوکێشەیەکی لەنێوان راستیی و خەیاڵدا درووستکرد ، واقع و گریمانەیەك کە روویداوە و روودەدات ، بۆیە تۆ هەست

ناکەیت لە زەمەنێکی دیارکراودا دەژێیت ، نمایشتەکە بە رووی زەمەنەکاندا پەنجەرەیەکت بۆ والا دەکات ،رابردوو ناوەڕۆکێ رووداوەکە لە خۆ دەگرێت ، زەمەنی ئێستا بایەخدانە بە رووداوەکە ، لە داهاتووشدا ئەشێ هەمان رووداو دووبارەبێتەوە، لە چوارچێوەی ئەم ووشیارییە زەمەنییە گەشەپێدراوەدا گەزیزە پەرەسەندنەکانی مەرگی بەرجەستەکرد بە هەرسێ قۆناغەکەی.بەپێی بۆچوونێکی فکری، رابردوو سەرەتایەك بووە بۆ رووداوەکە هەستپێکردنی نایگەڕێنێتەوە چوونکە وەك هەر نا ئامادەبوونیك ئامادەنییە. بەلام زەمەنی ئێستا بە نواندنی گەزیزە بووە دۆخێکی چەندبارە،ئێستا دەکرێتەوە و والادەبێت و چەندبارە دەبێتەوە دەشێ لەنێو ئەم خێزانەدا یان لە نێو خێزانێکی دیکەدا ئاماژەی پێبکەین.. زەمەنی ئیستا بە فراوانی و روونی خۆی بوونیکی مەعریفی بە نمایشتەکە بەخشیبوو وایلێکردین هەست بەوە بکەین کە دۆخەکە ئێمەش دەگرێتەوە ،ئێستا زەمەنی رانەبردووە ، زەمەنی دەستنیشانکردنە ، واتا زەمەنی شیکردنەوە و لێکدانەوەو ووتنە، نمایشتەکەش تارادەیەك بوو بە زەمەنی ئەکتەرەکە، زەمەنێکی کراوە و کارا ئەویش لە رێی زمانی جەستەی هونەریی گەزیزە، و رووناکی و دارتووەکەو پەنجەرەو تاریکیی و بینەر و کاغەزەکان و جل وبەرگەکانەوە .چونکە ئەم کەرەستە زیندووانە کە زمانی سیمانتیکیان هەیە خودی نمایشتەکە بوون، ئەوەی مابووەوە لێکدانەوەو فۆرمەیشن بوو. نایشارمەوە کە ئەکتەرەکە مایەی سەرسورمانی منە چ لە رووی سایکولۆژییەوە یان جەستەییەوە ئەو یەکێکە لە و ئەکتەرە دەگمەنانەی کە دەزانێت گەر شانۆ لە زمانی جەستە داماڵرێت دوچاری گرفت دەبێتەوە ، دیالۆژەکانی لەنێوان درکاندن و هەستپێکردن بوون هەروەك لە نیوان روونکردنەوە و شیکردنەوە بوون بۆیە دیالۆژەکانی هێندەی هەستیین زەینی(ژهنی) نین ، وەك پێیانووتم ئەوانەیشی کە زمانی کوردییان دەزانی هەستیان بە شعرییەتی درکاندن و سرووشی ووشە دەکرد ، دەشێ ئەوە بزانین ،لەکاتێکدا لە میانی شیکردنەوە و وەرگێڕاندا گوێبیستی سێبەریدیالۆژەکان دەبین، لەرێی زمانە هونەرییە جیاوازە کانییەوە ، زمانی جەستە ، زمانی دیکۆر، وزمانی رووناکی ،و زمانی نمایشت بەگشتی. پێموایە سەرکەوتنی هەر کارێکی هونەری پەیوەستە بە گونجانی پێکهاتەکانی کارەکەوە ، دارتوو دەرئەنجامی هەوڵ وکۆششی ناوازەی گەزیزە نمایشتێکی تەواو(متکامل)بوو.

**وەرگێڕانی/ کاردۆ**



# گفتوگۆیەک لەگەڵ کتێب

شكۆ عومەر

نوسین لەسەر کەسێك كە نەوەد لە سەدای تەمەنی لە نێو شانۆدا بەسەر بردووە، كارێكی هێندە ئاسان نیە و پێویستی بە هەوڵێكی زۆر هەیە، چ جای ئەوەی ئەو كەسە كاریگەرییەكی زۆری لە نێوەندی شانۆیی كوردیدا هەبێت و ئەو كەسەش شانۆكار (گەزیزە عومەر) بێت، بۆیە من لەم نوسینەدا تەنها خوێندنەوە بۆچاوپێكەوتنێكی ئەو دەكەم و زیاتر جەخت لەسەر وەڵامەكانی هونەرمەند دەكەمەوە، چونكە ئێمە زیاتر قسە و تێڕوانینەكانی ئەومان بەلاوە مەبەستە، گەزیزە ئێستا وا تەماشا دەكرێت كە خەریكە ببێت بە خاوەنی مۆركێكی تایبەت لە نمایشەكانیدا، ئەویش مۆركی ژنگەرایی وفیمینیستییە، بەوەی كە لە زۆربەی شانۆییەكانییدا و بە تایبەتی ئەم چەند ئیشەی كە لە دوای نیوەی دووەمی نەوەدەكانەوە دەستی پێكرد و تاكو ئەم ئەم چەند ساڵەی دوایی درێژ بووەوە، جەخت لەسەر ئەو چەمكە دەكاتەوە، چونكە خۆی پێیووایە كە ئاساییە هەر دەرهێنەرێك ئازادە كە چ پرسێك دەخاتە نێو كارە شانۆییەكانییەوە بۆیە ئەمیش بە حوكمی ئەوەی كە هونەرمەندێكی ژنە و خۆی لە ئازارەكانی ژن تێدەگات، هاوكات هەستی بەوە كردووە كە ڕۆڵی ژن لە شانۆدا پەراوێز خراوە، جا بۆئەوەی كە ئەو كەلێنە پڕببێتەوە، ئەویش ژنبوون و چەمكی فیمینیستی كردووە بە بنەمای میتۆد ماتریالی ئیشەكانی خۆی و دەیەوێت هەر بەم جۆرە بناسرێت.كە من بۆ خۆم پێمووایە ئەمە شێوەیەكی جوانە و هەڵبژاردنێكی پۆزەتیڤە، پاشان گەزیزە بۆ ئیشەكانی هەر خۆی كاری نووسینەوەی دەق دەكات، كە ئەمەشیان هەر خاڵێكی ئیجابییە، چونكە ئیدی ئەو بڕیاری داوە كە لەسەر ئەم جۆرە ئیش بكات و ڕەنگە كەم نووسەر هەبێت كە تایبەت لەو بوارەدا بنوسن تا گەزیزە كار لەسەر دەقەكانیان بكات، بۆیە باشترین كەسێك كە ئەو كارە ئەنجام بدات تەنها خودی دەرهێنەرە، كە من هیچ كات لەگەڵ ئەوەدا نیم كە ئیش لە دەقی خۆماڵی بكرێت، چونكە شتێكمان نیە ناوی دەقی شانۆیی كوردی بێت، بەڵام بۆ كارەكانی گەزیزە بۆچوونەكەم تەواو پێچەوانە دەبێتەوە.

لە یەكێك لە پرسیارەكاندا باسی داهێنان و داهێنەر دەكرێت، بەڵام گەزیزە زۆر بە دروستی وەڵام دەداتەوەو دەڵێت: كێ دەڵێ من داهێنەرم؟ هونەرمەند بوون و ئەزموونكاری گەزیزە لەوەوە سەرچاوە دەگرێت كە لە دوای ئەوە هەموو تەمەنە و ئەو كارە جدی و باشانەی كە كردوونی هێشتا پێیوایە هونەرمەندێكی ئاساییە، منیش ئەڵێم داهێنەر بوون بە چ پێوەرێك؟ بە پێیی هەموو پێوەرەكان داهێنەر ئەو كەسەیە كە لە بوارێكدا تیۆری هەبێت و كارگەلێكی ناوازە بە مانای ووشە ئەنجام بدات.

كاتێ مامۆستا گەزیزە باس لە شانازی كردن بە خۆی و بەرهەمەكانییەوە دەكات دەڵێت هیچ كات شانازی بە خۆمەوە ناكەم، كە ئەمە بۆچوونێكی دروست نییە، چونكە ئەوە مافێكی زۆر سەرەتایی هونەرمەندە كە شانازی بە خۆیەوە بكات، چونكە ساڵانێكی زۆر هەوڵی داوە بۆ ئەنجامدانی ئەو كارانە، بۆیە ئەبێت لەهەموو شوێنێك باسی خۆی و بەرهەمەكانی بكات، بە تایبەت لە وولاتێكی وەك ئەوەی ئێمەدا كە زۆر بێئەمەكانە ئیشەكان بیر دەبرێنەوە، بۆیە دەبێت هەمیشە بیری خەڵكی بخەیتەوە كە تۆ هونەرمەندیت و جیاوازی لە كەسی ئاسایی. منیش وەك گەزیزە پێموایە دەبێت هەمیشە ئەكتەر هەوڵ بدات سەرەتا خۆی كارێكی وا بكات كە ببێتە جێی سەنجی دەرهێنەران و ڕایبگەیەنێت كە ئەمیش ئەكتەرێكی بوون و توانایەكی لێهاتووی هەیە و ئەبێت دەرهێنەرەكان جەختی لەسەر بكەنەوە، وەك ئەوەی كە لە سەرەتای ئیش كردنی گەزیزەدا ڕووی داوە تاكو خۆی نمایشێكی نەكردووە كەس بەشداری



ئیشی پێنەکردووە.

گەزیزە لە وەڵامی پرسیارێکدا باسی زەروری و پێویستی بوونی شانۆ دەکات، شانۆ تا ئێستا لای هیچ شانۆکارێك نەبووە بە پێویستییەکی ژیانی ڕۆژانە تاکو بە بێ شانۆ نەتوانێت هەڵبکات و بژێت، چونکە هۆشیارییەکی وا لە سەر شانۆ نیە، واتە تاکی ئەم کۆمەڵگایە تا تێپەڕاندنی قۆناغی هەرزەکاری شتێکی وا ناناسێت بە ناوی شانۆوە، بۆیە ئەگەر لە دوای ئەو قۆناغەشەوە بێتە ناو شانۆوە و بڕیاری شانۆکاربوونی خۆی بدات کاتێکی باشی پێویستە تا بتوانێت خۆی بە دنیا فراوانەکە ئاشنا بکات، کاتێ ئاشنای دۆخەکە دەبێت کە بەشێکی تەمەنی ڕۆشتووە و ئیدی ناتوانێت ئەو هونەرە بکات بە پێویستی ڕۆژانەی خۆی.

گەزیزە شانۆ بە هونەرێکی جیهانی و گشتگیر دەشوبهێنێت و لە نێوان چەند هونەرێکدا قەتیسی ناکات، کە ئەمەش بۆچوونێکی دروستە، چونکە هیچ کات شانۆ خۆی لە نێو



میللەتێکی دیاریکراودا ناهێڵێتەوە و هەمیشە لە لای گەلانی خاوەن مەعریفە و کولتور دەبێت و دەگاتە تروٚپک. لە لایەکی ترەوە ڕەگەزە باس لە پێکەوتنی شانۆی وولاٚتان دەکات کە یەکێك  هۆیەکانی بە هاوکاری و دەستگرتنی دەسەلاٚت بۆ شانۆکاران بەستووەتەوە، بەلاٚم ئەگەر گەزیزە خان بیر لەوە بکاتەوە کە خوا نەکردە دەسەلاٚتی کوردی هاوکاری شانۆکاران بکات، ئەوە جگە لە وەهم هیچی تر نییە، چونکە ئەگەر مەبەستی خزمەتکردنی شانۆکاران بووایا لانی کەم چەند هونەرمەندێکیان ڕەوانی وولاٚتانی پێشکەوتوو لە شانۆ بکات بۆ ئەوەی ڕاستەوخۆ و لە نزیکەوە شانۆکاری کورد ئاگاداری ئەزموونە جیاوازەکانی دونیا بێت، یانی هێندەی حکومەتێکی دیکتاتۆری وەك بەعسی بۆ شانۆکاران و هونەرمەندان نەکردووە، کە لە هەشتاکانی سەدەی ڕابردوودا پۆلێك هونەرمەندی نادرە وولاٚتان بۆئەوەی پسپۆڕی لە تازەترین جۆری ئیشکردنەکانی دونیا وەربگرن.

لە کۆتایی ئەم خوێندنەوە کورتەی سەرەوە بۆمان دەرکەوت کە بوون و بۆچوونی شانۆکارێکی وەك گەزیزە زەرورە لە نێوەندی شانۆی کوردیدا، بەوەی کە جێدەستی بە ڕەوتەکەوە دیارە و هەمیشەش خاوەنی بەرهەم و بۆچوونی جیاوازە لە شانۆدا.

# ئەزموونی شانۆییم وەک ئەکتەر لەگەڵ گەزیزە

## دیاری عومەر

گەر بێت وباس لەژیان وپێکەوە بوونمان و خۆشەویستی لەسەر مامۆستای ئازیزم گەزیزە بکەم بەدێرێك وچەندینیتر تەواو نابێت، لەو ساتەی کە بوومە قوتابی پەیمانگای هونەرە جوانەکان و یەکەم مامۆستای نواندنمان بوو، ئیدی سەرسامی من بۆ گەزیزە دەستی پێکرد، تا ئەم ساتەی ئێستا پێکەوە وەك دوو هاوڕێ وقوتابی ومامۆستا ودایك وفرزەن کارمان کردووە.

هێند خۆشم ئەویست هەزار خۆزگەم خواردووە کەڕۆژێك بێت منیش وەك ئەو قوتابیانەی ئیرەییم پێ دەبردن کە ئیشیان لەگەڵ ئەکرد ئیشم بکردایە لەگەڵی، پاش چەندین کاری شانۆیی وپێکەوە بوونمان لەشانۆیەکانیدا کە خۆزگەکانم سەری گرت وبووم بە ئەکتەری گەزیزە بڕیاریدا لەگەڵ چەند کەسێکی دی کە هەر قوتابی خۆی بوون (تیپی شانۆی هاوڕێیانی گەزیزە) دابمەزرێنێتەوە، ئێستا من سکرتێری ئەو تیپەم، مامۆستا گەزیزە کەسێکی زارشیرینە چ ئەو کاتەی کە مامۆستا بوو لە پەیمانگا کە وانەی پێ دەووتین چ لەکاتی ئیش کردنی هونەریدا هەمیشە خەندەی ئەخستە سەر لێوانمان ئەگەر بۆ ساتێکیش بێت.

هەمیشە وەك دایکێکی میهرەبان وهاوڕێیەکی ڕاستگۆو مامۆستایەکی ڕێنیشاندەر بۆ هەموومان چ ئەندامانی تیپەکەمان و چ ئەو میوانانەی کە بۆ کارێکی شانۆیی دێن کارمان لەگەڵ ئەکەن، گەر بۆساتێکیش بێ وگوێی لێبگرن تووشی هەڵەی ژیان نابن، هەروەها بەردەوام داوامان لێ دەکات کە بۆ هەر کارێکی تازە کارەکتەرێکی تازە بەرجەستە بکەین، هەمیشە لەخۆ تازەکردنەوەدا بین بۆ ئەو شانۆیەی کە دەیکەین، ئەویش بە گەڕان وخوێندنەوەی زۆر ئەبێت، دەڵێت هەتا بخوێنیتەوە کەمە، کاتێ بڕیارمدا بچمە بواری خوێندن ئەتوانم بڵێم تەشجیعی زۆری کردم بۆ ئەم خوێندنە، نەك تەنها من بگرە بە کوڕان وکچانی ناو تیپەکەمانەوە هەمیشە هاندەریمان ئەکات.

زۆرجار لەکاتی ئیش کردندا پێمان دەڵێت کەهاتنە پرۆڤە واتە دوور لەهەموو شتێك هەرچیەکتان هەیە لەگەڵ جل وجانتاکانتاندا دایبنێن تاکاتی گەڕانەوەتان بۆ ئەوەی زیاتر خەیاڵتان لای کارەکتەرەکەتان بێت، بەردەوام دەڵێت لێبووردە بن لەگەڵ یەکتری، یەکێك لەو سیفەتە جوانانەی کە لای ئەو هەیە دڵ گەورەیی و لێبووردەییە، ئەگەر زۆرجار لەکاتی پرۆڤە ئەکتەرەکان تووڕەمان کردبێت ئەو لەئێمە بووراوەو هەمیشە دەستی سۆزی ئەهێنا بەسەرماندا، گەر لەناو ئەکتەرەکانیشدا نیگەرانیەك ڕوو بدات دەڵێت لێبووردە نەبن ودڵتان گەورە نەبێت بەرامبەر بەیەکتر نە ئەتوانن ئیش بکەن نە بەردەوام ئەبن لە شانۆ، تەنانەت لەکاتی ڕەخنەگرتندا بۆ هەر کارێك وائێمەی ڕاهێناوە کە دڵ تەنگ نەبین بەرامبەر ئەو ڕەخنەیە، چونکە دەڵێت ڕەخنەیەکی بەسوود کارێکی تازەت فێر دەکات.



لەلای ئەو هیچ جیاوازیەك نیە لەنێوان دەرهێنەر وئەكتەر، ئەمە یەكێكە لەو سیفەتانەی كە بەردەوام لەبچووكترین كارەوە تا گەورەترین كار خۆی لەپێش ئێمەوە دەستی پێ دەكات، لەلای ئێمە (تیپی شانۆی هاوڕێیانی گەزیزە) بەردەوام ئیش كردنمان بە هەرەوەزیە.. ئەو شتەی كە مامۆستا گەزیزە تووڕە دەكات، پابەند بوونمان بەكاتی پڕۆڤەیە، كەلای ئەو زۆر گرنگە لەپێش نواندندا ئیلتیزام بوونی پڕۆڤە گرنگە بۆ كاتی ئیش كردنی شانۆ، بۆیە زۆرجار خۆی لەپێش ئەكتەرەكانی لەهۆڵی شانۆ ئامادەیە.

لەساڵی ١٩٩٧ تائێستا هەر ساڵەو كارێكی نوێمان كردووە، هەر یەكەیان بۆخۆی یادگاریەكی جێهێشتووە مەحاڵە لەساتی پڕۆڤەو وەبیرهاتنی خۆشتر هەبێت، بەهەموو هیلاكی و ماندووبوون وپێكەنینەكانەوە هەر خۆشە بەلای منەوە، شانۆیی (جەنگی ژوورەكان وهێشتا قسەكانمان تەواو نەكردووە) هێند یادگاریەكانی لام شیرینە چ ساتی پڕۆڤە ونمایش لەم ساتەدا زەردەخەنە لەسەر لێومە بەم یادهێنانەوە بێدەنگیەمەوە كە ئێستا یادی

دەکەم. لەکۆتاییدا گەر سەرنجێك بنووسم لەسەر شانۆیی (هێشتا قسەکانمان تەواو نەکردووە) ئەم شانۆییە قسەکان لەنێوان دایك وکچێکدا بوو، بەڵام بەڕای من نەك تەنها دایك وکچێك، بەڵکو زۆرینەی کەس قسەکانیان وڕازو نیازی دڵیان تەواو ناکەن، کۆتایی بەهەموو شتێك دێت، یان تێنەگەیشتنی کەسەکان لەگەڵ یەکتر کە هەرگیز قسەکانیان تەواو ناکەن، هەرچەندە بیرۆکەی ئەم شانۆییە باس لەو کەسانە دەکات کە بەقسەو نووسینەکانیان هەمیشە باس لەئازادی دەکەن، بەڵامماڵی خۆیان ئەو کەسانەی تیای ئەژی بە قفلێکی گەورە دەرگاکانیان داخستووە، تەنانەت مەحاڵە هەواش لەو دەرگایە بچێتە ژوورەوە، باس لە موعاناتی دایکێك ئەکات پاش چەندین چەرمەسەری ژیان ودەربەدەری شاخە وشاخ هێشتا لەگەڵ کچەکەی تووشی ململانێ ئەبێت لەسەر ئەو ئەرشیف و ڕۆژنامانەی کە کچەکەی هەڵیگرتووە.

ئەم کچە باسی مافی ژنان ئەکات وئازار ومەینەتیەکانی دایکی بیر نەماوە تا لەکۆتایدا ئەگەنە ئەوەی لەیەکتر تێبگەن و ئەم کچە پەشیمان بێتەوە، بەڵام فریای ئەوە ناکەون قسەکانیان تەواو ناکەن ودایکی ئەمرێت.. مەحاڵە قسەی هیچ کەس کۆتایی بێت گەر باسێکی ئاسایی بێت.





یادگای ئەم شانۆیە هێندە گەورەیە لەلام وبیرم ناچێتەوە، هەرچەندە لەپاش نمایش کردنی لەشاری هەولێرو سلێمانی، بانگهێشت کراین بۆ وڵاتی بەریتانیا کەلەوێش نمایشی بکەین، پاش سێ مانگ پڕۆڤە وهیلاك بوون، من نەمتوانی بڕۆم بەهۆی نەهاتنی پەساپۆڕتەکەم، بەداخەوە جێیان هێشتم ولەوێ کەسێکی تر خرایە جێگەم، ئەمە یەکێکە لەو ئازارەی گەر کۆنیش بێت لەدڵمایە، چونکە من کاتێك ئیشێکی هونەری دەکەم کارەکتەری ئیشەکەم زۆر خۆش ئەوێت تا ئێستاش ڕازی نەبووم ونابم هیچ کەسێك لەجێگای من نواندنی کارەکتەری ئیشەکەم ببینێت، چونکە لەناو خۆما گەورەی ئەکەم، زۆر بەداخەوە کەبێ پرسی خۆم لێیان سەندم، یەکەم جاریشمە کە باسی ئەکەم.

# دارتووەکەی گەزیزە وسەرەتاکانی شانۆیەکی ئەزموونگەری



## دانا رەئوف

دارتووەکە تەقەلایەکی پیرۆزی پڕۆژەو بیناسازی شانۆی کوردییە، هەوڵێکی ڕاستگۆیانەی بەرجەستە و پڕۆسەی (مۆنۆدراما- شانۆی یەك ئەکتەر)ییە لەڕەوت و گوتارە شانۆییەکەماندا، شانۆی مۆنۆدراماش لە بزووتنەوە هونەریەکەماندا کەمتر لای لێ کراوەتەوە وگرنگیەکی ئەوتۆی پێ نەدراوە. ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ زۆر هۆکاری گرنگ، وەك: گرانی و سەختی بەرجەستە کردنی لایەنە پراکتیکیەکە لەلایەکەوە، لەلایەکی دیکەشەوە مۆنۆدراما چەندە پێویستی بەئەکتەرێکی بە توانا و گورج و گۆڵ هەیە، هێندەش پێویستی بە تێکستێکی تایبەتمەند هەیە، تێکستێك لەپێش هەموو شتێکدا گرنگی بە هێز و ئەفسوونی ووشە لەدەربڕینی ڕووداوە سەرەکیەدا بدات. ئەمە جگە لەوەی پراکتیك و بوارە کردەییەکە پێویستی بە ڕیژیسۆری بە توانا و خاوەن دیدو ئاسۆگەیەکی ڕوون و ئاشکرا هەیە. ڕیژیسۆر (دارتووەکە) ی لەسینۆگراف وتەکنیکێکی نوێ وناتەباوجیاوازداو لەبارودۆخێکی سیما ساناو ئاساییدا بەرجەستە کردووە. بابەتێکی ساکارە. دایکێك لەبارێکی دەروونی نالەبارو دژواردایە، ئەمەش بەهۆی مردنی کتوپڕی کۆرپەکەیەوە (هیوا) بەهۆی کارەساتە بەردەوام و جەرگبڕەکانی کوردستانەوە.

دارتووەکەی گۆڕەپانی ماڵەکەیان، هاوڕێ وجێگەی گەمە و کات بەسەربردنی (هیوا) دەبێت بەهێمایەکی ئاشکرای یادداشت و یادگارەکانی دایکەکە. هەر لەم ڕوانگەیەوە دایکەکە (خوشکە گەزیزە) پەیوەندیەکی دیالەکتیکی لەگەڵ دارتووەکە درووست دەکات. پەیوەندیەك لەڕابردووەوە (لەکوڕەکەیەوە) بەرەو ئێستا وئایندەیەکی پڕ لەژان (دارتووەکە). دایك=======کوڕ+ دارتووەکە= ئێستای پڕ لەخەم و یادگارەکان. نووسەر وڕیژیسۆر لەم بابەتە زۆر سادەو ئاشکراو تەبایە، زیرەکانە تەکنیك وشێوازێکی نوێی بۆ ئەزموونکاری دەکات بەکالآی پڕ بە بالآی ئەو هاوکێشەیە. بەبۆچوونی ئێمە ئەم پڕۆژەیە تەقەلآیەکی هۆشمەندانەی تێگەیشتنی واقیعە. واقیع لەبەرگێکی هونەری و ئیستاتیکیدا. سەرلەنوێ ڕیالیزمیش وەك ڕێبازە هونەریەکە ولەو بەرگە ئەزموونکاریە قەشەنگەدا، لەلایەك هەڵچوونە بەرەو ئاستێکی بەرز وەلەلایەکی

دیکەشەوە هەوڵدانە بۆ بەرزکردنەوەی هۆشمەندی مرۆڤ و لەسەرئاستی هەموو چینە جۆر بەجۆرەکانی کۆمەڵگا کوردەواریەکەشمان. لەم تاقی کردنەوە مۆنۆدرامایەدا، ڕیژیسۆر هەوڵی دابوو سوود لەتیئۆر و بۆچوونەکانی شانۆی جیهانی وەربگرێت وەبەپێی توانا بەرجەستەی هزر ودیدەی نەخشەی دەرهێنانی خۆی بکات. بەتایبەتیش لەبەکارهێنانێکی وورد و زانستیانەی گوزارشت ئامێزی هونەری (ڕوناکی) ویەکالاًکردنەوەی حالەتە دراماییەکان دابەش کردنی ئەو حالەتە دراماییانەش بەسەر یەکەی دیارکراو جیاوازدا. بێگومان ئەمەش





لەڕوانگەی بەرزبوونەوە و یاری کردنی هێلە دراماییەکەوە. لەم ڕووەوە خوشکە گەزیزە، وەك ڕیژیسۆرێکی بەسەلیقە توانیبووی لەتیئۆرەکانی (ئەدۆلف ئەپیا) ی سویسری نزیك ببێتەوە، بەتایبەتیش لەڕووی بەکارهێنانی ناتەبا وگوزارشت ئامێزی ڕووناکیەوە. ئەمەش بەئاشکرا سیمایەکی بەرزو قەشەنگی بە نمایشەکە بەخشیبوو. ریژیسۆر وەك ئەکتەرێکی بەتوانا لەو ناوەڕۆکە ڕاستەوخۆیەوە، لەبواری ئەو تەکنیکەو سینۆگرافە تەبایەوە، جگە لەوەی هەناسەیەکی قووڵی ئەزموونکاریشی بەپڕۆژەکەی بەخشیبوو، توانیبووی پردێکی ویژدانی و گیانی پتەو لەگەڵ تێکڕای بینەراندا درووست بکات. ئەمە جگە لەوەی کە پێویستە زۆر بەتایبەتی ئاماژە بۆ (توانای نواندنی) بکرێت. گەزیزە جگە لەکاری سەختی ڕێژی بەگەمەیەکی جوان ئەم مۆنۆدراما کوردیەی گەیاندبووە ئاستێکی بەرز. توانیبووی کەرەسە هونەریەکانی خۆی بەتوانای جەستە و بەکارهێنانی ماسوولکەکانی کە دوور بوون لەهەموو جۆرە گرژبوون وبەیەکاچوونێك، تادەگات بەدەنگ و دەم وچاوێکی پڕ لەگوزارشت بەشێوەو شێوازێکی جوان بەرجەستەی کارەکەی بکات. بێگومان ئەمەش لەجێگای خۆیەوە زیاتر مۆرکێکی ڕەسەن و تایبەتی بەنمایشەکە بەخشیبوو، بەچەشنێك چرکە بەچرکە هەناسەکانی دایك وترپەی لێدانی دڵی، لەگەڵ دڵەڕاوکێ وچاوەڕوانی و کپ بوونی هەناسەی بینەراندا بوو بوونە دوو پاڵەوانی بەرامبەر بەیەك. نواندن ڕۆڵێکی ڕاستەوخۆی لەسەقامگیربوون و بونیات دانانی پڕۆژەکەدا دەبینی. گەزیزە ڕاستگۆیانە لەو ڕووبەرە تەسك و دیاریکراوەدا

# گوتار و جەستە دوو چەمک لە شانۆی گەزیزە

## نیهاد جامی

دەست نیشان کردنی دید وجیهانبینی شانۆیی لای شانۆکاری کورد گەزیزە دەست نیشان کردنی ڕووبەرێکە بۆ پرۆژەیەکی ڕەگەزی، بەهۆی ئەوەی شانۆ لای ئەو لەتەوەری گرفتەکانی ژنی کورد دەسووڕێتەوە، بۆیە دەیەوێ خۆی بەرهەم هێنەری تێکستە شانۆییەکانی بێت.
ئێمە لێرەدا لەسەر نووسینی شانۆگەریەکانی دەمانەوێ لەسەر ئەو تایبەتمەندیانە بوەستین کەچۆن شانۆی گەزیزە ئەزموونی شانۆیەکی فێمێنیستیە بەبێ گواستنەوەی ئەزموونێکی دەست نیشان کراو، بەڵکو ئەو ئەزموونە بەرەنجامی ئەو پێگەیشتنەی نێوان شانۆ وەك هونەرێکی ژیاری وکێشەی ژن وەك کێشەیەکی مرۆیی، نووسینەوەی ژن دارشتنەوەی ماناکانی ناو دنیای کوردیە لەڕێگەی ژنەوە شکست وساتە ترسئامێزو نائومێدیەکانی دەخاتە ڕوو، لە (دارتووەکە) دا دەبینین کارەکتەری سەرەکی – دایك– لەسەرەتادا دەیەوێ (هیوا) و(دارتووەکە) وەك دوو ئامارەی زمانەوانی وێنای دوالیزمی ژیان ومەرگ بکات، لەو سەرەتایەوە دوو چەمك لای گەزیزە قووڵ دەبنەوە، کە لەناو دەقەکانیتریش دەبنەوە هەڵگری مانای جیاواز، ئەوانیش (گوتار) و(جەستە) یە.
گوتار لە (دارتووەکە) دا دابەش کردنی ژیان و مەرگە بەسەر ماتریالەکانی شانۆ، مردنی هیوا یەکسان دەبێتەوە بە ژیانی دارتووەکە، بۆیە گوتاری دەق (هیوای دارتووەکەیە) ئەویش گوتاری دارتووەکەی هیوایە، هەرچی چەمکی جەستەیە لە پرۆسەیەکی دۆنادۆنیە لەنێوان ژیان وخاك، ژن (جەستەی دایك) دەبێتەوە بە جەستەی خاك، ئەوە مێژووی کۆست کەوتن وگۆشەگیربوونی جەستەیە، کە نێرەکان دەکوژرێن ومێیەکان تەنیا دەمێننەوە، ئەوەش لەڕوویەکدا ڕووخساری ڕاستەقینەی شانۆیە. (١)
بەڵام ئەوەمان بیر نەچێت دیسان هیواکان بە مەرگیان مانەوە بە دایکەکان دەبەخشن، واتە هیوا بەمردنی هیوای ژیان دەداتەوە بە دایك، دایکێك کە بە میوانەکانی دەڵێت "پێش ئەوەی برۆنە دەرەوە لەبیرتان نەچێ.. نەڵێن دایکی هیوامان دی ئەگریا.. نەخێر من ناگریم.. ناگریم..."
ئەو نایەوێ جەستە وەك ڕووبەرێکی غەریزیی سەیر بکرێت، بەڵکو هەمیشە لەڕێگەی جەستەوە دەیەوێ ڕووبەندی سەر ئەو گوتارە لا بدات، تا بتوانین تەئویلی گوتاری دەق بکەین، چونکە نووسین لە شانۆکەیدا گوتاری بنیاتناوە، ئەو دەسبەرداری ئەو پرۆسە دۆنادۆنیە نابێت، ئەگەر لە (دارتووەکە) دا پرۆسەیەك بێت لەنێوان ژن وخاك بێت، ئەوا لە (دەروازە داخراوەکان) لەنێوان (ژن/ ژن) دایە، ئەوەش ڕووخساری دەق زیاتر نیشان دەدات، چونکە پێمان دەڵێ کێشەی ژن کێشەیەکی تاکخوازانە نیە، چەندە وەك کێشەی ڕەگەزی خۆی دەردەخات، بەڵام لە بنەڕەتدا کێشەیەکی مرۆییە، (٢) ئەو گرفتەش دەباتەوە ناو مێژوو لەڕێگەی دیوارێك کە بووە بە هێلانەی جالجالۆکە، پێیان وتووە دکتۆرێك دێت بۆ چارەسەرکردنتان، ئەوان هەست دەکەن نەخۆش نین، بۆیە پرسیاری ئەوە لەخۆیان دەکەن: دکتۆر بۆ دێتە ئێرە؟
بۆ ئەوەی لەو پرسیارە بگەین دەبێ لەئاستی زەمەنی گوتار بگەین، کە ئاستێکی بیرکردنەوەی مێژووە، بەواتای لەڕێگەی ناسینی شوێنەوە گوتار کەشف دەبێت، کە کێشەو گرفتەکانمان لە زەمەنی هەنووکەییماندا نیە، بیرکردنەوە وابەستە نیە بەو ساتەوەختەی تیای دەژین، ئەوەش وا دەکات پرسیاری ژنەکان لە پەراوێزدا بمێنێتەوە، چونکە گەڕانەوە بۆ ناو مێژوو لەسەر کوشتنی پرسیارەکان وەستاوە. شانۆی گەزیزە ئیشکردنە لەسەر ئامارە ووتراوەکان، واتە شانۆیەکە زیاتر لەسەر ئاخاوتن و ڕووی دیاری ئامارەکان ئیش دەکات، بۆیە لە دەقەکەدا

تینوویەتی ژنەکان بۆ ئاو، ئاماژەیەکە لە کردارێکی درامیەوە دەگۆڕدرێت بۆ لۆژیکێکی بیرکردنەوە، چونکە ئاو لەتێکشکاندنی وێنە بەرجەستە کراوەکەی دەگۆڕدرێت بۆ ئازادی، ئەو تینوویەتیەش شەیدابوونە بە ئازاد بوون.

شوێن لەململانێی نێوان هەردوو کارەکتەرە سەرەکیەکە پێمان دەڵێت (ئێرە–شوێن) بریتیە لە شێتخانە، بەندکردنی ژنان تیایدا بەهۆی ئەوەی دنیای کارەکتەرەکان دنیایەك نیە ئەوان خاوەنی بن، بەڵکو دنیای پیاوە، جیاکردنەوەی یاخی بووەکان (شێتەکان) لەکۆمەڵگادا بیرۆکەی لەدایکبوونی شوناسی دەقە بەهۆی ئەوەی ئەوە مۆدێرنە بوو شێت و عاقڵەکانی لەیەکتر جیا کردەوە، گوتار لەو ناسینە ئەوەمان بۆ ئاشکرا دەکات کە عاقڵەکان لەو دنیایەدا بریتین لە پیاوەکان ئەوە بەپێی تێگەیشتنی لۆژیکی نێرەکانەوە، دەبێ ژنەکان کە بە شێتەکان دەیانناسینەوە لە کۆمەڵگا دوور بخرێنەوە، بخرێنە زیندانی تایبەتەوە، ئەوان لەو زیندانە پێویستیان بەنواندنی هیچ گەمەیەك نیە چونکە پیاوەکان گەمەی زیندانیان لەگەڵ دەکەن لەڕێگەی زەنگەوە، زەنگی دیدەنی دەگۆڕدرێت بۆ زەنگی کاتی خەوتن، خەواندنی جەستە بەتەنیا بێدەنگ کردنی ژنەکان نیە، هێندەی سەرکوتکردنەوەی تواناکانی بەرامبەرە لەڕێگەی دەزگا ئایدیۆلۆژیەکان.

هەریەکە لەدەقە شانۆییەکانی نووسەر هەڵگری فۆڕم وئایدیای جیاوازە بۆ نووسین، هیچ دەقێك لە دەقێکیتر ناچێت، ئەگەرچی هەر هەموویان دنیای سەرکوتکاری ژنمان پێ دەناسێنێت، لە دەقی (توڕە بوونی تابلۆیەك) کارەکتەر بەتەنیا بریتیە لە کچێك، بەڵام ئەو کچە وەك ئاماژەیەك دەردەکەوێت بۆ توێژێکی دیاری مێینە لە کۆمەڵگادا، بەواتای کچێك نیە نموونەیەکی دەگمەن بێت و نوێنەرایەتی ئەنتلجنسیای ڕۆشنبیری بکات، بۆیە پرسیارەکانی ئەو پرسیاری هەر ژنێکی کۆمەڵگایە، پرسیارگەلێك کۆمەڵگا سەرکوتی کردۆتەوەو نووسەر دەیەوێ لە ڕێگەی ئەم کچەوە پرسیارەکان ئازاد بکات، پرسیار لەبارەی شووناسی بوونی ژنایەتی و پەیوەندی جەستە بە شوێنەوە، دیارە پەیوەندی جەستە بە شوێن یەکێکە لە پەیوەندیە گرنگەکانی تەواوی شانۆکانی گەزیزە، چونکە شوێن بۆ کارەکتەر گەڕانەوەیە بۆ یادەوەری کەسێتی، ئەوەش وابەستە کراوەتەوە بەوەی سەرکوتکردنی ئارەزووەکان پەیوەستە بە سەرکوتکردنەکانی لەشوێندا، ئازادبوون لەشوێن.. ئازادبوونە لە زەمەنی یادەوەری.

هەرچەندە یادەوەری وێنەیەك نیە نووسین لەشوێندا بتوانێ دەسبەرداری بێت، موفرەدەکانی ماڵ لەجۆری پەنجەرەو کاتژمێر دوو دەلالەتی ناو یادەوەرین و هەمیشە بۆ پەیوەندیکردنی چنەکان بە دنیای دەرەوەو چاوەڕوانی گۆڕان لەم دنیایە وەك پەیوەندیکردن بەکاری دێننەوە. پەنجەرە دەبێتەوە ترووسکایی بۆ هێنانەوەی قاچی پاڵەوانەکەمان، بەڵام ئەو قاچە هێندەی ئاماژەی فەلسەفیە بۆ ڕزگار بوون گوزارشت لەکارەکتەرێکی ئیفلیج ناکات.

وەك چۆن لەدەقی (ژنانی شارەکەم) ژنەکان بەسەر چەند گرووپێکدا دابەش دەکات، ئەو دابەش کردنە یەکسان کردنەوەی خەمە هاوبەشەکانی ژنە لەکۆمەڵگادا، ئەگەرچی تێکستەکە لەقۆناغێکی دەست نیشان کراوی مێژوویی کۆمەڵگا دەدوێت، بەڵام باس لەو ئازارە دەکات کە ژنەکان لەسایەی دەسەڵاتی فاشیزمی بەعسەوە گیرۆدەی بوونە.

ژنەکان لەساتی منالبووندان، دووگیانیان ئومێدی ئەو ڕەگەزەیە بۆ ژیان، ئەوە لەدایك بوونی خەونە بۆ دابڕان لەشکست، نووسینەوەی ژیانێکیترە وەك یەکێ لەژنی ناو گرووپەکان دەڵێت "خودایە.. ئەگەر کوڕێکت پێ بەخشیم.. مەرج بێت نەهێڵم دەستی چەپەڵی ڕۆژگاری لێگیر بێت. مەرج بێت کەهەڵسامەوە.. دەست وبرد بیپێچمەوەو بڕۆم بۆ دوور.. بڕۆم بەسەر هەموو شوراکانی شاردا بپەڕمەوە.. دوور لەمەرگ..لەفرمێسك..." بەڵام ئەو خەونە لەلایان فاشیزمەوە نایەڵن گەورە بێت، فاشیزم لەڕێگەی سەرکوتکردنەوەو کوشتن خەون زەوت دەکات، ئەوەش دەبێ بە ململانێی نێوان سەرباز ومەمکە شووشە، هاتنی سەرباز ئاماژەیە بۆ داگیر کردن وزەوت کردنی ژیانی خەون،



ئەوەش ئاوێتەی قەسیدەی (سووتماك) ی شێرکۆ بێکەس دەکات، هەردوو تێکستەکەش لەناو ئاگاییەکی مێژوویی (٣) دەسووڕێنەوە، ئەو ئاگاییە مێژووییە توانای بنیاتنانەوەی ئاگایی ئیستاتیکی هەیە، بەهۆی ئەوەی چل مەمکە شووشە کە ئاماژەیە بۆ منداڵەکان.. سەربازەکان لەگەڵ خۆیانی دەبەن، ئەگەرچی زمانی نووسین بەدوای هێنانەوەی مەمکە شووشەکان بەرەو سادە بوونەوەی دەربڕین دەچێت کە ڕەهەندی فکری ئاماژە ووتراوەکان دەکوژێت، گوتار لەو تێکستەدا گوتاری فاشیزمە لەبەرامبەر ژن، ژنیش جەستەیەکە هەمیشە فاشیزم بۆ ئەوەی مەرگدۆستی بەرهەم بێنێت، دەبێت هەڕەشەکانی بۆ سەر ئەو جەستەیە دەربخات، چونکە ئەوە کوشتنی ئارەزووەکانی ژیاندۆستیە.

(هەناسەکانی ڕێگا) دەقێك بەدوای دەرگاکردنەوەیەکیتر دەگەڕێت، دەیەوێ لەسەر نهێنیەکی کۆمەڵایەتی پەردە لابدات، ئەوە لەبنەڕەتدا کێشەی ژن ومێردەکانی ناو کۆمەڵگایە مەسەلەی دایکایەتی وئامادەنەبوونی عەشق لەژیانی هاوسەری یاکاڵ بوونەوەی خۆشەویستی دوای دروست کردنی ماڵ، بەتاڵ کردنەوەی وەهمەکانی پیاوێکی ڕوناکبیر وسیاسەتمەداری پێشوو بەدحاڵیبوون کەوتۆتە نێوان خۆی و هاوسەرەکەی لەژیاندا، هاوسەرەکەی وێنەی بەهەشت لەخەیاڵی خۆی بۆ ئەوروپا دەنەخشێنێت، پیاوەکەشی بەو وێنەیە ڕازی بووە بۆیە دەیانەوێ کۆچ بکەن، ڕووداوەکانی ئەم دەقە شانۆییە لەڕێگای کۆچەکەیان بە ململانێ و شەڕکردنی ژن ومێردانە دەست پێ دەکات، نووسەر ناوی ناوە (هەناسەکانی ڕێگا) ئەوە هەناسەیەکە بۆ مەرگ، بەتایبەت ئەو کاتانەی تووشی پیرژنێك دێن کە لەوێ دەستی قەدەر ئەوی گیرساندۆتەوەو پیاوەکەی لەبەرزایەکانی سنوور جەندرمەیە، ئامۆژگاریان دەکات کە بگەڕێنەوە بۆ وولات هەرچەند دەزانێ ئەو ئامۆژگاریەی بەزۆر کۆچبەری تر ووتوە بەڵام مەرگیان قبووڵ بووە نەك گەڕانەوە، بەڵام بەردەوام دەبێت وپێیان دەڵێت "بیرتان نەچێت خۆڵی خاکەکەتان بخەنە لەپی دەستتانەوە ولەبری من تێر تێر بۆنی بکەن" لەوەدا تێدەگەین کە پیرەژن جارێکیتر ناتوانێ بگەڕێتەوە، بەڵام دەیەوێ ئەوانیتر لەبری ئەو بۆنی خاکەکەی بکەن.

گوتاری باو لێرەدا تێکدەشکێت، گوتارێکە ژن بەسەر دوو وێنە دابەش دەکات، ژنێك لەجۆری هاوسەری پیاوەکە کە وێنای بەهەشتی کردووەو نایەوێ بگەڕێتەوە، جۆرێکیتریش کە پیرەژنە گوتاری مانەوەو گەڕانەوەیە بەرەو خاك، هەردوو جۆرەکە دوو وێنەی هاودژیان هەیە بۆ جەستە، جۆری یەکەم کۆچ بە ئازاد بوونی جەستە دەبینێت، بەڵام جۆری دووەم پەڕینەوە لەسنوور بە فەنابوونی جەستە سەیر دەکات.

ئەوەش ئاوێتەکردن وبینینی تەواوی ڕەهەندەکانی دنیای کوردیە، گەزیزە دەیەوێ ئەو بینینە جیاوازانە ڕووە فەرامۆشکراوەکانیمان بۆ دەربخات، لە (میوانی ئەم ئێوارەیە) هەمان حالەت دووبارە دەبێتەوە، ئێوارەی کۆڕەوەکەیە، ژنێك بەدیار هاوسەرە پەك کەوتەکەیەوە دانیشتووە، هەندێکجار کچە خزمەتکارەکەی دەنێرێتە لای، گفتوگۆکان لەبارەی بارودۆخی شار و هاوسەرە پەککەوتەکەیەتی، قسەکردنە لە گۆشەگیربوونی جەستە، جەستەی ژن.. جەستەیەکی زیندوو لەپاڵ جەستەی پیاوێکی ئیفلیج، دەشێ میوانی ئێوارە وەك لەناونیشانەکە دەردەکەوێت کێشەی ژنە لەڕووی جەستەییەوە چارەسەر بکات، بەڵام کاتێ میوانەکە دێت وکۆرپەکەی بەباوەشەوەیە ئەوەمان بۆ ئاشکرا دەبێت دیسان مەسەلەی دایکایەتی تەوەرێکی گرنگی شانۆی گەزیزەیەو چارەسەرەکەشی زۆر لەدەقی (هەناسەکانی ڕێگا) جیاوازە، کاتێ دوژمن دەگەڕێتەوە شار وئەوان منداڵەکەیان لایەو باوکی منداڵەکە کۆرپەکەی بەجێ دێڵێت دەزانن کە منداڵەکە کوێرە خزمەتکارەکەی دەنێرێت بەدوای باوکەکەی بەڵام باوکەکە لەناو ئاپۆڕەی کۆڕەوە.

چارەسەری نووسەر بۆ گوتاری جەستە لە غەریزەوە دەگوێزرێت بۆ دایکایەتی، بەڵام دەبێتە دایکی منداڵێکی کوێر کە ئەندامێکی سەرەکی جەستە کە بینینە لەدەستی داوە، وەك چۆن خاوەنی مێردێکی ئیفلیجە و توانای کاری سێکسی نیە، گوتار وجەستە لێرەدا بەشداری

لەنووسینەوەی یەکتری دەکەن بەوەی جەستەی گوتار و گوتاری جەستە بریتین لە ماڵێکی ئیفلیج و کۆمەڵگایەکی ڕاکردوو، بۆیە ئەو پێکەنینەی خانم دەیەوێ بیخاتە سەر ڕووخساری لەگەڵ ڕۆیشتنی  میوانەکەی کۆتایی دێت، چۆن کۆمەڵگا بەترسەوە شار بەجێ دێلێت، کەسەکانی ماڵیش تائەبەد لەژێر فەرمانە تووڕەییەکانی خانمدا دەژین، بۆیە ئەو ماڵەو فەرمان وتووڕەییەکانی خانم بەسەر کچە خزمەتکارەکەو مێردە ئیفلیجەکەی ڕوویەکی تری کۆمەڵگای کوردین، بەواتای گەر ڕووخسارێکی کۆمەڵگا بریتی بێت لەوانەی لەشار بەکۆمەڵ دەچنە دەرەوە، ڕووخساری دووەمی بریتین لە ژنە تەندوورست و خاوەن جەستە ئامادەکانی وەکو خانم و خزمەتکار لەپاڵ منداڵی کوێر و پیاوی ئیفلیج. ئەوە پیاوە ئیفلیجەکانن جارێکیتر لەهەست کردن بەتەنیایی هاوار دەکەن، دەکرێ لەدەرەنجامی ئەو تێکستەوە خوێندنەوەمان بۆ توندوتیژیی پیاو لەوەدا چڕ بکەینەوە کە ئیفلیجی نێرەکان بووەتە هۆی لەدایك بوونی توندوتیژیی ئەوە هەست کردنە بە کەمایەتی لەناخی خۆیدا، شڵەژانی باری دەروونی بەرەو توندڕەویی دەبات.

دەقەکانی گەزیزە لەنێوان خێزان وکۆمەڵگا ململانێیەکی درامی درووست دەکات، ئەو ململانێیە قسەکردنە لەگرفتەکانی ناو ماڵی کوردیی، ئەوە کێشەکانی ژیانی ئێمەیە، کێشەیەك بەتایبەت بۆ مێینەکان گرفتی زیاتری لێ دەبێتەوە، وەك لە دەقی (جەنگی ژوورەکان) کچەکان دوای مردنی باوك لەگەڵ براو براژنەکەیان دەکەونە شەڕکردن لەسەر ژوورەکان، کەلەبنەڕەتدا تەواوی خانووەکە دەبێ چۆڵ بکرێت چونکە بەر شەقام دەکەوێت، بۆیە ئەو جەنگە تەنیا بێهودەیی قسەکردنە، لەبری ئەو بێهودەییە پێویستە





لۆژیکێکی ڕەخنـەیی کـە تـەواوی پەیوەندیـەکان بخوێنێتەوە بۆ ماڵی کوردی بەهەندی وەربگرین، ئەوەش گوتارێکی لۆژیکی بنیات دەنێت، گوتارێك کـە لەسـەر سـەرکوتکردنەوەی جەسـتەی ژنـەوە نەبێت، ئەوەش وا دەکات شانۆی گەزیزە شانۆیەك بێـت هەمیشـە بیـەوێ لـە گرفتـی ژنـەوە کۆمـەڵگا بخوێنێتـەوە، بەتایبەت لەدەقەکانی دەکەونە دوای کۆمەڵـە دەقـی چـاپکراوی (دارتووەکـە) بۆیـە ئـەو هەوڵە لێرەدا دەوەستێ، بەدڵنیاییەوە لـەداهاتوودا لەسـەر هەوڵـەکانی دوای ئـەو کتێبـە نزیـك دەکەوێتـەوە، بۆیـە گرنگـە بـۆ پـڕۆژەی ئـەزموونکارێکی وەك گـەزیزە هەمیشـە دەقـە شانۆییەکان لە بەرگی کتێب چاپ بکات، بۆ ئەوەی بتـوانین لەسـەر ئەزموونـەکانی بووەسـتین و سیماکانی ئەو ئەزموونە بخەینە ڕوو، ئەوە جگە لـەوەی هـەوڵێك دەبێـت بـۆ ئـەوەی دەرهێنـەرانیتر بتوانن کار لە دەقەکان بکەن.

ئاماژەکان:

١- بـارت بۆچـوونی وایەشـانۆ لەڕوویـەك لـە ڕووخسـارەکانی بریتیـە لـە ئاهەنگسـازکردن بـە جەستەی مرۆیی

٢- لە کەتەلۆگی ژیاننامە وچالاکیە هونەریەکانی دەڵێت "شانۆیەك نیە پێی بووترێت شانۆی ژن یان شانۆی پیاو، بەڵام شانۆیەك هەیە کێشەکانی ژنان دەخاتە ڕوو، واتە شانۆی سەرجەم مرۆڤایەتیە"

٣- گـادامێر بـۆ تـەئویل کردنـی دەق سـێ ئاگـایی ئەخاتـە ڕوو ئـەوانیش (مێـژوویی، زمانـەوانی، ئیستاتیکی) ئاگایی مێژوویی لەو دەقەدا بونیادی دەقـی پێکهێنـاوە، وەك چـۆن سـەرباز و مەمکـە شووشـەکان ئاگـایی ئیسـتاتیکین، بـەڵام ئاگـایی زمانەوانی لـەنێوان قەسیدە شیعریەکە و مێژوودا ئاگاییـەکی زمـانوانی بنیـات نـانێن بەقـەد ئـەوەی هـەردوو ئاگاییەکـە ئینتیمـا ناکـەن بـۆ ئاگـایی زمانەوانی.


مەلەفی رەخنەیی:
هۆرۆسکۆب

# دەرگایەکیتر بۆ گفتوگۆ

هەمیشە کارێك کە بە ئەرکی خۆمانمان زانیووە قسەکردنە لەسەر پڕۆژە ئەزموونکاریەکانی بزووتنەوەی شانۆییمان، بەو پێیەی شانۆی ئەزموونگەری لەشارێکی وەکو کەرکوکدا لەسەرەتادایە، ئەوە سەرەڕای ئەوەی هەندێك دەنگ ئەو شانۆیە لەو شارە بۆ چەندین دەیە دەگەڕێننەوە، بەڵام بەبێ ئەوەی بتوانن ئەوەمان بۆ یەکلا بکەنەوە، کە کەی ئەو شانۆیە دەستی پێکرد؟ پڕۆژەکانی چی بوون؟ لەچی ئەزموونکار بوون؟

ئەوانە پرسیارگەلێکن ئەو دەنگانە ئامادە نین ڕووبەرووی خۆیانی بکەنەوە، چونکە هیچ وەڵامێکیان دەست ناکەویً، ئەوە جگە لەوەی ئەگەر هەوڵی دەگمەنیش هەبووبێت دواجار نەبووە بە پڕۆژە، بەڵکو لە نمایشێکدا کۆتایی هاتووە، بەتایبەت نەبوونی گووتارێکی ڕەخنەیی بۆ خوێندنەوەی ئەزموونەکە نەیهێشتووە جگە لەناو حیکایەتی دەنگەکان لەهیچ کونجێك بپارێزرێت، کەسانێك بۆچوونیان وایە کە ئێمە ئاسوودەین کاتێ دەڵێین ئەو مێژووە بۆ ئێمە و ئەزموونەکانی تیپی شانۆی ئەزموونگەری کەرکوك دەگەڕێتەوە، نەخێر بەپێچەوانەوە ئەو پەڕی شەرمەزاریە شانۆیەك تەمەنی ئەزموونکاریەت تیایدا لەدوو ساڵ تێنەپەڕێنێت، دەبێ شانازی بەچیەوە بکرێت تاوەکو ئێمەی پێ تاوانبار بکەن؟

ئەو پەڕی نائومێدیە، بەڵام هێشتا ڕێگاو دەرفەت ماوە، بۆیە ویستمان بە پڕۆژەیەکی ئەزموونکاریەوە گرووپێك بۆ شانۆی ئەزموونگەری دابمەزرێنین، توانای ئێمە ئەوەندەیە کە دەیکەین، دیارە پێویستمان بەوەش نیە شانۆکار بکەین بە مینبەرێك بۆ ستایشی خۆمان، بەڵکو هەمیشە ئەو گۆڤارەمان بۆ گفتوگۆو ڕەخنەی توند وجدی لەسەر ئەزموونەکانمان تەرخان کردووە، بەتایبەت کاتێ دەبینین کاریگەری ئەو ڕەوتە ئەزموونکاریە لە ئەزموونی شانۆکارانیتریش ڕەنگ دەداتەوە، ئەوەش مانای وایە دەتوانین بە لەدایکبوونی گوتاری ئەزموونگەری لە شارەکەدا ناوی بەرین، هیچ شانازی وسەروەری تیپی ئەزموونگەری نیە بەتەنیا، بەڵکو سەروەری بۆ تەواوی بزووتنەوەی شانۆی کەرکوکە بەتەواوی نەتەوەکانیەوە کە شانۆ تیایدا لەو مۆرکە ئەزموونگەریە بێت، بۆ ئەوەی دەرگای جیاواز بۆ ئەزموونی تر بکەینەوە، ئەم مەلەفەمان کردەوە سەبارەت بە ئەزموونێکیتر بەناوی (هۆرۆسکۆب) لە دەرهێنانی شانۆکار (کاردۆ محەمەد) بۆ ئەوەی قسە لەئاستی جیاوازی ئەزموونەکە بکەین.

دەبێ داوای لێبووردن لە هەژاری مەلەفەکەش بکەین، کە گووناهەکەی لە ئەستۆی ئێمەدا نیە، بەڵکو گوناهەکەی دەکەوێتە ئەستۆی تەواوی شانۆکاران کە ویستمان زۆرترین قەڵەمی شانۆکاران بەشداری لەم مەلەفە بکەن، بەڵام ژمارەی نووسینەکان هەر ئەوەندەن کە لەو لاپەڕانەدا بڵاو دەبنەوە، دیارە ئێمە ویستوومانە گفتوگۆی زیاتری لەبارەوە بکرێت، بەڵام توانای شانۆکاران لەو چەند نووسینە کۆبۆتەوە، کە دیارە ئێمە پێشتریش ویستمان مەلەفێك بۆ ئەزموونێکیتر بەناوی (چەپکێ خەم) ی شانۆکار سیروان بێلانە بکەینەوە، لەویشدا کەس بەتەنگ داواکەمانەوە نەهات، بۆیە لێرەدا بە ئەرکی شانۆکارانی ئەزموونگەری دەزانین کە خۆیان گفتوگۆ وبازنەی ڕەخنەیی لەبارەی ئەزموونەکان درووست بکەن.

# هۆرۆسکۆپ.. ئەزموونێکی شانۆیی

محمد خضر

مێژووی شانۆی ئەزموونگەریی لە کەرکووک دەگەڕێتەوە بۆ ئەو دەمەی شانۆکار عەلی سعێدی لە ساڵی ١٩٥٩دا بە شانۆیی (پردی دوژمن) لە شانۆی نۆژەن دەستی بە ئەزموونکرد، پاشان سەرهەڵدانی تیپی نوێخوازانی شانۆ، ئەزموونەکانی هونەرمەندی ئەکادیمی تەحسین شەعبان لەساڵی ١٩٧٠ تا ساڵی ١٩٧٨و درووستبوونی تیپی شانۆی ئەزموونگەریی، لە سالآنی هەشتاکاندا کەم و زۆر ئەزموون بوونی هەبوو، لە نەوەدەکاندا بوونی تەواوی هەبوو، لەگەڵ کردنەوەی پەیمانگەی هونەرە جوانکانی کەرکووک لە ساڵی ٢٠٠٣ ، ئەزموون بوو بە تایبەتمەندیی زۆرێك لە کارەکانی مامۆستایان و قوتابیانی پەیمانگاکە، ئەمڕۆیش لە میانی چەند دێڕێکدا هەوڵدەدەین خوێندنەوەیەکمان هەبێت بۆ ئەزموونی کاردۆ لە (هۆرۆسکۆپ)دا کە تێیدا هەوڵیدابوو دەستەواژەگەلێکی نێو دەقەکانی سامۆیل بیکت لەیەك کۆبکاتەوە، دیارە رەشکردن وتاریککردنی شوێنی نمایشەکە جۆرێك سرووتی تایبەتی بە کارەکە بەخشیبوو، هەڵبەتە لەوەدا سوودی لە شوێن بینیبوو، توانیبووی دوور لە جوانکردن و رازاندنەوە لە کۆت و بەندەکانی رزگاری بکات، لە گەوهەری خواوەند بەدوای روحدا بگەڕێت تاکو لە نزیکەوە سەبارەت بە دۆخی مرۆڤی سەرەتاکانی سەدەی بیست ویەك مەرگەساتێك بخوڵقێنێت. گەر باس لە کارەکتەری یەکەم بکەین کە کاردۆ بەرجەستەی کردبوو لە رووی جەستەیی و فکرییدا هاوشێوەی (کلۆد)ە لە کۆتایی گەمەدا، چەند جارێك یاخیدەبێت بۆ ئەوەی بگەرێتەوە بۆ نێو (لە چاوەڕوانی گۆدۆدا) ئیدی لە نزیك ئەو ژیانە ووشکەدا لەلای درەختەکە دەشێوێت و تێکدەچێت.

بەڵام (تەڵعەت مەجید) کە کارەکتەری دووەمی بەرجەستە دەکرد، وێڕای هەوڵەکانی بۆ رۆچوونە نێو یارییە



شانۆییەکە کە لەگەڵ کەسی یەکەمدا درووستی کردبوو چەند جارێك لە هەوڵەکانیدا سەرکەوتوو نەبوو. لەم نمایشەدا دەرهێنەر توانیبووی جۆرێك لە پیرۆزی بە شانۆ ببەخشێت وەك ئەوەی لای گریکەکان باوبووە، ئەمەش بەوە دەستی پێکرد کە وای لە بینەرکرد بە پێی پەتی بچنە شوێنی نمایشەکە، هەروەها شوێنەکەی گۆڕیبووە سەر ئەشکەوتێك بۆ پەرستن کە لە زۆربەی ئایینەکاندا هەبووە، دواتر دەف و ناڵەو نزای دەروێشانە و مۆم و لاواندنەوەیەك لەشێوەی لاواندنەوەی قەشەکانی بەکارهێنابوو، کوژاندنەوەی مۆمەکانیش کۆتاییهێنان بوو بە تەمەنێکی دوور و درێژ، دەکرا بە هەڵکردنەوەی تەنها مۆمێك ژیان بگەڕایەتەوە، بەڵام بڕیاردرا بە تاریکی کۆتایی پێبێت، وەك زۆربەی کارەکانی بیکیت بینەر لە نێو ئەتمۆسفێرێکی تاریك و لە نێوان دیالۆژ و کارەکتەری ناسازدابوون.

(هۆرۆسکۆپ )بۆ کاردۆ وەك دەرهێنەر و ئەکتەر بۆ( تەڵعەت)یش وەك ئەکتەر بە ئەزموونێك دەژمێردرێت و بەشێکە لە ئەزموونی شانۆی لە کەرکووك کە زیاتر لە پەنجا ساڵە بوونی هەیە و رەنگە پەنجا ساڵی تریش بەردەوامبێت.

# دروستکردنی هارمۆنیا لە نێوان پانتۆمایم و دەنگ و وشە لە (هۆرۆسکۆب)دا

شکۆ عومەر

نمایشی هورۆسکۆب کارنامەی دەرچوونی خوێندکار (کاردۆ محەمەد) بوو بۆ ساڵی ٢٠٠٨-٢٠٠٩، من بۆ خۆم پێموایە تەنها خاڵێك کە وایکرد ئەم نمایشە کەمتر قسەی لەسەر بکرێت ئەوەیە کە بەرهەمی پەیمانگای هونەرەجوانەکانە، بە مانایەکی تر ئەزموونێکی دیراسی بوو لە نیتاقی پەیمانگادا، یانی ئەگەر لە دەرەوەی پەیمانگا نمایش بکرایا بە دڵنیاییەوە بە یەکێك لە ئەزموونە جیاواز و جددیەکانی شانۆی کەرکوك هەژمار دەکرا، چونکە بە حەققەت هۆرۆسکۆب ئەنجامی قووڵبوونەوەیەکی زۆری دەرهێنەرە لە شانۆدا بەوەی کە لە دوای تیپی شانۆی ئەزموونگەرییەوە تاکە دەرهێنەرێك بوو کە توانی بە درووستی دەنگ بەکاربهێنێت لە ئیشەکەدا، لە پاڵ دەنگیشدا ووشەگەلێکی جیاواز و دوور لە یەك خۆی خستبووە نێو نمایشەکەوە، لەگەڵ ئەمانەشدا دیمەنی بانتۆمایم بوونی هەبوو، کە کۆکردنەوە و کارکردن لەسەر ئەم سێ بنەمایە ئەرك و ماندووبوونی لە ڕادە بەدەری دەوێت بۆیە پێمووایە هۆرۆسکۆب نمایشێکی جیاوازبوو، هەر لەدیمەنی دەستپێکەوە بە شێوەی بانتۆیایم دەستی پێکرد جۆرە ئیشکردنێك بوو هێندە بە ووردی کاری تێدا کرابوو کاتێ کە تەواو بوو بینەر هەستی پێی نەکرد، دەرهێنەر لە دیمەنی یەکەم تاکۆتایی هێندە بە سەلیقە و ووردەکارییەوە کاری کردبوو کە فرە رەهەند و لێکدانەوەی هەبێت،واتە ئەم خوێندنەوەیەی کە من بۆ کارەکەم هەیە ئەکرێت تەواو لە دەرەوەی لێکدانەوەی دەهێنەر بێت، لە دیمەنی دووەمدا دەنگ خۆی خستە نێو نمایشەکەوە، چەند دەنگێك کەوتە بەر گوێمان بەڵام چ دەنگێك؟ دەنگێك کە بەرەنجامی تێکشکاندنی ووشە بوو، بۆ نمونە جۆرە دەنگێك دەربڕدرا کە لە شێوەی ووشەی (اللە) دەچوو، بەڵام بە تێکشکاوی دەربڕینی ئەو ووشەیەش لە ئەنجامی خەزن بوونییەوەیەتی لە نێو نەستی هەموو تاکێکدا، دواتر لە دیمەنەکانی داهاتوودا ووشەی ساغ و مانابەخشی هێنایە بوون، کە ووشەکان بەرەنجامی دەقئاوێزان بوونی چەند تێکستێکی (صامۆئیل بیکیت) بوو، بەڵام بەڕاستی و تێکهەڵکێش و ئامادەکردنێکی جوان بوو ، واتە هیچ کات هەست نەدەکرا کە ووشەیەك یان ڕستەیەك زیادە و شوێنی نییە، لە کۆتاییشدا هەمان دیمەنی دەستپێکی دووبارەکردەوە کە ئەمەش دەلالەتی ئەوە دەبەخشێت هەمیشە مێژوو خۆی دووبارە دەکاتەوە و هەمان ڕووداوەکانی پێشوو ڕوودەدەنەوە، کاردۆ لە هۆرۆسکۆبدا توانی ئەتمۆسفێرێکی تەواو ئاینی دروست بکات، ئەمەش ڕاستەوخۆ پەیوەندی بەو بیروباوەڕەی دەرهێنەرەوە هەیە کە بەراستی هەڵگری بیروباوەڕی ئیسلامیکی جوان و سادە بەڵام قووڵە، ئەو لە ڕێگەی دانانی پێڵاو لە دەرەوەی شوێنی نمایش و دانانی شوێنێکی تایبەت بۆ پێڵاوەکان و پرژاندنی گوڵاو بە نێو دەستی بینەردا لە کاتی هاتنە ژوورەوەیاندا و داگیرساندنی بوخورد و دانیشتنی بینەر لەسەر پارچە ڕاخەرێك کە هاوئاستی شوێنی نواندن بوو، ئەمانە و چەند شتێکی تر بینەری گەیاندە ئەو بڕوایەی کە دەرهێنەر مەبەستیەتی بڵێت:شانۆ هێندەی مزگەوت و بگرە زیاتریش پیرۆزە لەلای شانۆکارە جددیەکان و ئیدی دەبێت قودسیەتێکی وەها بە شانۆ ببەخشرێت کە هەموو جۆرە کەسێك نەتوانێت دەستی تێوەر بدات و بە ئاگاییەکی کامڵەوە مامەڵە لەگەڵ شانۆدا بکرێت.

هۆرۆسکۆب شێوەیەك لە شانۆی ڕەشی چیکۆسلۆڤاکی وەرگرتبوو بەوەی کە شوێنی نمایش بە تەواوی بە پەڕۆی ڕەش داپۆشرابوو و تەنها گڵۆپێك لەسەقفدا بەسترابوو و

هــەموو جەختکردنەوەیــەکی دەرهێنــەر لــە مۆمــە داگیرساوەکان بوو، هەر ئەمەش وایکردبوو کە کەشێکی شانۆیی وچێژبەخش دروست بکات.

ئەگەر لەکرداری سێکسدا گەیشتن بە پلەی ئۆرگازم هەبێت (واتە ترۆپکی چێژ)، ئەوا من لەم نمایشەدا و بە تایبەتی لــەبینینی دیمــەنی بەیەکگەیشــتنی دوو کارەکتەرەکــەدا (فلادمێر و ئیستراگۆن ) گەیشتم بەو چێژە، ئەوەش ڕەنگە ئەگەر کەسێکی تر ئەو ڕۆڵە بەرجەستە بکات وانەبێت، چونکە ئەوە تەنها کاردۆ بوو کە لە ڕێی نواندنی ئەو ڕۆڵەوە گەیاندمی بەو چێژی ئۆرگازمە، مانایەکی تری قوڵی ئەم ئیشە لەوەدا بوو کە تەواوی شوێنی نمایشەکە بە شریتی ڤیدیۆیی تەنرابوو، ئەمەش دەلالەتی ئەوەی دەبەخشی کە زاکیرە و ڕابردووی تاکی ئەم کۆمەڵگایە هەمووی پەرش و بڵاو بووەتەوە و پێویستی بە عەقڵێکی کامڵ هەیە بۆ ئەو سەرلەنوێ کۆکردنەوە و ڕێکخستنەوەی، لە شوێنێکی تر کارەکتەرەکان بەشێك لەو شریتەیان کۆکردەوە و هێنایان لە ژێر دارەکەدا دایاننا و وەلائی خۆیان دووپات کردەوە و ڕایانگەیاند کە: ئێمە هەمیشە لە بەردەم شتە پیرۆزکراو و تەوتەمەکاندا خاوەنی هیچ شتێکی خۆمان نین، تەنانەت یادەوەری و ڕابردووشمان، پاشان دانانی سێنتەرێك لە شوێنی نواندنەکە و لە بەشێك لە دیمەنەکاندا پیرۆزکردنی سێنتەرە و لە دیمەنێکی تردا شکاندنی ئەو پیرۆزییە و نەهێشتنی ئەو تەلیسمە وەهمییەی چوار دەوری شتە پیرۆزەکان گەیاندمانی بەو بڕوایەی کە هیچ شتێك شایانی تەقدیسکردن نیە و پێویستە هەموو شتێك وەکو خۆی مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت، خاڵێکی تری گرنگی ئەم ئیشە لەوەدا بوو کە لە هەندێك دیمەندا کارەکتەر وجوودی نەدەما و فیگۆر نوێنەرایەتی دەکرد، وەکو بینیمان لە یەك







کاتـدا هـەردوو ئەکتەرەکـە نوێنەرایـەتی یـەك کارەکتـەریان دەرکرد،ئـەویش لـە دیمـەنی دەسـتبەرداربوونی ژیـان و خـۆ خنکاندنەکـەدا بـەڕوونی دەرکـەوت، کـە ئەمە دەچێتە قاڵبی شـانۆی توندوتیژی و پێرفۆرمانسـییەوە، ئەمـەش ئـەوە دەردەخـات کـە دەرهێنـەر بـە ئاگاییـەکی زۆرەوە ئیش دەکات و ئاگاداری تـەواوی گۆڕانکارییەکانی شانۆیە.

سـەرەنجام ئەگەینـە ئـەو بڕوایـەی کـە هۆرۆسـکۆپ جیـاواز بـوو لەزۆربـەی نمایشـەکانی کـەرکوکیش جیاواز بـوو و تـەرکیزی شـانۆکارانی بـەلای خۆیـدا ڕاکێشا. تاکـە سـەرنج مـن لـەم ئیشـەدا ئەوەیە کـە کاریگەرییـەکی ڕاسـتەوخۆی ئەزموونـەکانی تیپـی شـانۆی ئەزموونگەری پێوە دیار بوو، هەرچەندە دەرهێنـەر بـۆ خـۆشی لـە پڕۆگرامەکەیدا ئامـاژەی بـەوە دابـوو کـە ئـەم نمایشە کاریگـەری ئەزموونگـەری بەسـەرەوەیە.

بەڵام هەندێك دیمەن هەبوو ئەو کاریگەریە بـە زەقـی دەبینـرا وەك لـەو دیمەنـەدا دەردەکەوێت کە یـەکێك لە کارەکتەرەکان هـەوڵ دەدات سـێکس لەگـەڵ ئـەویتردا بکـات، یـان لـە بـەکارهێنانی دەف و دەربڕینـی دەنـگ لـەپاڵ دەفەکـەدا کـە هاوشێوەی دیمەنێکی بانتۆمایمی (سەگ و دەف) بوو، بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا ئەوەی کە کاردۆ لەوانی تر جیا دەکاتەوە ئەوەیە کـە ئـەم دان بـە حەقیقەتەکانـدا دەنێـت، هەرچـی ئـەوانیتر بـە ئاشـکرا لاسـایی ئەزموونـەکانی ئـەو تیپـە دەکەنـەوە و خۆیان لەو ڕاستییانە گێل دەکەن.

# هۆرۆسکۆب.. ئەزموونێک بەدوای جیاوازی دەگەڕێت

نیهاد جامی

هەوڵدان بۆ نمایش و پڕۆژەی جیاواز ئەوە نیە لەئەزموونە نوێیەکانی گرووپی تر نزیك بکەوینەوە، بەڵکو بۆ ئەوەی ئەزموونگەر بین وپڕۆژەی ئەلتەرناتیف بنیات بنێین پێویستمان بەوەیە هەوڵدانی جیاواز لەو نێوەندە بێنینە دی، بەداخەوە زۆربەی هەوڵەکان لەبزوتنەوەی شانۆی کەرکوکدا هێندەی ویستراوە کۆپی ئەزموونەکانی تیپی شانۆی ئەزموونگەری بێت لەڕێگەی پەنابردنە بەر هاتنە دەرەوە لەهۆڵ و کارکردن لەڕێگەی بانتۆمایم بەو ئومێدەی بیانکات بە ئەزموونکار، بێئاگا لەوەی ئەوان جگە لە لاسایکاریەك لەم کارە شتێکیتر ئەنجام نادەن، ئەو شانۆکارانە ئەگەر بیانەوێ ببن بە ئەزموونکار پێویستیان بەوەیە ئەزموون وهەوڵەکانیان بەرەنجامی بیرکردنەوەی عەقڵی خۆیان بێت، نەك لەژێر کاریگەری ئەزموونی گرووپیتر لاسایی بکەنەوە، دیارە لەو بوارەدا کاریگەری شتێکی سرووشتیە، بەلام ئەوەی ناسرووشتی خۆی دەنوێنێ ئەو کاریگەریە ڕێگەی ئەوەمان نەدات جیاوازیەکانمان تۆخ بکەینەوە نەك لێکچوونەکان، لەو نێوەندەدا چەندین هەوڵی ئەزموونکاری دراوە کە ویستوویانە مۆرکی خۆیان لەو بزووتنەوەیە دەربخەن، ئەوانەش (کورسیەکان) ی کۆسرەت عەبدولرەحمان و (گۆرانی چایکا) ی فریاد ئەحمەد و () سیروان بێلانە، بەلام ئەو ئەزموونانە هەرچەندە بەنمایشێك ناتوانن خاسیەتە ناتەباکانی خۆیان دەربخەن، بەڵکو پێویستیان بە پڕۆژەی شانۆیی درێژ هەیە، بەتایبەت هەوڵی کۆسرەت وفریاد لەبواری ئەزموونی مۆنۆدرامادا کە توانیان تێگەیشتن لە ئەزموونگەری لەو چەمکە دەست نیشان کراوە دەرباز بکەن، وەك چۆن بۆ بێلانە ئەزموونەکە هێشتا پێویستی بە قووڵ بوونەوەو تێڕامانی زیاتر هەیە تاوەکو بتوانێ بەرەو ئەزموونی ئەلتەرناتیف وجیاواز هەنگاو بنێت، ئەوە سەرباری هەر تێگەیشتنێکی سەرەتایی بۆ ئەو سێ ئەزموونە، بەلام ئەوەی دەتوانێ بانگەشە بۆ پڕۆژەیەکی ئەزموونکاری جیاواز بکات، دوور لە لاسایی کاری وقووڵ بوونەوە لەناو ئیشکردن بە ئاقارو مانای تر، ئەوە نمایشی (هۆرۆسکۆب) ی کاردۆ- یە.

ئەم نمایشە لەوە دەردەچێت هەڵگری گوتارێکی دەست نیشان کراو بێت، چونکە لەگەڵ خۆیدا چەندین پرسیاری جیاواز دێنێتە کایەوە، ئەوە هەوڵێکە بۆ ئەزموونێکی ئەلتەرناتیف، ئەزموونێك دەیەوێت لەئەزموونیتر نەچێت، هەر لەسەرەتاوە لەفۆڵدەری کارەکەی بانگەوازێك بلاو دەکاتەوە، بۆ گفتوگۆکردن لەسەر ئەزموونەکانی تیپی شانۆی ئەزموونگەری کەرکوك، ئەو بانگەوازە بۆ ئێمە بەهەستکردن بە بەرپرسیاریەتیەکی ئەخلاقی دەزانین، بەتایبەت کە ئەو ئەزموونە لەئێمە نزیك نابێتەوە هێندەی بەدوای پڕۆژەیەکی ئەلتەرناتیف دەگەڕێت، کە لەو ووتارەدا دەمانەوێ لەسەری بووەستین.بینەران پێلاوەکانیان دادەکەنن بەناو دەروازەیەك دەچنە ژوورەوە، ئەو چوونە ژوورەوەیە سەرەتای ئێنتیماکردنی بینەرە بۆ ناو سرووتێکی تایبەتمەند، ئەوە قووڵ بوونەوە بوو بۆناو ناخی مرۆڤ، بۆیە چوونە ژوورەوەکە دەتوانین بە ئەندامی سێکسی دایك ناوی بەرین، کە ئەو هەموو ئۆدیب و ئەلیکترایە پێیدا چووینە ژوورەوە، یاخود لەتەئویلێکیتردا دەتوانین ناوی بەرین بەو ئەشکەوتە تاریکەکەی مرۆڤ کە نیتچە ئاماژەی بۆ دەکات، کاتێ بەچرایەکەوە بەدوای یەزدان دەگەڕێن، ئەوە سەرەتای بەریەکەوتنی ئەم نمایشەیە لەگەڵ پرسیارەکانی نیتچە. نمایشەکە ئێمە لەناو مناڵدان دادەنێت، یاخود دەمانخاتە قووڵایی زەویی تا



بێهودەیی ژیانمان بۆ دەربخات، شێوە دانیشتنی ئێمە و سرووتی شوێن لەڕێگەی مۆم وبخور ڕیتوالێکی ئاینی بنیات دەنا، ئەوە گەمەکردنی بێهودەیی ژیان بوو لەناو میتافیزیکیا، پرسیار بوو لەبیرۆکەی چاوەڕوانی،

لەداماڵینمان لەهەستی مرۆیی بەرەو ئاژەڵ بوون، لێرەوە پەیوەندیی نێوان ئەکتەر وبینەر پەیوەندیەکی حەتمیە لەسەر پرسیار، بۆیە بەریەکەوتنی حەتمیەتی هەردووکیان پرسیاری بێهودەیی دەگۆڕێت بۆ پرسیاری ئەنتۆلۆژی، ئەوە گەڕانەوە بوو بۆ پرسیارەکەی نیتچە کە دەپرسێت "ئایا چیدیی مانایەك بۆ بەرزو نزم ماوە؟ ئایا ئێمە نوقمی ناو نەبوون نین؟ ئایا شەوێکی زۆر تاریکتر وقوڵتر گەمارۆمان نادات؟ ئایا سپێدان پێویستمان بە چرا نیە؟ ئایا هێشتا گوێمان لەو گۆڕ هەڵکەنانە نیە کە گۆڕی خودا هەڵدەکەنن؟ ئایا ناتوانین بۆنی داڕزانی پیرۆزی بکەین؟"

ئەوانە پرسیار بوون لەبارەی بوون و مەرگی میتافیزیکیا، ئەنتۆلۆژیەتی ئەم نمایشە هیچ لەو پرسیارانەی ڕاستەوخۆ ئاراستە نەکردین، بەڵکو لەڕێگەی دەنگ وجولەوە ویستی ئەو پرسیارانەمان لەناو بروورژێنێت، لێرەدا خوێندنەوەی نمایشەکەش گومانێکیترمان ڕووبەروو دەکاتەوە، لەبارەی ئەو پێکهاتە درامیەی کە تێکست درووست دەکات، تێکستێکی نووسراو نیە، بەڵکو دیدێکی پانتاییە بۆ شانۆ، ئەوە بەدەنگ کردنی ووشە وبەجولەکردنی دەنگە، بۆیە بیرۆکەی گشتی (چاوەڕوانی گۆدۆ) و قەسیدەی (هۆرۆسکۆب) ی بیکت بۆ کاردۆ دەبێتە ئەتمۆسفێری گشتی نمایشەکە، ئەتمۆسفێرێك فێرمان دەکات بیکت و بیرۆکەی چاوەڕوانی لە ناوکۆییەکی ئاینیەوە بنیات بنێین، کە ئەوەش مەبەستی سەرەکی شانۆی ئەزموونگەریەو هەریەکە لە ئاڕتۆ و گرۆتۆفسکی لەپڕۆژەی جیاواز خستوویانەتە ڕوو. ئەو ناوکۆییە ئاینیە لەپێناو بە پیرۆز

کردنی ئاین نیە، وەك چۆن لێدانی نیتچە لە مەسیح خۆی نەبوو بەڵکو لەمەسیحیەتە، ئەوانەی توانای ئەوەیان نیە متمانە بکەنە سەر خۆیان، دەیانەوێ مەسیح خەمیان بخوات نەك خۆیان خەم لەخۆیان بخۆن.ۆیە ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ بەشێکی پرسیارەکەی نیتچە و لەوێوە سەیری نمایشەکە بکەین باشتر تێگەیشتنەکەمان دەخرێتە ڕوو، نیتچە دەپرسێت " ئایا هێشتا گوێمان لەو گوڕ هەڵکەنانە نیە کە گۆڕی خودا هەڵدەکەنن؟ ئایا ناتوانین بۆنی داڕزانی پیرۆزی بکەین؟" ئەو پرسیارە مردنی ئەو دیدە خورافیەی ئاینە، مردنی خودا مەرگی عەقڵی ئاینپەروەرەکانە، بەمانای چەمکێکی مەجازیە، ئەوە داڕزانی پیرۆزیە، بەواتایەکیتر بەتاڵبوونەوەی سیحری موقەددەس بوونە، ئەوانەی توانای پرسیاریان لەنمایشی شانۆیی نیە، شانۆکاری ئەزموونکار ئەو مەخلووقەیە لەڕێگەی پرسیارەوە یەقینەکانی دەگۆڕێت بۆ خوێندنەوەو بەزمان هاتنی شانۆ. ئەوە بەتاڵکردنەوەی مانا ئاینیەکانی ڕیتواڵ و نووسینەوەیەتی لەناو مانا شانۆییەکان، مانایەك پرسیاری ئەوە بۆ بینەر بنیات دەنێت کە دەقی بیکت وچاوەڕوانی گۆدۆ توانای بنیاتنانەوەی هەیە لەڕێگەی سیستمێکی ئاماژەکاری دەنگ وجولە، ووشە تەنیا بونیادێکە ئەگەرچی دەنگ وجولە دەیانەوێ ڕۆحی ووشە بەرجەستە بکەن، بێهوودەیی ژیان وسرووتە شانۆییەکە لەڕێگەی تەواوی بونیادەکانەوە ئیش لەدامەزراندنی ئەزموونێك دەکات کە هەموو ڕەگەز وکەرەستەکانی بەکار بێنێت، کاتێ بینیمان کاردۆ ووتی "ئەها پێئەکەنم" دەیویست بە پەنجەکانی ڕووخساری بکات بە گاڵتەجار بەوەی بەختەوەرو شادوومانەو پێدەکەنێ، ئەوە پڕۆسەیەکی ئەرکیۆلۆژی بوو لەسەر کارەکتەری فلادیمێر وگاڵتەجاریەکانی بنیاتنرابوو، سەرەتایەکە بۆ پڕۆژەیەکی شانۆیی کە چاوەڕوان دەکرێت دەرهێنەرەکەی لەئەزموونەکانی دواتر ئاراستەیەکی جیاواز بۆ ئەزموونی شانۆییمان دۆزێتەوە.